دیوانی

ئەسیری

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین

سەرنووسەر: بەدران ئەحمەد حەبیب

* * *

ناونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، گەڕەکی خانزاد، هەولێر

دیوانی

ئەسیری

ئامادەکردن و پێشەکی

د. کوردستان موکریانی

پێداچوونەوە و بەراورد:

ئەحمەد تاقانە

ناوی کتێب: دیوانی ئەسیری
ئامادەکردن و پێشەکی: د. کوردستان موکریانی
پێداچوونەوە و بەراورد: ئەحمەد تاقانە
بڵاوکراوەی ئاراس- ژمارە: ٤٧٧
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە و بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: جەلال ئەلیاس
سەرپەرشتیی چاپ: ئاوڕەحمانی حاجی مەحموود
چاپی یەکەم، هەولێر- ٢٠٠٦
لە کتێبخانەی گشتیی هەولێر ژمارە (٥٢٠)ی ساڵی ٢٠٠٦ی دراوەتێ

وتەیەکی پێویست

یەکێک لەو کارانەی کە دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، ساڵانێکە گرتوویەتییە ئەستۆ، چاپکردنەوەیەکی ورد و تێروتەسەلی دیوانی شاعیر «ئەسیری»یە. ئەسیری، یەکێکە لەو شاعیرانەی چەند جارێک دیوانی لە چاپ دراوە و لێکۆڵینەوەی لە بارەوە نووسراوە؛ بەڵام وێڕای ئەوەش کەموکورتی بەسەرجەم دیوانەکەیەوە دەبینرێ.

د. کوردستان موکریانی، دەفتەرێکی دەستنووسی خستە بەردەستی دەزگای ئاراس کە ژمارەیەکی زۆر لە شیعرەکانی ئەسیریی بەدەسخەت تێدا نووسرا بووە و ئەم دیوانە وەک دەردەکەوێ، ئەسیری کاتی خۆی پێشکێش بەگیو موکریانیی کردووە بۆ ئەوەی لە چاپخانەکەی خۆیدا لە چاپی بدات.

سەرەتا، هێنانە سەر ڕێنووسی نوێی کوردی ئەم دیوانەمان سپاردە نووسەر عەزیز حەریری. پاش تاوتوێ کردن و بەراورد دەرکەوت، کارەکە نیوەچڵە؛ بۆیە کارەکەمان هێشتەوە تا پاش چەند ساڵێک ڕوومان لە نووسەر ئەحمەد تاقانە نا بۆ ئەوەی هەم بەسەرتاپێی کارەکە بچێتەوە و هەمیش بەراوردی بکات لەگەڵ دیوانە چاپکراوەکانی پێشووی ئەسیریدا.

ئەحمەد تاقانە، عاشقانە کەوتە دوای ڕاپەڕاندنی ئەم کارە و زۆریشی پێوە ماندوو بوو. چەند مانگ، بەوردی کاری لەم دیوانەدا کرد و ئەوەی پێشکێش دەکرێت ڕەنج و ماندووبوونی بێ وێنەی ئەوانی پێوەیە.

دەزگای ئاراس لە کاتێکدا کە شانازی بەم کارەوە دەکات، ئەوەشی لە

بیر ناچێ کە سوپاسی بێ ڕادەی بەدەنگەوە هاتن و هاوکاریی بەڕێز د. کوردستان و ئەحمەد تاقانە و سەرجەم ئەو برا بەڕێزانە بکات کە لەم دیوانەدا ئەرکیان کێشاوە بەتایبەتی عەزیز حەریری و شێرزاد فەقێ ئیسماعیل و ژمارەیەک لە کارمەندانی دەزگای ئاراس. کاری پێکەوەیی هەمیشە کاملتر و بەرچاوترە لە کاری تاکە کەس. دیوانی ئەسیری نموونەیەکە بۆ ئەم بنەمایە. د. کوردستان موکریانی کارێکی گرینگی ئەنجام دا کە سەرپەرشتیی ئەم پرۆژە شایانەی گرتە ئەستۆ، بەمەش گەلێک تەمومژی نارەوای ڕەواندەوە. دەزگای ئاراس - هەولێر ١٢ حوزەیران ٢٠٠٦

کاری من لەم دیوانەدا

دەزگای ئاراس-ی فرە بەرهەم و ئاست بەرزی هونەری و زانستی، بەسوپاسەوە، ڕوویان لێنام، منیش (وەک کەرکووکییەک) بەشداری لە کارگوزارییەکانی ئامادەکردنی دیوانی (ئەسیری)ی نیشتیمانپەروەری ناسراوی کەرکووکیدا بکەم، ئەوەبوو بەسوپاسەوە بەدەنگیانەوە هاتم، کارەکەی منیش بەمجۆرە بوو: پێشتر دەستنووسەکەی شاعیر کە خۆی داویەتیە لای مامۆستا گیوی موکریانی-ی خوالێخۆشبووی نەمر، کاری لەسەر کرابوو... بەڕێنووسی تازە نووسرابووەوە و کۆمپیوتەر و هەڵگری کرابوو... من لێرەوە هاتمە ناو کارەکەوە... بەراوردێکی دیکەی وردی دەستنووسەکە و چاپکراوەکەم کردەوە و یەک دوو جاری دیکەش هەڵەگریم ئەنجام دا.

لە دەستنووسەکەدا هەندێک وشە و دێڕ و نیوە دێڕ دەستکاری کرابوو یان هێڵیان بەسەردا کێشرابوو بۆ ئەوەی لابرێن... ئەوانەم هەموو دانایەوە و لە پەراوێزەکاندا ئاماژەم بۆ هەر هەموو ئەوانە کرد... هەرچییەکیش لەبەر کێش و واتاکەی... (من خۆم) دەستکاریم کردوون کە زۆر دەگمەنن، ئەوانەشم لە

پەراوێزدا ئاماژە بۆ کردوون.

هەندێک وشە، زۆر بەپێویستم زانیوە واتایان لێک بدەمەوە، بەکورتی لە پەراوێزەکاندا دامناون.

هەروەها هەندێک لێکدانەوەی (ژماردن)ی دێڕ یا ڕستەی بەپێی پیتی ئەبجەدی کە لە دەستنووسەکەدا نەبوو لێکم داونەتەوە و بەهیجری (کۆچی) و بەزایینی مێژووەکانم داناوە.

هەروەها بەراودرێکی شیعرەکانی دەستنووسەکەی مامۆستا (گیو) و دوو بەرگە دیوانەکەی کە لەلایەن مامۆستای هێژا (مستەفا عەسکەری)یەوە چاپکراون، کردووە و هەر جیاوازییەکم لە نێوانیاندا بەرەچاو کەوتووە، شوێن و لاپەڕەکانیان لە چاپەکاندا، لە پەراوێزدا دەستنیشانم کردوون و ئاماژەم بۆ کردوون.

ئینجا دیوانەکەم سەرلەنوێ بەپێی ڕیز بەندیی سەرواکانیان ڕێزکردووەتەوە، بۆ ئەوەی خوێنەر هەر شیعرێکی ویست لەو پێڕستەدا کە بۆی ڕێکخراوە بەپێی ڕیزبەندیی سەرواکانیان بەزوویی دەستیان بخات و... هەر وەکو لە ئامادەکردنی دیوانە شێوە کلاسییەکاندا باوە. هیوادارم کارێکی باشم کردبێ. ئەحمەد تاقانە - کەرکووک.

پێشەکی

سەرەتای ئەم پێشەکییە بەگێڕانەوەی چیرۆکێک دەست پێ دەکەم، کە هێندێک جار بەناڕەوا بۆمان هەڵ دەبەسترێت و بنەماڵەی ئێمە دووچاری دەبێت؛ ئەویش لە ئەنجامی پاراستنی ئەو سامانە دەوڵەمەندەی بەرهەمی بیری نووسەرانی کوردە، کە لەکاتی خۆیدا حوزنی مامم و گیوی باوکم کۆیان کردۆتەوە.

ڕەنگە لە دەستپێکدا ئەو باسەی لەم شوێنەدا بۆتانی دەگێڕمەوە، تۆزێک نامۆ بێت؛ بەڵام دواتر بەندیواری بەو دیوانەوە ڕوون دەبێتەوە.

بەڕێز مستەفا عەسکەری لەساڵانی ١٩٨٧[١] و ٢٠٠٠[٢] دا بەرگی یەکەم و دووەمی دیوانی ئەسیری لەچاپ دا و دەستخۆشی لێدەکەم، بەڵام لەڕووی ئەوەی لە پێشەکی هەردوو کتێبەکەیدا لەو دیوانەی بەردەست و لەبەهەشتی گیوی موکریانی باوکم و من بەجۆرێک دواوە، پێویستی بەڕوونکردنەوەی هەیە؛ جا بۆ ئەوەی بابەتەکە ئاشکراتر و سوودبەخشتر بێت، وام بەباش زانی کە ئەو لایەنانەی لەپێشەکی هەردوو دیوانەکەدا بەندیواری بەئێمەوە هەیە هەروەکو خۆی بخەمە ڕوو:

لەپاش چەند ساڵێک، کە لە ماڵی خاڵۆم پرسی، بۆم دەرکەوت کەوا دوای ئەسیری- خوا لێ خۆش بوو- ڕەشید سیدقی، دیوانەکەی بردۆتە لای

(١)مستەفا عەسکەری. دیوانی ئەسیری. بەرگی یەکەم. بەغدا ١٩٨٧

(٢)مستەفا عەسکەری. دیوانی ئەسیری. بەرگی دووەم (؟) ٢٠٠٠.

مامۆستا گیوی موکریانی- کە دۆستێکی گیانی بەگیانی ئەسیری بوو لە ژیانیدا- بەنیازی چاپکردنی. ئێمەش، کەس و خزمی ئەسیری بەتەمای لە چاپدانی دیوانەکەی ساڵانێکی زۆر چاوەڕێمان کرد. پاشان هەوڵماندا دیوانەکە وەرگرینەوە؛ بەڵام بێ سوود بوو، مامۆستا موکریانی خۆی بەدەستەوە نەدا.

لەدوای کۆچی موکریانی هەوڵێکی زۆرمان لەگەڵ دکتۆر کوردستان موکریانی دا، من خۆم چەند جارێک چوومە لای، ئەم هەوڵەش بێ سوود بوو، بە هەر مەرجێک بێ توانیم چەند شیعرێکی «ئەسیری»ی لە کەشکۆڵێکی موکریانیدا بوون- لەدکتۆر کوردستان وەربگرمەوە. ئەوەی جێی داخە مامۆستا گیو و دکتۆر کوردستان دانیان دەوە دانا کە دیوانەکەیان لایە، بەڵام بیانوویان دەهێنایەوە بۆ نەدانەوەی، لەم دواییەدا چوومەوە لای دکتۆر کوردستان بۆ داواکردنەوەی دیوانەکە. لەوەڵامدا دکتۆر دەڵێ «لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری کتێبی تردا فەوتاوە».

لەڕاستدا شیعری ئەسیری گەلێک لەوە پترن، کە لەم دیوانەدا بۆمان کۆکراوەتەوە. کۆمەڵە شیعرێکی زۆری هەیە کە دەستی ئێمەیان پێنەگەیشتووە و نەمانتوانیوە چاپیان بکەین؛ بەتایبەتی لەبەر ئەوەی دەستنووسەکەی ئەسیری خۆی لەکتێبخانەکەی مامۆستا موکریانیدا بەندەو بە کەفالەتیش بەڕەڵا ناکرێ؛ یان لەبەر هەندێ هۆی تر.

... خوالێخۆش بوو گیو موکریانی بەداگیرکردنی دەستنووسەکەی ئەسیری، کارێکی وای کرد کە هیچ کەسێک خۆی لە بواری دیوانی ئەسیری نەدا. (مستەفا عەسکەری ١٩٨٧).

لەپێشەکی بەرگی دووەمی دیوانی ئەسیری دا مستەفا عەسکەری هەر لە بارەی هەمان بابەتی لە ژووروو باسکراودا دەڵێت:

گەر دەستنووسەکەی «ئەسیری»مان دەست بکەوتایەوە- کە کەوتۆتە لای

بنەماڵەی گیو موکریانی ئەم هەموو لەسەر نووسین و پاکانە و چەندوچوونەی نەدەویست. بەڵام ئەوەی جێی داخە د.کوردستان موکریانی سەرەڕای ئەوەی دەستنووسەکەشی بۆ ئێمە نەناردووە، بۆنی گلەییش لەدەمی دێ. وابزانم هەندێ شتی وا هەیە کە دکتۆر خۆی دەزانێ و منیش باسم نەکردوون؛ دەبوو هۆی ئەوە بێ دکتۆریش لەسەری نەڕوا. بالێرەدا کۆتای بێ.

هەر لەبەرگی دووەمدا نامەیەکی کەمال ڕەئووف محەمەد بڵاوکراوەتەوە، تێیدا وا باسی ئێمە دەکات:

...بووژانەوەی «ئەسیری» لەم ڕۆژگارەدا بەپێی دەرفەتی، زۆر بەکەڵک بوو؛ ئەگەرچی هیوام زۆر بوو هەموو شیعرەکانی بووایە، بەڵام خۆت وتەنی، کچەکەی گیوی مەرحووم، دیوانەکەیان بەندکردووە و بەکەفالەت بەرەڵای ناکەن. (مستەفا عەسکەری ٢٠٠٠)

پێوەندی ئەسیری بەبنەماڵەی ئێمەوە بۆ ساڵی ١٩٢٦ز. دەگەڕێتەوە؛ بۆ سەردەمێک، کە هێژ مستەفا عەسکەری نەهاتبووە دنیا. لەو کاتەدا حوزنی موکریانی بەدەیان هۆنراوەی نیشتمانی ئەسیری لە کۆڤاری زاری کرمانجی (١٩٢٦-١٩٣٢)دا دواتر گیوی باوکم لە گۆڤاری هەتاو(١٩٥٤-١٩٦١) بڵاوکردۆتەوە؛ یانی بنەماڵەی ئێمە ڕۆڵێکی دیاریکراویان هەبووە لە ناساندنی هۆنراوەکانی ئەسیری بەکورد و پاراستنی لە نەمان. بەڵام لەبەر ئەوەی مستەفا عەسکەری لەم بوارەدا نامۆیە، بەڵگەشم بۆ نەشارەزایی مستەفا عەسکەری لەدنیای پاک و بێگەردی وێژەدا، ئەو وشە یاساییانەیە کە بەرامبەر بەتاوانبارێک بەکاردێت، کەچی ئەو بەرامبەر من و باوکم بەکاری هێناوە؛ وەک: خۆ بەدەستەوەدان، بەندبوون، کەفالەت. بەرەڵاکردن، داگیرکردن ، دان پێدانان، بیانووهێنانەوە و... من لە مستەفا عەسکەری ناگرم؛ چونکە زانیاری گشتی لەیاسا تێنەپەڕیوە و هەموو کەسێک لای ئەو تاوانبارە.

مرۆڤی ئاواش لەدنیای ناسکی شیعر ناگات و نرخی ئەو ڕاژە نازانێت، کە خانەوادەی ئێمە لە بواری بیری کوردایەتیدا پێشکێشی کوردمان کردووە.

مستەفا عەسکەری چەند جارێک وشەی «وەرگرتنەوە، گەڕاندنەوە» بەکاردێنێت؛ من نەک پەڕێک بەڵکو تاکە پەیڤێکم لەو وەرنەگرتووە تا بۆی بگەڕێنمەوە. گیوی موکریانیش هەر دەستنووسێکی مافی ئەوەی نییە، لێی وەربگرێتەوە؛ لەگەڵ ئەوەشدا یارمەتی دەیان وەک مستەفا عەسکەریمان داوە، بۆ ئەوەی سوود لەو دەستنووسانە وەربگرن، کە ئێمە لە نەمان ڕزگارمان کردوون.

لەکۆتایی ساڵانی هەفتای سەدەی ڕابوردوودا لەلایەن ڕژێمی بەغداوە، بڕیارێک لە بارەی ئەو دەستنووس و بەڵگەنامانە دەرچوو، کە لە ماڵان پارێزراون؛ تێیدا داوا لە خاوەنەکانیان دەکات، کە دۆکومێنتەکان بە بنکەی بەڵگەنامەی بەغدا بسپێرن و وێنەیەک لەو نامەیە ئاراستەی ماڵی ئێمە کراو داوامان لێکرا، کە بەزووترین کات داخوازەکەیان بهێنینە دی.

ئێمە هەردەم ئارەزووی ئەوەمان کردووە، کە لایەنێکی ڕۆشنیری باوەڕپێکراو هەبێت، ئەو دەستنووسانەمان لەخۆی بگرێت و بەشێوەیەکی هاوچەرخانە بیانپارێزێت؛ تا سوودبەخشترین؛ چونکە سامانێکی نەتەوەیی بەنرخی بیری کوردە. بەڵام هەرگیز لەگەڵ ئەوەدا نەبووین، کە بەڕژێمی بەغدای بسپێرین و ئەویش بەمەبەست لەنێویان بەرێت. هەر لەو ڕوانگەوە، لەدوای ئەو بڕیارەی بەغدا ماڵەوەمان خێرا هەرچی دەستنووسی بەنرخ هەبوو، بەبێ ئەوەی لیستێکی بۆ بکەن وەیا هەتا بیانژمێرن بەسەر چەند ماڵێکی گومان لێنەکراودا دابەش کرد؛ تاوەکو لای خۆیان تا ماوەیەک بیپارێزن.

لەو زەمانەدا بوو، کە بەڕێز مستەفا عەسکەری پێوەندی پێوە کردم و باسی ئەو دەستنووسەی بەردەست و نیازی چاپکردنی کرد. منیش بەبێ

ئەوەی باری ئەو دەستنووسانەی بۆ ڕوونبکەمەوە، تکام لێ کرد کە مۆڵەتم بداتێ، تا هەوڵبدەم بۆی پەیدابکەم. ئەمە لەلایەک و لەلایەکی دی من لە زانکۆی سلێمانی کارم دەکرد و دەستنووسەکانیش لە هەولێردا بەسەر مالآندا پەرشو بڵاو کرابوون.

مستەفا عەسکەری لەبەرگی دووەمی دیوانی ئەسیریدا دەڵێت: بەڵام ئەوەی جێی داخە د.کوردستان موکریانی سەرەڕای ئەوەی دەستنووسەکەشی بۆ ئێمە نەناردەوە، بۆنی گلەیش لەدەمی دێ. وابزانم هەندێ شتی وا هەیە کە دکتۆر خۆی دەیزانێ و منیش باسم نەکردوون. ئەبوو هۆی ئەوە بێ دکتۆریش لەسەری نەڕوا. بالێرەدا کۆتای بێ.

لێرەدا دەمەوێت ئەو شتە باس بکەم، کە ئەو نەیویستووە باسی بکات:

لەسەرەتای دامەزراندنمدا لە زانکۆی سلێمانی(١٩٧٧) دووچاری گیروگرفتی خانوو پەیداکردن بووم، کرێی مانگانەی خانوویەکی زۆر ئاسایی، لەمووچەی مانگانەکەم زێتر بوو. هەر بۆیە دایک و خوشک و براکانم خانوویەکی خنجیلانەی لەگەڕەکی ئیسکانی نزیک زانکۆی سلێمانی کڕی، تاوەکو من لەو کێشەیە ڕزگارم بێت. لە کاتێکدا دەبا زانکۆ ئەو گیروگرفتەی بۆ چارەسەر کردبام و نەک هەر ئەوە، بەڵکو وەکو هەر مامۆستایەک داوای پارچە زەویەکم کرد؛ لە وەڵامی لێژنەی زانکۆدا– کەبە سەرۆکایەتی د.فەرهاد محەمەد ئەمین بوو– کە من لەدایکبووی هەولێرم پێویستە لەوێدا داوای زەوی بکەم. کەچی ئەوەندەی من ئاگادارم د.عامر الدهان لەدوای من بەچەند مانگێک لە زانکۆی سلێمانی دامەزرا، خێرا خانوویەکی زانکۆیان پێشکێش کرد و هەر هەمان لێژنەی ئەو خواستەی منی نەپەژراند و پارچە زەوییەکیان بۆ دکتۆری نێوبراو و دەیان مامۆستای دی، کە دوای ئەو هاتن، تەرخان کرد.

لەپایزیساڵی ١٩٨١دا زانکۆی سلێمانی بۆ هەولێر گوێزرایەوە؛ منیش

گەڕامەوە هەولێر. بەپێی ئەو مافەی کە ماڵەوە بەمنیان بەخشی، ئەو خانووەی سلێمانی بەڕێگەی تەلەفۆنی نێوان من و د.محەمەد نوری عارف بەماڵی ئەحمەد محەمەد ئەمین قادر، زاوای کەمال ڕەئووف، بەبێ هیچ گرێبەستێک بەمانگانەی ١٠٠(سەد) دیناری بە کرێ دا. کرێی چەند مانگێک نەدرا بەبیانووی ئەوەی شووشەی پەنجەرە شکاوەکانیان چاککردۆتەوە و دواتر مانگانە ٦٠ دیناریان بەدەستی ساسانی کوڕی نەسرین خانی درواسێ سلێمانیمان– کە لە زانکۆی سەلاحەددین خوێندکار بوو– بۆی دەناردینە هەولێر.

لەپایزی ساڵی ١٩٨٢دا بەفەرمانی دیوانی سەرکردایەتی شۆڕشی ڕژێمی بەغدا، کۆمەڵێک لە مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەددین لە کوردستان دوورخرانەوە و من و دکتۆر جەمالی هاوسەریشم بەرکەوتین؛ من بۆ وەزارەتی ڕۆشەنبیری و ڕاگەیاندنی بەغدا و ئەویش بۆ زانکۆی بەسرا. مانگانەی من لە ٣٦٠ (سێ سەد و شەست) دینارەوە بوو بە ١٠٥(سەد و پێنج دینار)، د.جەمالیش بەبێ مووچە مایەوە؛ چونکە نەیپەژراند بچێتە بەسرا، هەر لەبەغدا لەگەڵ من لەهوتێل مایەوە، کە شەوی بە ٧ حەوت دینار بوو. لەبەر باری نالەباری ئابووریم دایک و خوشکەکانم بڕیاریان دا کە کرێی خانووی سلێمانی، من وەریبگرم؛ تا ئاتاجی کەس نەبین. کەچی لە ٢٨ / ٤ / ١٩٨٣دا لەسەر داواکاری ئەحمەد محەمەد ئەمینی کرێچی، نووسراوێک بەناوی ئاگاداری ژمارە ٢٩٢٢٧م لەلایەن دایرەی کاتبی عەدلی سلێمانی بەدەست گەیشت، تێیدا داوام لێ دەکات، کە لەماوەی ١٥ڕۆژدا ڕووبکەمە سلێمانی بۆ وەرگرتنی ٤٠ دیناری کرێی خانووی باسکراو. هەڵبەت لەبەر ڕۆشنایی ئەو گرێبەستەی کە لەنێوان من و کرێچیدا مۆرکراوە، منیش ئەو ئاگادارییەم مۆر نەکرد و هەر بە ڕێگەی دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردیدا– کە فەرمانبەربووم تێدا– نامەیەکم لە ١٧ / ٥ / ١٩٨٣دا ئاراستە کردن و ئەوەم تێدا ڕوونکردەوە،

که من ئەو کرێچییەم نەدیوە و هیچ کەسێکیش لە بنەماڵەی ئێمە هیچ جۆرە گرێبەستێکی لەگەڵدا مۆر نەکردووە.

لەبەر ئەو ڕەفتارەی ناڕاستانەی کرێچییەکە، ماڵەوەمان بڕیاری بەتاڵکردنی خانووەکەیان دا، تا بیفرۆشن و خۆیان لەو سەر ئێشەیە ڕزگار بکەن و ڕاپەڕاندنی کارەکەشیان بە پارێزەر بەهەشتی نەزمی شاکر سپارد. لەگەڵ ئەوەی دۆخەکە لەبەرژەوەندی ئێمەدا بوو، کەچی دادگەی سلێمانی هەر لایەنگری ئەحمەد بوو؛ منیش بۆ زانینی ڕاستی ڕووداو ڕووم کردە سلێمانی. لەوێدا بۆم دەرکەوت کە مستەفا عەسکەری بووە بەپارێزەی ئەحمەد، لەدڵەوە نیگەران بووم، بەوەی هەر حکوومەتی بەغدا نانم نابڕێت، بەڵکو کوردیش دەمخاتە باری نەبوونییەوە. من ئەو نان بڕینەی بەغدام زۆر لا ئاسایی بوو؛ چونکە لەپێناوی کوردا بوو، بۆیە سەرفراز بووم پێی. بەڵام ئەوەی ئەحمەد و مستەفا عەسکەری نوواندییان لام گرانبوو؛ بۆیە ڕووی گلیەییم لە مستەفا عەسکەری کرد، کە چۆن ئەو پشتگیری لە کارێک دەکات هەر لەبنەڕەتەوە دۆڕاوە؟ لەوەڵامدا وتی: من بەڵێنی ئەوەت دەدەمێ، کە ئەحمەد محەمەد ئەمین لەو خانووە دەربکەم، بە مەرجێک دەستنووسەکەی ئەسیریم بۆ پەیدا بکەیت.

بۆ ئەم پێشنیازەی مستەفا عەسکەری، ڕووم کردە هەولێر و داخوازەکەی ئەوم خستە بەردەم ماڵەوەمان. لەگەڵ ئەوەی ئەو هەڵوێستەی مستەفا عەسکەری بەرامبەر بە ئەحمەد بۆ هۆی گومانی گفتەکانی، ماڵەوەمان وایان پێ باش بوو، کە ئەم هەلەیش تاقی بکەنەوە؛ بۆیە لەماوەی چەند ڕۆژێکدا ٤٤ (چل و چوار) لاپەڕەی دەستنووس، هەموویان هۆنراوەی ئەسیری بوون بۆیان ئامادەکردم و گوتیان: هەرچەندی لەو دەستنووسەی ئەسیری گەڕاین نەمان دۆزییەوە و دوور نییە، هێندێک لەو ماڵانە لە ترسان لەگەڵ چەند بەرهەمی دیدا سووتاندبێتیان؛ هەروەک زۆر جاری دی.

لە ٢٠ / ٣ / ١٩٨٤دا لە کەرکووکدا لە ماڵی باپیری منداڵەکانمدا هەر

چل و چوار لاپەڕەکەم دا بەدەستی مستەفا عەسکەری، بەو هیوایەی لەدوای سوود لێوەرگرتن، لە ماوەی دوو هەفتەدا بۆمی بگەڕێنێتەوە؛ کەچی لەدوای ساڵ و نیوێک بەدەستی دکتۆر عەلی عەسکەری خزمی لەبەغدا بۆی گەڕاندمەوە. مستەفا عەسکەری هەرگیز نەیدەتوانی دیوانی ئەسیری چاپ بکات، گەر من ئەو ٤٤ لاپەڕەیەم بۆ نەبردبا! کەچی لە پێشەکی دیوانەکەدا لە برێتی ئەوەی سوپاسم ئاڕاستە بکات و لەو یارمەتیدانە بدوێت، وەک دەبینن هەر زاراوەی یاسایی ئەوانەی بەتاوانباران دەگوترێن بەدیاری پێشکێشم دەکات(*) مەرج نییە، هەر دەستنووسێکی کەوتە بەردەست گیوی موکریانی چاپی بکات. ڕۆژێک لەڕۆژان چ دەسەڵاتدار، سەرمایەدار وەیا ڕۆشنبیرێکی کورد دەستی یارمەتی ماکی یان میناکی بۆ گیو درێژ کردووە؟ مستەفا عەسکەری چ قەرزێکی بەسەر گیوەوە هەیە بۆ ئەوەی گیو خۆی بدات بەدەستەوە. وا دیارە ئاوارەبوون و هەترەشەبوونی گیوی و بەندیخانەکانی مەهاباد، تەورێز، هەولێر، موسەیەب، حلەو کوت، کە لە ئەنجامی ڕاژەکردنی وشەی ڕەسەنی کوردیدا دووچاری بووبوو بەس نییە، مستەفا عەسکەری دەیەوێت خۆی بەدەست ئەوەوەش بدات؟ کوردێک دەیان دیوانی شاعیرانی وەک: مەلای جەزیری، ئەحمەدی خانی، وەفایی، ئەدەب، ئەدیب، حاجی قادر، سالم، کوردی، نالی، دڵدارو ...ساخکردبێتەوە، هەموو تەمەنی بۆ دانانی فەرهەنگ و چاپکردنی بەسەر بردبێت، بۆ ماوەی حەوت ساڵ گۆڤاری هەتاو پەخشکردنی و بەدەیان کاری تر بەس نیییە؟ گیوی موکریانی، کە هەموو ژیانی بۆ کورد ژیا، گەر هاتبا بەو شاکارانەی ئەنجامی داوە لەنێو

(*) مستەفا عەسکەری گفتی خۆی نەهێنا دی، بەوەی ئەحمەدی کرێچی لەنێو خانووەکە دەربهێنێت. ئەحمەد شوقەیەکی بۆ دەرچوو بوو، کەچی هەر دەیویست پارەیەکی باشم لێوەربگرێت، جا خانووەکەی چۆڵ بکات؛ بەڵام من بەهێزی یاسا پێیم چۆڵ کرد.

هەر میللەتێکی دی بووبایە، پلەو ڕێزو پایەیەکی دی دەبوو. گیو موکریانی هەتا ئەو کارە مەزنانەشی نەکردبا ئەوەندی بەسە کە بەهەزاران لاپەڕەی دەستنووس لەفەوتان ڕزگار کردووە؛ وەک مندالّەکانی لەدەست دوژمنانی کورد پاراستوونی، لە کاتێکدا کە خوێندن و نووسین بەزمانی کوردی ڕەواجی نەبووە و زۆر جاریش هەر قەدەغە بووە.

ئەسیری

(١٨٩٥؟-١٩٦٢)

نێوی عەبدولخالق کوڕی شێخ حوسێنی نەقشبەندییە(*) لەسالّی ١٩٨٥(؟) لەشاری کەرکووک هاتۆتە دنیا. خوێندنی زانستی ئایینی لە حوجرە و قوتابخانانداا تەواوکردووە.

لەسالّی ١٩١٣(؟) گەشتێکی بەنێو شارانی کوردستان: سلێمانی، بانە، سەقز، سنە، کرماشان و هەمەدان کردووە. لەم گەشتەدا فێری چەندین جۆری زانیاری بووە. لەسالّی ١٩١٩ لەشوێنی باوکی خۆی دانیشتووە. لەسالّی ١٩٣٥ نووسەری یەکەم لەدادگەی شەرعی کەرکووک دامەزراوە و لەسالّی ١٩٥٨دا خانەنشین کراوە. لەسالّی ١٩٦٢دا کۆچی دوای کردووە.

ئەسیری لەگەلّ ئەوەی هەستیار بووە، بابەتی زمانەوانیشی هەبووە؛ بۆیە دەستنووسی دوو فەرهەنگی لەدوای خۆی بەجێماوە(د.کوردستان موکریانی ١٩٨٦).

لە نامەیەکدا، کە لە ٩ / ٣ / ١٩٤٣ بۆ گیوی موکریانی ناردووە بەزاری کەسی سێیەمی تاک بەم جۆرە لە خۆی دەدوێت:

عەبدولخالیق ئەسیری کوڕی سەید حوسێن ئەفەندی مورشیدی تەریقەتی نەقشبەندییە و برای نەجمەددین ئەفەندی نیشتمان پەروەرە.

لەکەرکوک لەدایک بووە؛ ئێستا لە خانەقای نەقشی لە کەرکووک لە گەڕەکی ئەخی حوسێن لەجێی باوک و باپیری دانیشتووە و باش کاتبی دایرەی ئەموالی قاسرینی کەرکووکە.

(*) لەڕووی ئەوەی لە دەستنووسەکەی ئەسیری دا بەسەرهاتی نەنووسراوەتەوە، وام بەباش زانی کە کورتەیەک لە ژیانی لەو سەرچاوانەدا بخەمەڕوو، کە لە بنەمالّەی ئێمە دەست دەکەوێت.

تەمەنی لەگرێی پێنجە. لە منداڵیدا بەقوتابی لە مزگەوتی حاجی ئەحمەد ئاغای مستەفا ئاغا لای حاجی مەلا محەمەدی وەستا فەتاح خوێندوویەتی، لە هەژدە ساڵیدا چووەتە فەقێیەتی لە هەورامان و هەڵەبجە و جوانڕۆ و بانە و سەقز و سنە خوێندوویەتی. لە پاشا گەڕاوەتەوە کەرکووک لە خزمەتی مەلا عەلی حیکمەت ئەفەندی تەحسیلی علوومی بەلاغەت و ریازیات دەکات؛ ئیجازەی عیلمی وەرگرتووە و دەچێتە ئەستەمبوڵ، لە ئەستەمبوڵ، بەیروت و لە ئەزمیر، کەچاوی بەکاروکردەوە و رێکوپێکی خۆراواییان دەکەوێت- بەچ جۆرێک بڵندبوون- گەل و نیشتمانەکەی خۆی دێتەوە یاد. بەیەکجاری بیری دەگۆڕێت، کە لەئەستەمبوڵ دەگەڕێتەوە هەر چەند هەڵبەستی خۆی هەیە کۆی دەکاتەوە و دەیسووتێنێت. چونکە ئەویش وەک شاعیرانی تر شیعری خۆشەویستی و ستایش و بەربەرەکی وتووە. لەپاش سووتاندنی شیعرەکانی سەودای گەل و نیشتمان دەکەوێتە سەری و دڵی گڕ دەگرێ و دەس دەکات بەهەڵبەستی نیشتمانی نووسینەوە. ئەم وتەیە لەگفتوگۆیدا زۆر دەڵێت: پیاو ئەوە نییە وەدووی زمان بکەوێت، (مەبەست تابعی زمان بێت) بەڵکو پیاو ئەوەیە زمان تابعی خۆی بکات (مەبەستی بتوانێت دەور بگۆڕێت).

خۆشەویستم، گیوی موکریانی! دەستی پیرۆزتان بەتوندی دەگوشم؛ لەش ساغیتان هیوامە. ئەوە وێنەکەی خۆم و تەرجەمەی حاڵم بۆتان نووسی، هەواڵی سەید حوسێن حوزنی ئەفەندی دەپرسم، ئیخلاس پێشکێش دەکەم. ئینجا پایەداربن خۆشەویستم.(هەروا بڕوا مستەفا عەسکەری ۱۹۸۷ و ۲۰۰۰).

لەدەستنووسێکی گیوی موکریانیدا ئەو دێڕانەی ژێروو لەبارەیدا نووسراوە:

ئەسیری برای نەجمەدین ئەفەندی نیشتمان پەرستە. سەید عەبدولخالیق

ئەفەندی ئەسیری کوڕی سەید حوسێن کوڕی سەید عەبدی کوڕی سەید قەرەنی کەرکووکییە. لە پێش بلووغیدا لەناو قوتابیاندا دەستی بەشیعر وتن کردووە.

لەبەراییەوە بەچاولێکەری شێخ ڕەزاوە لە جنێو و سەرزەنشتدا، دەستی بە نەزم کردووە. لە مابەینی بەیانی و چێشتانی دەرگای تەبعی دەکرێتەوە.

لەناکاو کەمتر شیعری بۆ دێ؛ بۆشی بێت وەکو دەیانڵێت پەسندی ناکات. لە مزگەوتاندا خوێندوویە و کتێبی عەسری زۆر تەماشا کردووە(۱).

هێندێک زانیاری لەسەر دیوانی دەستنووسی ئەسیری

ئەو دیوانەی بەردەستتان بە خامەی بەهەشتی ئەسیری نووسراوە و لەدوای دوا ماڵاوایکردنی پێشکێش بەگیوی موکریانی کراوە. هۆی چاپنەکردنی ئە دیوانە لەلایەن موکریانییەوە لەبەر ناوەڕۆکی هۆنراوە نیشتمانیەکانی بوون؛ چونکە لەو دەمانەدا هەرگیز «ڕەقابە» ڕێگەی نەدەدا بەو شێوەیەی ئێستە بکەوێتە بەر دیدی خوێنەران و هێڵێکی ڕاست و چەپی بەسەر زۆربەی هۆنراوە نیشتمانییەکانیدا دەهێنا؛ بۆیە هەر چاوەڕێی ڕۆژێکی وای دەکرد، کە بتوانێت هەموو هۆنراوەکانی بەبێ لابردنی پەیڤێک، چاپ بکات؛ تا ئەو لە ژیاندا بوو، ئەو ڕۆژە هەر نەهات. وا من ئەمڕۆ هەبوونی خۆم لە کوردستانی ئازاددا بەهەل دەزانم، تا ئەو هیوایەی بۆ بێنمە دی و بە ڕێنووسی ئەمڕۆ بەبێ هیچ دەسکارییەک لە نێوەڕۆکی دەستنووسەکەی ئەسیری کوردپەروەر، پێشکێش بە نامەخانەی کورد بکەم.

ئەسیری دیوانی بەردەستی لەنێو پەڕاوێکی ئەسمەری ۳۳×۲۰,۵سم نووسیوەتەوە. بە پێی ئەلف و بێ، هۆنراوەکانی تێدا تۆمارکردووە.

(۱) ئەو بابەتانەی لە ماڵی ئەسیری لە نیوەڕۆی ۱۹۴۳/۵/۱۶دا لە خۆی پرسیوە.

بەپێنووسی «زووپیر» پێشەکییەکی یەک لاپەڕەیی لەژێر سەردێڕی «پێشەنگ» تێدا نووسراوە(*) بەکۆتایی (خاتمە)یەکیش دیماهی پێکهێنراوە. لەسەرووی هەر پارچە هۆنراوەیەکدا ژمارەی دێڕەکانی هۆنراوەکە تۆمار کراوە، هەروەکو لە پێشەنگەکەدا هاتووە، ئەم دیوانە ٥٠٠٠ (پێنج هەزار) دێڕە هۆنراوەی تێدا نووسراوە. دیوانی بەردەست ١١٨ (سەدو هەژدە) پارچە شیعرە، کە ٦١پارچەی پێشتر بڵاونەکراوەتەوە، کە ئەم ناونیشانەی ژێرەوەیان بەخۆوە گرتووە:

١- گفتوگۆی ژوور ئەکا ٢- هاوارە پێغەمبەر ٣- یا محەمەد مەدەدێ ٤- ئەم پەرێشانییە هەتا کەی بێ ٥- هەتا هەتە ٦- فێری عیلم بە ٧- نیکۆتین ٨- حیکمەتی خوایە ٩- ئەمین زەکی ١٠- ئەوروپا پشتی شکا ١١- کوسی ١٢- کۆی گەلان ١٣- مرثیە لبنت ملا صدیق ١٤- چاخی سەحەر ١٥- تەننەور ١٦- جەمال بەگ بابان ١٧- مەردی میللەتی ١٨- ئەی نەوەی کورد ١٩- بروا و کاکە ٢٠- مەعرووف جیاووک ٢١- مەلیک غازی ٢٢- شیری برندە قەڵەم ٢٣- پێوەبووم ئەمما چلۆنیش پێوەبووم ٢٤- تەئریخی کێڵی ٢٥- سەید ئەحمەد خانەقا ٢٦- شادە گەلت ٢٧- کیژ و ژنان ٢٨- کەس نەناس ئەمڕۆ ٢٩- دەمپەرستی وەتەن ٣٠- یانە ٣١- شەدە لار ٣٢- لەدەستەی پەهلەوین ٣٣- مەرسییە(لاواندن) ٣٤- ڕۆژهەڵاتی نیشتمان ٣٥- جێگای موقەدەسە ٣٦- میللەت و وەتەن ٣٧- نەخشەو جێ و پێناس و تەئریخ ٣٨- نوور ئاوا ٣٩- جگەر برژاو ٤٠- حەل نەبوو بۆ موشکلی ٤١- مەلیک فەیسەڵ ٤٢- جلک و خواردەمەنی ٤٣- بەد خوا خۆش نەبێ پێت ٤٤- ئا ئا دەبێ ٤٥-مەیلی ژاپە ٤٦- وەرە مردن ٤٧- لێی تێبگە ئەوجا

(*) شێوازی نووسینی ئەم پێشەنگە وا دەگەیەنێت، کە «زووپیر» هەرخۆی ئەسیری بێت.

حەلوابێ ٤٨- هەی وەی ٤٩- شەهیدان ٥٠- کرمانجی و لاری ٥١- کێنە لەئاستی ٥٢- ئای دەم نادەم ٥٣- ناوی پێغەمبەر برایم ٥٤- گەزۆ هاوین ئەبارێ ٥٥- نەریمان ٥٦- ساڵح زەکی بەگ ٥٧- هۆ و ساقی ٥٨- کاسەی پڕ لەخوێن ٥٩- شێخ سەحیب ٦٠- پیر مکایل.

نێزیکەی ٢٩ پارچە هۆنراوەش، کە لەنێو بەرهەمە بڵاوکراوەکانی بەڕێزان: کەریم شارەزا & جەبار جەباری، مستەفا عەسکەری هاتوون، لەو دەستنووسەدا خشتەیەکی نەنووسراونەتەوە، کە ئەمانەن:

١- چونکە بەدبەختی ٢- تێنواری ٣- پێنج خشتەکی لەسەر شیعری حافیزی شیرازی ٤- خوا هەبوو ٥- ستایشی پێغەمبەر ٦- ستایشی پێغەمبەر ٧- ستایشی پێغەمبەر ٨- سەید تەها ٩- ستایشی محەمەد ئەمین زەکی بەگ ١٠- نامە بۆ بێکەس ١١- ستایشی مامۆستا بەشیر موشیر ١٢- ستایشی بابا عەلی بەرزنجی١٣- بۆ عەبدولڕەحمان بەگی تاپۆ ١٤- بەخێر چی ١٥- بەخێر هاتنی ڕەشید عالی گەیلانی ١٦- شیوەن بۆ باوکی ١٧- شینی ساڵح بەگی ساحێبقڕان١٨- پرسەی پیرەمێرد ١٩- شیعری عەرەبی فارسی تورکی ٢٠- الوعد ٢١- شیعری کوردی (مستەفا عەسکەری ١٩٨٧) ٢٢- نیشتمان پەروەری ٢٣- ناتەواوی ٢٤- هۆنراوە ٢٥- کۆیە ٢٦- جلخوازی و ملخواری ٢٧- چوارینە(مستەفا عەسکەری ٢٠٠٠).

ساخکردنەوەی ئەم هۆنراوانە و هێنانیان بۆ سەر ڕێنووسی ئەمڕۆ کارێکی وا سانا نییە؛ چونکە سەرباری ئەوەی تیپی وشەکان بەڕوون و ئاشکرا نەنووسراون، ئەسیری خۆی لە نووسینەوەی هۆنراوەکانیدا پێڕەوی یەک جۆرە ڕێنووسی نەکردووە؛ بۆ وێنە نازناوی خۆی بەم سێ ڕینووسە: «أثیری، اەثیری، ئەثیری» نووسیوە. سەرباری ئەوەش ئەم دەستنووسە هەر لەتاریکی پارێزراوە؛ بۆیە چەند ووشەیەکی ناوەڕاستی سێ لاپەڕەی بەرایی بۆمان ساخ نەبۆتەوە، لەگەڵ ئەوانەشدا خۆی هێندێک وشەی داڕشتووە و

هیچ هێمایەکیشی بۆ نەکردووە؛ تەنێ پێشەکییەکەی لێ دەربچێت کە ٢٢ پەیڤی لەژێرەوە لێکداوەتەوە، گەر هاتبا هەمان ڕێبازی بۆ هۆنراوەکانیشی پێڕەو کردبا، ئەوا کاری نووسینەوەی بۆمان ساناترو تێگەیشتنی لەلایەن خوێنەرەوە چێتر دەبوو.

لەو بارانەدا هەر ووشەیەکی بەباشی بۆمان نەخوێندراوەتەوە و بەهەموو ڕوویەک بیرمان لێکردۆتەوە، کە لەگەڵ ناوەڕۆکی بەیتە شیعرەکەدا بگونجێت، ناچار هەروەکو خۆی نەخشاندوومانە و هێمای (؟)مان لەپاڵی داناوە.

لەڕووی ئەوەی ئەسیری بایەخێکی زۆری بەناوەڕۆکی هۆنراوەکانی داوە، لە گەلێک شوێندا هۆنراوەکەی لەنگ بووە و کێش و سەروای کردۆتە قوربانی ناوەڕۆک.

ناوەڕۆکی هۆنراوەکانی ئەسیری

لەنێو هۆنراوەکانی ئەسیری دا هۆنراوەی نیشتمانی، هۆشیارکردنەوەی هەستی نەتەوەیی، زانستی، ئایینی، پێدا هەڵدان و شیوەن بەرچاو دەکەون.

هۆنراوەی نیشتمانی

بابەتی نیشتمانی و خستنەڕووی کێشەی نەتەوەیی لەنێو هۆنراوەکانی ئەسیریدا لەچاو جۆرەکانی دی، زێتر ڕەنگدەداتەوە. ئەم هۆنراوانە هێندێک جار لەشێوەی ئامۆژگاری خۆیان دەنوێنن. بەشانازییەوە لە مێژووی کورد دەدوێت. بۆ ئەوەی خوێنەر شارەزایی لەدیرۆکی دێرینی خۆیدا هەبێت و لەهەمان کاتدا باوەڕ بەخۆبیەکی پێ ببەخشێت، هانی ئاوەدانکردنەوەی کوردستان دەدات، تا گەشتگوزاری تێدا بکرێت. داوا لەکورد دەکات کە خۆی بەجل و بەرگی کوردی وەک شاڵ و پەستەک و... بپۆشێت، گوێ لە

بەیات و لاوک و حەیران بگرێت سوود لە کانزاکان وەربگرێت. بەراوردێک لەنێوان خاک و خۆڵی بەپیتی کوردستان و وشکوبرینکی عەرەبستان دەکات، لەو بارەوە ڕووبەڕووی پرسیارێکی گرینگت دەکات، کە بۆچی کوردەکە لات و هەژارە، عەرەبەکەش دەوڵەمەند؟ بەراوردکردنی هەر لەم ئاستەدا نەوەستاوە، بەڵکو چەندین دەوڵەتی ئەوروپایی وەک: دانیمارک، سوێد، هۆڵەند، سویسرا و بەلجیکا بەوێنە دێنێتەوە، کە هەموو سەرمایەیان دارستانە و کەچی گەورەترین ولاتی پیشەسازین و گەنجی ئەوان سەرفراز و لاوی ئێمەش داماو؟ ئەسیری هەر خۆی بەرسڤی ئەو پرسیارە دەداتەوە، بەوەی لاوی کورد ڕووی لەخوێندن بکات، چ لەنێو ولات و چ لە ئەوروپادا؛ چونکە بەهێزترین چەکی خوێندنێتی. بەڵام لەهەمان کاتدا داوای لێ دەکات، کە بەهیچ جۆرێک دەست لەولاتی هەڵنەگرێت، لە هەوارگەی باو باپیرانی دوور نەکەوێتەوە. بەڵکو هەر وەک چیا تێیدا دابمەزرێت؛ چونکە تاراوگە تاڵە و نیشتمانیش پێویستی پێیەتی. ئەسیری نێوی زۆربەی هەرە زۆری بەرووبوومی کشتوکاڵی کوردستانی هێناوە. باس لە نێرگز، لالە، وەنەوشە، ڕەیحان، نەسرین، یاسەمین، سەوسەن و خوڕەی ئاوی جۆگە، ڕووبار، باخ، دارستان و کێڵگە و... دەکات. ئەسیری هەر بەمەبەستی هۆشیارکردنەوەی هەستی نەتەوەیی، بۆ فێرکردن و ڕۆشنبیریکردنی خوێنەر، هەر بەو باسانە نەوەستاوە؛ بەڵکو لە دیالێکتەکانی زمانی کوردی دواوە و لە پاڵیدا ئاماژەی بە دەیان زمانی دی دنیای کردووە.

هەرر لەبارەی شۆڕشی ١٩٢٥دا هۆنراوەیەکی دی بەنێوی ماتەمنامە هۆنیوەتەوە، تێدا سووربوونی کورد لەسەر وەگێرخستنی مافی ڕەوای خۆی دووپات دەکاتەوە.

لای ئەسیری نیشتمان بوو بەدلبەرێکی دلڤڕێن و تەغەززولی پێدەکات. سروشتی کوردستان- کە بەگوڵ و ڕەیحانە و سونبول ڕازاوەتەوە-

بەڕووخساری دلبەرێکی جوان چوواندووە. نیشتمانی خۆشەویستی لە نرخداریدا بێ وێنەیە؛ چونکە کێشەکەی زێڕ، زیو، دوڕوگەوهەرە. بۆیە خوێنی نووسەر نرخی ئیشقی ئەوە. ئەسیری وەکو هەر ئاشقێکی سەرخۆش و مەستی یار، لای ئەو دۆستانی نیشتمان مەرد و سەربەستن. بەدکارانیش ڕووزەرد و پەرێشان. لە هەمان کاتدا هەروەکو چۆن عاشقێک لەدەست دڵدارەکەی دەناڵێنێت، ئەویش بەهەمان شێوە لەدەست نیشتمانەکەی بریندارە، بەدناوە، سەرگەردانە، دەربەدەرە، ئاوارەیە، دێوانەیە، ڕسوایە، کوژراوی ئەشقی ئەوە، دڵخوازی ڕەنگو ڕوویەتی، هەتا لەدوای مردنیشی- کە بەخاکی کوردستان دەسپێرێن- خاک و خۆڵی نیشتمانی دەیکوشێت و دەست لە گەردەنی دەئاڵێنێت و ڕاستە لە پێناویدا ئەو هەموو دەردەسەرییە دەچێژێت؛ بەڵام خەڵک ڕەحمەتی بۆ هەڵوێستی کوردایەتی دەنێرێت.

ئەسیری لەپاڵ ئەو هۆنراوەشدا هەندێک جار وەکو مێژوونووسێک ڕووداوانی سەردەمی خۆی بەشیعر تۆمار کردووە؛ بۆ وێنە لەپارچە هۆنراوەی شەهیدان دا، کە لە ٢٠٢ دێرە شیعردا لە شۆڕشی ساڵی ١٩٢٥ی کوردی کوردستانی باکوور بەسەرۆکایەتی شێخ سەعیدی پیران دەدوێت، بەشێوەیەک وێنەی شەڕەکە دەکێشێت، هەر دەڵێت خۆی لە نێوانیاندا بووە، یەکەیەکە ناویان دێنێت، دەوریان لەو شۆڕشەدا، ئازایەتییان، هەڵوێستیان و چۆنیەتی لەنێوبردنیان پێشاندەدات.

هۆنراوەی زانستی

ئەسیری ناوەڕۆکی چەند هۆنراوەیەکی تەرخانکردووە بۆ زانست و زانیاری گشتی، تاوەکو بەهۆیەوە بەشداری لە هۆشیارکردنەوەی کورد بکات بۆ ڕووکردنە خوێندن، دنیای ڕووناک و ڕزگاربوونیان لە نەزانین. ئەسیری هانی دایکوباوکان دەدات بۆ ناردنی منداڵەکانیان بۆ قوتابخانە، بۆ ئەوەی

بۆ خۆیان و بۆ نەتەوەیان پێبگەن. هەروا داوا لەمامۆستایان دەکات کە قوتابخانە؛ لەبەر چاو زارۆیان شیرین بکەن و نەبنە هۆی گومڕێییان. ڕووی گلەی لەکورد دەکات بەوەی خەنجەر و فیشەک لەخۆی باردەکات، دووربینانە ڕێنوێی ئەوەیان دەکات، کە هەموو جۆرە زانستێک وەربگرن و فێری ببن؛ هەتا ئامۆژگاری فەقێیان دەکات کە ڕوو لە قوتابخانە بکەن؛ چونکە سەرکەوتن هەر بۆ ئەو کەسەیە کە بەزانست و زانیاری چەکدارە و لەنێو میللەتدا ئەوەندە بەنرخ دەبێت، دەست ناکەوێت و ماڵی دەبێتە قیبلەیەکی وا کە هەموو کەس ڕووی تێ دەکات.

هۆنراوەی ستایشکردن و پێداهەڵدان

ئەسیری لە نێو هۆنراوەکانیدا زۆر بایەخی بەبابەتی ستایشکردن و پێداهەڵدان داوە. لە بواری ستایشدا چەندین هۆنراوەی بۆ پێغەمبەر (د.خ) نووسیوە. لەپاڵ ئەوەشدا هەوڵیداوە بە پیاوانی ئایینی وەک: مەلا محەمەدی کۆیی، شێخ حەسیبی تاڵەبانی، سەید ئەحمەدی خانەقا و... هەڵبڵێت. ئەسیری بەپیاوانی دەسترۆیشتووی کوردیشی هەڵگوتووە لەوانەی، کە لەسەردەمی پاشایەتیدا پلەو پایەی بەرزیان پێدرابوو وەک: ئەمین زەکی، جەمال بەگ بابان، مەعرووف جیاووک، سالح زەکی بەگ و... هەروەها هۆنراوەی ستایشی بۆ مەلیک فەیسەڵ و مەلیک غازی هۆنیوەتەوە. زۆربەی ئەوشیعرانەی خانەی پێداهەڵدان و ستایشکردنی لەگەڵ هۆنراوەکانی نیشتمانی و کوردپەروەریدا یەکناگرنەوە.

ئافرەت لە هۆنراوەکانی ئەسیری دا

لەپێشەکی ئە م دیوانەدا هاتووە، کە ئەسیری نێزیکەی چوار هەزار دێرە شیعری دڵداری هەبووە و هەموویانی سووتاندووە. دەڵێن لەدوای ئەمە دەستی لەنووسینی شیعری غەزەل هەڵگرتووە و هەر خووی داوەتە هۆنینەوەی شیعری نیشتمانی و نەتەوەپەروەری. ئەسیری ویستوویەتی ئەم

هەڵوێستەی لەلایەن بوێژانی هاوچەرخیشیدا ڕەنگ بداتەوە؛ بۆیە داوا لە وێژەوانی کورد دەکات، کە دەست لە باسکردنی چاو و خەتوخاڵ هەڵبگرێت و چیدی هۆنراوەی عیشق بازی نەهۆنێتەوە بەڵکو هانی دەدات، کە ناوەڕۆکی هۆنراوەکانی بابەتی مێژوویی بگرێتە خۆی، هەروەکو هۆمیرۆیس، تاوەکو میللەتەکەی هۆشیار بکاتەوە.

لەگەڵ ئەو ئامۆژگاریەشدا ئەسیری نەیتوانیوە خۆی لە جیهانی ئەویندارى ڕزگار بکات؛ بۆیە لە تەمەنی پیریشدا چەند هۆنراوەیەکی دڵداری هۆنیوەتەوە هەروەکو لە نێو دیوانی بەردەستدا چەند هۆنراوەیەکی دڵداری بەنێونیشانی: شەدەلار، نوورئاوا، جگەربرژاو، کاسەی پڕ لەخوێن و هۆ ساقی(ئەمەی هەرە دوایی دڵداری و نیشتمانییە) بەرچاو دەکەون.

ئەسیری لەم هۆنراوە دڵدارییانەدا هەستی ناوەوەی خۆی بەرامبەر بەدووری یار دەخاتەڕوو. لە چەندین دێڕی ئەم هۆنراوانەدا ڕوومەتی دڵخوازەکەی بەهەتاو دەچوێنێت؛ کەچی ئەو لەدووری هەتاو دەسووتێت، یار بەرێگەی بڵێسە ڕووی دەیخاتە داوەوە. لای ئەسیری جیهان بەبێ خۆشەویستی کپ و خامۆشە، هەر تەنێ بەهۆی دڵداری دنیا زیندووە.

ئەسیری لەپاڵ ئەو هۆنراوە دڵدارییانەدا وێنەیەکی نوێی ئافرەت دەکێشێت، کە زۆر جیاوازی لەگەڵ هۆنراوەی شاعیرانی هاوچەرخی خۆیدا هەیە؛ چونکە ئەو توانایی ژیری و هزری ژن دەخاتەڕوو، نەک هەر ڕووکەشی دەرەوە. بۆ وێنە لەو هۆنراوەیدا کە لەبارەی گەشتەکەی خۆی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا کە بۆ کوردستان کردوویەتی، لە بارەی خانمی میری دێی دەشتی سەقزدا دەدوێت و دەڵێت: خانمی دێ هاتە گفت و گۆ... بیرو هۆشی سوقراتانەبوو. دواتر دەڵێت: خوێندەوار بوو شارەزایی لە زمانی فارسیدا هەبوو، کاتێک، کە ڕاپۆرتێکی لەبەر دەم هەمواندا نووسیوە، وای کردووە کە ئەسیری لە هۆنراوەکەیدا بڵێت: من لە جێی خۆم

ماتبووم، تێگەییم ئەوسا، کەمێشکی پیاو و ژن فەرقی نییە. هەر لەو پارچە هۆنراوەیەدا هاوبەشیکردنی ئافرەت لە گفتوگۆ، پێشوازیکردن لە مێوانانی نێو دیوەخان پێشان دەدات؛ هەروەها لەشاری سنەدا ژنی وای چاوپێکەوتووە، کە مۆر هەڵکەن، سەئات ساز، خۆشنووس و شاعیر بوون.

ئەسیری پارچە هۆنراوەیەکی بۆ کاروپیشەی ژنانی سەردەمی خۆی تەرخانکردووە، کە یارمەتی پیاوان دەدەن لە خانوبەر دروستکردن. زۆربەیان خەریکی بەرهەمهێنانی پێداویستی خێزانیان بەرێگەی چنین، دوورین و برین دەبن، هەروا ئاماژە بەوە دەکات کە لاکێش، خورج، جاجم و... دروست دەکەن؛ لەپاڵ ئەوانەشدا مێوان بەرێدەکەن. کەچی دەسەڵاتدارانی کورد خوێندەوارییان هەبووە، ئەسیری لەو باوەڕەدایە گەر لە نێو کوردستان پیاو نەما، ئەوا ژنانی کورد دەتوانن لەبرێتی ئەوان هەموو کاروبارێک هەڵسوورێنن.

شاعیر لەپارچە هۆنراوەیەکی دی، ڕۆڵی ئافرەت لەکاتی ڕوودانی شەڕدا دەخاتە ڕوو، کە چۆن یارمەتی ئەو پیاوانە دەدەن کە لەسەنگەردان. ژن نان و ئاویان بۆ دەبات، برینیان سارێژ دەکات، لە برێتی ئەوان دەبن بە باخەوان، شوان. لەو بارەدا شەڕ توندتر دەبێت، ئەوە مێینەش دەچنە مەیدانی شەڕ. ئەگەر چی بوێژ لەو هۆنراوەیدا ڕوویەکی گەش و ڕووناکی بۆ توانای ژنی کوردی هێناوەتە پێش، بەڵام لە هەمان کاتدا وا هەست دەکرێت، کە ژن هەر کەسی دووەمە، شوێنکەوتەیە؛ چونکە لە کۆتایی هۆنراوەکەیدا دەڵێت:

ئەی ئەسیری میللەتێک وا بێ ژنی
تێبگە ئینجا چلۆنە پیاوییان

کوردستان موکریانی
هەولێر – بەهاری– ٢٠٠٤

ئەسیری

ئەسیری لە ساڵانی (١٩٣٠ تا ١٩٤٠) لە کەرکووک هەمیشە بەردباران دەکراو، نیشانەی توانج و پلار و جنێو و هەزاران کارەساتانی سووک بوو، چەند جارێکیش لێیان داوە و هەڕەشەی ئەوەیان لێ کردووە، کە بەکوردی هەڵبەست دانەنێ.

کوێراییم دایێ کە لەسەر دیواری خۆیانەوە بەردبارانیان کرد، چەند بەردێکی بەسەری کەوت، تا ئەندازەیەکی زۆر مێشکی تێک چوو، پزیشکان ترسی شێت بوونیان لێ دەکرد، کاکە ڕەشید سدقی، کە کەس و دۆست و برادەری هەمیشەیی بوو و، ئامیر ئینزیبات بوو، بەشەو چەند عەسکەرێکی لە دەوروبەری ماڵی وان لە پەسیو داناو، ئەمری دا هەر کەسێکی بەو نزیکانە دا ڕەت بێ و بەردێکی بەدەستەوە بێ بیگرن و... لێ بکەن.

بەڵێ کاکە ڕەشید خەمخۆرێکی ڕاستەقینەی بوو هاتوچووی پزیشکانی پێ دەکرد، وایان بەبەرژەوەند زانی بەچشتێکەوەی خەریک بکەن تا زۆر بیر لە خۆی و بێچارەیی خۆی نەکاتەوە، نەوەکو شێت بێ، لەسەر ئەو ئامۆژگارییەی کاکە ڕەشید گەلێک ڕۆژان دەیبردە ڕاو و فێری ڕاوکردنی دەکرد، تا وەکو تەواو سەر و مێشکی هاتەوە سەرەخۆ، ئیتر لەم دواییەدا مەعرووف جیاووک کردییە سەرنووسەری دادگای (شەرعییە) و لەپاش چەندێکی خانەنشین کرا.

داخەکەم ئەسیری لە ساڵی ١٩٦٢ لە کەرکووک کۆچی دوایی کرد و، لەقسنی شێخ محیّددین-دا نێژراوە.

قالەی خوشکەزای

لە شەرعییەدا نووسەرە

وریایی

(پێشەنگ) – مقدمە

گۆڤاری (وریایی) دیوانی گەلی و نیشتمانیی خۆش گۆ و بێژەنی کوردان، سەیید حوسێن زادە مەلا عەبدولخالیق ئەسیری (ئەثیری) ئەفەندییە، هەڵبەستە و (٥٠٠٠) پێنج هەزار بێژە، کە دەکاتە (١٠) هەزار لەت، بەشێ لە هەڵبەستەکانی لەسەر تەرزی ڕۆژهەڵاتین، بەشێکیشی لەسەر تەرزی خۆرئاوایین، بەگوفتی خۆی هەتا وەکو تەئریخی[1] بیست و هەشت وەکو بێژەنانی تر، بێژی خۆشەویستی و سوپاسی و بەدگۆیی وتووە، لە بیست و هەشتا کە دەچێتە ئەستەنبۆڵ لە جەبەل لوبنان و بەیرووت و ئەستەنبۆڵ هەندێ خانوو و کارخانان و، کردەی ڕۆژئاواییان دەدینێ چۆنیی خۆمان و ئەوان لێک دەداتەوە، دەردی گەل و نیشتمانی لە جەرگی کار ئەکا، ئارەزووی لە بێژەنی نامێنێ، لەمە زیاتر دەبێتە دوژمنی خوونیی خۆشەویستانی کاکۆل و زۆڵف و ڕوخسار، کە لە ئەستنبۆڵ دێتەوە نزیکی چوار هەزار بێژی دەبێ، گشتی دەسووتێنێ، چەن لاوێکی مێشک ڕوون هاتوچۆی ئەکەن و لێی ئەخوازن نووسراوێ بۆ ڕۆژنامەی پێشکەوتن بنووسێ، خواه و ناخواه هەڵبەستی (پێخوازی چاخێ)و، هەڵبەستی تەئریخی دەنووسێت و دەینێرێ، کە لە چاپ ئەدرێن، مێشک ڕوونان هەموو پێیان خۆش ئەبێ و، نامەی پیرۆزیی بۆ دەنێرن، ئەوجا بیر ئەکاتەوە و، دەس بەبێژەنی بکا چاکە، تێ ئەگا و گۆبەستی بێژی لە هەموو چشتێ کاریترە، دڵنیا ئەکا دیوانێ لە پێنج هەزار بێژ تەواو بکا، دوای ئەوە

(١) لێرە و لە هەموو شوێنێکی دیکەی شیعرەکانیشدا بە(تاریک) نووسراوە و ئێمە کردمان بە(تەئریخ).

ڕووچووی بۆ ئەوەی زوانی هەموو کوردان یەک بگرێ پێک بێنێ، هەر چەن لەبەر دەردی گەل و نیشتمان نەخۆشییێکی دایمی هەیە، پەکی بێژەنیی نەخست و دیوانەکەی تەواو کرد، هیوامان وایە بەم زووانەش ڕووچووەکەی تەواو بکا، ئینجا بۆ تەواوکردنی بناغەی کوردایەتی تەئریخێکی چاکی پێدەوێ ئەویش گڕدەری گۆڤاری (زاری کرمانجی) جەنابی سەید حوسێن حوزنی ئەفەندی لە پێک هێنانییەتی، کۆشین لە ئێمە و یاریدە لە خوا.

(زووپیر)

مانای هەندێ لە وشەکان

گۆڤار: مجله
گەل: میللەت
نیشتمان: وطن
خۆش گۆ: ادیب
بێژەن: شاعر
هەڵبەست: غزل
بێژ: شعر
لەت: مصرع
بەش: حصة (قسم)
تەرز: اصول
ڕۆژهەڵاتی: شرقي
خۆرئاوایی: غربي
گوفت: کلام
تاریک: تأریخ
خۆشەویستی: محبت
سوپاسی: مدح
بەدگۆیی: ذم
مێشک ڕوون: منور
پیرۆز: مبارک
گۆبەست: معنا
دڵنیا: عزم و جزم
ڕووچوو: قاموس

بسم الله الرحمن الرحيم

ڕەنجی بێ بەر

زانیاریی ئاشکار و چشتی پەنهانی خودا
کەی دەبێ میوەی ڕەزی کوردانی بێ کەس دەس بدا
کەس نییە غەمخواری دەردی بێ لە دەردی بێ دەوا
ناژنەوێ دەنگی کەسێ سەد جا بکا بانگو سەدا
زوو نەجاتیدە بەحەقی قودرەتت خاوەن کەرەم
سەربەخۆ بێ کوردی میدیایی(١) لە هاتف بێ نیدا
ئەم گەلە باوەڕکەرە گشتی لە بۆ بوون و یەکیت
بۆ بڵندیی دین ئەکەن ماڵ و کەس و گیانیان فیدا
زانەری ئەمڕۆ لە هەموو میللەتێ دیندار ترن
ڕاستە باوەڕیان بەتۆ، گشتیان ئەکەن ئەمرت ئەدا
زۆر ئەترسم پێک نەیێ ئەم ئارەزووەم زوو بەزوو
ڕەنج بێ بەر بمرم و گیانم لەلاشەم بێ جودا
ئەی (ئەسیری)ی پیری کوردی وەعز و ئیرشادت بکە
پێ نەزانێ میللەتت، ئاگای هەیە هەڵبەت خوا

***

(١) پێشتر لە دەستنووسدا نووسراوە (بابانی)، دواتر کراوە بە(میدیایی).

ستایشی پێغەمبەر "د. خ"(*)

گەر بزانی تەرجەمەی حاڵی موحەممەد مستەفا
مەنشەئی کوێ بوو چلۆن پەروەردە بوو دیتی جەفا
سەر ئەوەش کردەی وەهابوو خارق ئەلعادە وەها
(أشهد بالله) دەڵێ پێغەمبەرە بێ شک محەممەد مستەفا

**

نیشتمانی مەککە بوو مەککەش لە عالەم مونزەوی
دەستی تەعمیری نەدابوو دەوڵەتی عالەم بەوی
دوور لە عیلم و سەنعەت و شارانی گەورانی زەوی
مەدرەسە و مەکتەب نەبوو یەک یەک هەبوو نووسەر لەوی
تەبعی خەڵکی مل هووڕو توندو نەزان سەرڕەوی
گەر بزانی تەرجەمەی حاڵی موحەممەد مستەفا
مەنشەئی کوێ بوو چلۆن پەروەردە بوو دیتی جەفا

**

خۆی لەدایک بوو لە مەککە لای مەدینە بابی مرد
بوو بەدوو ساڵە کچی باپیری، بابی بابی مرد
(قدره الله) هەرکە شەش ساڵەی تەواوکرد داکی مرد
دەستیشی زۆر زۆر تەنک بوو هەرکە خۆی ناسی چە کرد
باب و داکی زۆر فەقیربوون ماڵ و میراتی نەبرد

(*) لە دەسنووسێکی (ئەسیری) خۆیەوە وەرگیراوە. (م.ع).
(-) لە چاپی (م.ع)یەوە وەرگیراوە، ب/١- ل/ ٩٠- ٩٣

گەر بزانی تەرجەمەی حاڵی موحەممەد مستەفا
مەنشەئی کوێ بوو چلۆن پەروەردە بوو دیتی جەفا

**

شیرەخۆرە چوو بەدایەن دایەنی لادێیی بوو
رووتەڵ و بێ خانمان و بێ نوێن و سایە بوو
سێبەری هەورێ لە بۆ ئەحمەد، لەوانیش سایە بوو
هەرکە پێی گرت گەشتی بۆ سەحراو سەیری ساوە بوو
پەروەرش وابوو لە عەقڵا کەس بەوی هاوتا نەبوو
گەر بزانی تەرجەمەی حاڵ موحەممەد مستەفا
مەنشەئی کوێ بوو چلۆن پەروەردە بوو دیتی جەفا

**

قافڵەی خاتوو خەدیجەی بردە شام و هاتەوە
دچووە ئەشکەوتی حەڕا ڕۆژێ شەپرزە هاتەوە
پرسی لێی خاتوو خەدیجە تێک چووی بۆ؟ چیتە وا؟
سنگیان شەقکردم و شتیان و لێکیان نایەوە
سوورەیی (اقرأ) مەلایک پێمی وت خۆنرایەوە
ست خەدیجە و خاڵی وتیان: تۆ (رسول الله)ی ئەوە
گەر بزانی تەرجەمەی حاڵی موحەممەد مستەفا
مەنشەئی کوێ بوو چلۆن پەروەردە بوو دیتی جەفا

**

بوو بەپێغەمبەر لە چل ساڵە لە مەککە زانرا
دەعوەتی دینی موبینی کرد و بانگی لێ درا
تاکو دە ساڵ دەعوەتی خێڵی قورەیشی لێ کرا
کەڵکی چەندانی نەبوو ئەو سەروەرە ئەزیەت کرا

بۆ مەدینە هیجرەتی فەرموو لەوێ گیرسا چرا
گەر بزانی تەرجەمەی حاڵی موحەممەد مستەفا
مەنشەئی کوێ بوو چلۆن پەروەردە بوو دیتی جەفا

**

گشت جەزیرەی گرت بەسێزدە ساڵ بەحرێنیش لەگەڵ
خەڵکەکەی هەیکەل پەرست بوون گاور و جوو زۆر چەپەڵ
گشتی کردە (مؤمن بالله)، نەما لات و هوبەل
میللەتی وای پێ گەیان تەسلیمیان بوو چەند دووەل
قەیسەرو کیسرا نەما عینوانیان بوو بەمەسەل
گەر بزانی تەرجەمەی حاڵی موحەممەد مستەفا
مەنشەئی کوێ بوو چلۆن پەروەردە بوو دیتی جەفا

**

بۆ عەمەل قورئانی هێنا گفتی یەزدانە ئەوە
تاکو نەفخی سوور ئەبێ، دەستووری ئینسانە ئەوە
حەربی ئێستایش مەوزیعی تەرتیب و پیلانی ئەوە
عەهد و پەیمانی قورەیش عەقڵی حەیرانی ئەوە
گەر مەدەنییەت هەبێ ئاساری ئینسانی ئەوە
گەر بزانی تەرجەمەی حاڵی موحەممەد مستەفا
مەنشەئی کوێ بوو چلۆن پەروەردە بوو دیتی جەفا

**

خوێندەواری هیچ نەبوو تەوراتی خوێندبێتەوە
یانەخۆ ئینجیلی عیسای دیبێ لێی وردبێتەوە
زەند و ئاویستای مەجووس دەرسی نەدی بوو خۆ لەوە
هەر دەستووری ئەهریمەن خۆ نەبوو باسی ئەوە

(أشهد بالله) رەسولی خوایە خوا کردی ئەوە
گەر بزانی تەرجەمەی حاڵی موحەممەد مستەفا
مەنشەئی کوێ بوو چلۆن پەروەردە بوو دیتی جەفا

***

ئەربەبا

دەردی دڵم وەک ئەربەبا ، زیرەم کە دێتە گوێت بەبا (*)
بۆ زیز ئەبی ئیمانەکەم، چبکەم بەمە ئەیدەم بەبا
خۆت با ئەدەی، خۆت لا ئەدەی، ڕوویی شیرینت دائەدەی
بەندی جگەر بۆ با ئەدەی، نابی لەگەڵما بۆ تەبا
ئەی نیشتمانی باغی گەشت[١]، سینەت گوڵستانی بەهەشت
دەنگی بول و بۆیی گوڵت[٢] دڵ مەست ئەکا ساقیی[٣] سەبا
هاواری من فەریادی من، ڕۆژی ڕەشی بەربادی من
مەستی و قەشەنگی و شۆخیی[٤] تۆ، هۆشی سەری سوقرات ئەبا
جەرگ و دڵم وا بوو بەخوێن، وەک گێژ ئەڕۆم بێ ڕێ و شوێن
چارەی نییە دەردت دەڵێن دیزانتەری و سیلە و وەبا
سینەی سووتاوم شەق بکەی، پۆرگی دڵم گەر[٥] لەت بکەی
سەیری کەژی هەمم بکەی، گردێکە وەک قافی قوبا
ئەی دۆتە گوفتت دا بەکێ، بوویتە وەوی و میوانی کێ
دەردی دڵم بێژم بەکێ، خۆم ڕەنجەڕۆ و کردەم هەبا

(*) ئەم شیعرە لە دیوانی چاپی (مستەفا عەسکەری)شدا هەیە (کە لەمەودوا بە«م. ع»ی ناودەبەین) - ب/١ - ل/٦٢ - ٦٣

(١) لە چاپی (م. ع)دا: (باغی کشت)ە.

(٢) لە چاپی (م. ع)دا: (گوڵی)یە.

(٣) لە چاپی (م. ع)دا: (ساقی)یە.

(٤) لە چاپی (م. ع)دا: (شۆخی تۆ)یە.

(٥) لە چاپی (م. ع)دا: (لەت لەت بکەی).

لەومم دەکەن گەورە و بچووک، سووتام لە شاری کاری کووک
وا بوومە پەن ڕیسواو و سووک، نالێن (ئەسیری) مەرحەبا

***

جەژنە پیرۆزەی نەورۆز

پیرۆز بێ جەژنی تۆ ئەی کوردی گوردی باوەفا(*)
سەد جەژنی وا بدینی بەدڵخۆشی وو سەفا
دەستی موبارەکت بدە لەم ڕۆژە بیگوشم
ئەم ڕۆژە ڕۆژی هۆگرییە و ئاشتی وو تەبا
ئەم ڕۆژە ڕۆژی شادی وو جەژنی برایە
پەیغامبەرێکی کورد بوو لە ئاسوور و نەینەوا(۱)
ئەم ڕۆژە ڕۆژی کۆمەڵ و بەزم و زەماوەنە
ئەم ڕۆژە دەسگوشین و وتەی خۆشی مەرحەبا(۲)
لاوان بەڕۆژهەڵاتی کوردی لە گەشت و کەیف
پیران لە نوێژ و تاعەت و ئەمری خوا
پەیمانێ بێت و ئەلەم(۳) ڕۆژە گەر گرێ درێ
لاوی گرێدەری بەئەواتی(٤) دڵی ئەگا
جەژنی هیوایی گەل بێ (ئەسیری) بەدڵ دەڵێ
پیرۆز بێ جەژنی تۆ ئەی کوردی گوردی باوەفا

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە – ب/۲ – ل/۲٦
(۱) ئەم دێڕە شیعرە و دێڕی دوای ئەمە لە چاپی (م. ع)دا پاش و پێش کراوە.
(۲) لە چاپی (م. ع)دا: ... وتەی خۆش و مەرحەبا.
(۳) لە چاپی (م. ع)دا: ئا لەم.
(٤) لە چاپی (م. ع)دا: بەئاواتی.

مرشیه بنت ملا صدیق رئیس محکمه کرکوک(*)

گوڵی نازە لە گوڵزاری بەهارا
لەناکاو هەڵوەری لەم نەوبەهارە
دەسی قودرەت، گوڵی هەڵکەن لە چەمەن
ئەلەم گوڵزارە دەستی هەر لە کارە
گوڵی شیرین و شۆخی سەعدییە ناو
نەبوو بۆ دەردی بێ دەرمانی چارە
لە داخی دەستە خوشکانی پەرێشان
لە زانستی گرین و شین و زارە
چەمی باڵای ڕەئیسی بابی بۆ ئەو
تەپی پشتی کەس و خزمی لەقارە
لەکانا خۆزگە گێتی هەر نەبایە
کە بۆ مردن نەبایە لەم دیارە
لە تەئریخی چووە بۆ (باغی فیردەوس)(*)
بەئەو پیرۆزە ئەم کۆچ و هەوارە

***

(*) لەتەک ناونیشانی شیعرەکەدا مێژووی (١٣٥٥ی. ه) نووسراوە. کە دەکاتە (١٩٣٦ – ١٩٣٧)ی. ز. بەڵام بەپێی ژماردنی ئەبجەدیی (باغ فردوس)ی تەئریخی دوا دێڕی شیعرەکە (١٣٥٣)ی. ه. دەگرێتەوە کە دەکاتە (١٩٣٤ – ١٩٣٥)ی. ز. (ت)

(......)

پێنج دەستە گەل هۆشیار ئەکا
پاتەخت و موڵک و شار ئەکا
(ئەرژەنگ) لە کەوری تار ئەکا
گەردەن بەدوژمن لار ئەکا

زانین و کردەی کارگەری
خۆشخوانی ئینجا بادەری
دانانی هێزی لەشکەری
ئەو هێزە بۆ گەل کار ئەکا

بێت و کەسێ نەگرێ ئەلەم
پێنج ڕێیە چشتێ زۆر و کەم
وەک توورگی ناوەندی چەم
بارێکە گەل بێزار ئەکا

دەرمانگەرێکی میللەتە
ناوبانگی (تاهیر بەهجەت)ە
(سائیب) زەوی پێوی کەتە
دەیم و بلند ئاودار ئەکا

لاوانی وا بینایی گەل
کەڵکیان ئەبینم چاخی هەل
(هەڵبەست) ئەنووسم بۆ ئەوەی
دەردێکی کوردان چار ئەکا

هەرچی کەسانی (لەشکەری)
(مامۆستا) وو (کارگەر)ی
زانا وو پیاوی باوەڕی
ئەو (مەردە) گەل بێدار ئەکا

نیشانەیان و کردەیان
یەک یەک لە دووی یەک چاپ ئەکەم
بێژەن (ئەسیری) کەوتە خۆی
بۆ گەل ئەوا گۆڤار ئەکا...

ئاداری ١٩٣١

گفتوگۆیی ژوور ئەکا

حیکمەتێکە عەشقی مەردوم ڕۆحی عاشق ژوور ئەکا
دل لەمەیلی ژین و خۆشی، کەیفی دنیا دوور ئەکا
بێجگە بیری خۆشەویستی و مەیلی لێ خۆشبوونی ئەو
هیچی دیی هیوا نییە، بەو یادە خۆی مەخموور ئەکا
سۆزی جیایی سەر کز و پەژموردە و وێڵی ئەکا ؟
ئاگری سینەی گرفتاری وەکو تەندوور ئەکا
قووەیێکی مانیتیزمینی لەلایە خۆشەویست
مەژگی عاشق دەم بەدەم بەو قووەیە پڕ نوور ئەکا
هیچ نەترسا، کەوتە ناو ئاگر برایم عاشقی؟
ئاگری سووری وەکو بەفری سپی بەللوور ئەکا
هەر وتی مەنسوور (أنا الحق)، تا بەئەزیەت کوشتیان
ڕەنجی عاشق زۆر عەجەب خۆشویستنی(١) ئەستوور ئەکا ؟
عەشق دوو عەشقە، یەکێ عەشقی خوا، یەک میللەتە
بێجگە لەم دوو خۆشەویستە عاشقی ڕەنجوور ئەکا
ڕوو لە مەیلی عیشقی زوڵف و کاکۆڵی شیرین مەکە ؟
عیشقی نیشتمان و گەلە مەژگی تەڕت پڕ نوور ئەکا
عیشقی میللەت ئیختیاری دەس ئەسیری-ی سەندووە
بۆیە بێ پەروا ئەوەندە گفتوگۆیی ژوور ئەکا

***

(١) لە دەستنووسدا (خۆشەویستی)، لەبەر نارێکیی کێش کردمانە خۆشویستنی.

شیوەنی شێخ موحەممەدی کەرەدان

لە ڕێگەی نەعشی پاکی شێخ موحەممەد سەییدی والا(*)
هەزارانێ لە دەوری دارەمەیتی مەرقەدی ئالا
وەها هاژا بوو عالەم هەر وەکو دەریا لەمەوجابێ
لە یەکتر بێ خەبەر مەستانە، دەبزووتن هەموو لالا
لەسەر دەس، دەس بەدەس، تاکو گەیشتە گۆڕی پڕ نووری
بەڕووی یەک، مەردم و حۆری و فریشتە[(١)]، گشتی هەڵ کالا
بەشەر دەیویست زەوی بێ جێی، مەلەک دەیبردە عیللییین[(٢)]
سولّح وا بوو لەشی لێرە، مەلەک[(٣)] ڕۆحی بەرێ بالا
ئەساسەن ڕۆح پەروەر بوو، لە دنیا و لەززەتی بێزار
لەشی بەرگێکی کولفەت بوو، بەمردن ڕۆی[(٤)] و داماڵا
سەما وا غارەتی کرد، کۆمەڵی نووری بەیەغما[(٥)] برد
ئەمە پیشەی سەمایە، ڕووی زەوی هەردەم ئەکا تالا
بە(غوفرانی وەدوود)[(٦)] تەئریخی ساڵی ڕیحلەتی شێخ بوو
بولی باغی بەهەشتە شێخ موحەممەد سەییدی والا

***

(*) ئەم شیعره لە دیوانی (م. ع)یشدا هەیە. ب/١ - ل/ ١٣٠ - ١٣١

(١) لە چاپی (م. ع)دا: فرشته.   (٢) لە چاپی (م. ع)دا: عەلی یین.

(٣) لە چاپی (م. ع)دا: فەلەک.   (٤) لە چاپی (م. ع)دا: ڕۆیی.

(٥) لە چاپی (م. ع)دا: بەلوقیا برد.

(٦) دەبێ بەپێی ڕێنووسی کۆن بنووسرێتەوە (غفران ودود) کە بەپێی ژمارەی ئەبجەدی دەکاتە (١٣٦١)ی هیجری (کۆچی)ی بەرامبەر (١٩٤٢ - ١٩٤٣)ی زایین... (ت).

شینی شەهیدانی کورد(*)

یارەب چە موسیبەتێکە لە کوردانی ئێمە قەوما
لەم میللەتە مەزڵوومە نە خۆراک و نە خەوما
خوێنی شوهەدا هەر وەکو سێلابی بەهارە
هەروا لەشی کوژراوە دەتلێ بە ڕووبارە
هاوار و گرین و جەزەع و ماتەم و شینە
ئەم زوڵمە لەبەر ئارەزووی دینی موبینە؟
شێخ و عولەما و سەید و سادات و ڕەئیسان
بێ شوبهە بەناحەق هەموو بێکردەوە کوژران[(١)]
بۆتی بژمێرم شوهەدای وەتەن و دین
بڕوانە دوو چاوت بەخوڕەم جۆگەی خوێنین
شێخ قادری سەردار و موحەممەد خەڵەفی ئەو
دکتۆر فوئادە کەسی من گوێ گرە بشنەو[(٢)]
سەعدی بەگ و فەوزی بەگ و قاسم بەگ و خان بەگ
یوزباشیە فیکرەت بەگ و، ئەجزاچی سالح بەگ
شێخن هەموو عەبدوڵلا و سەیفوڵلاە دیندار
مەلا سەلیم نەقشی، لە باتنی دڵی هوشیار

(*) لە مینای شکستە لاپەڕە (٤٠٧) و (٤٠٨) وەرگیراوە. لە کاتی خۆیدا لە ڕۆژنامەی (ژیانەوە) ژمارە (٤٧)ی ڕۆژی ١٩٢٥/١٢/٥دا بڵاوکراوەتەوە.
لە چاپی (م.ع)یەوە وەرگیراوە ب/ ٢- ل/ ٦٦- ٦٧.

(١) بێ کردەوە: بەبێ ئەوەی هیچ کردەوەی خراپیان هەبێ.

(٢) بشنەو: ببیسە.

ئایا چە ڕەئیسێ بوو، لە عەشیرەت حەمە ئاغا؟
بۆ شێخ عەلی دڵ دەسووتێ سینە لە داغا
یوزباشی قادر بەگ و ئەبوبەکر و عیززەت سەردار
ئیعدامی مەلا قادری کرد دوژمنی غەددار
خۆی کردە فیدای وەتەن کورد سەعید بەگ
قوربانی وەتەن بوو بە سەرو ماڵی ڕەشید بەگ
کوژراوە ئیسماعیل بەگ ئەمما بە چ غەدرێ
بۆ لاوەکانی بەدرخانی سینە دەکوترێ
خۆی و کوڕەکانی یە شەهادەت هەموو ڕۆیین
موفتی لە دیاربەکر ئەمانە هەموو خۆیین
ساڵح بەگی پاشا چە ڕەئیسێ بوو دەزانی؟
مەعسوومی برایم پاشا فەوتا چووە فانی
گەورەی هەموو لایێ بوو ڕەئیسی هەموو میللەت(٣)
خۆی و کوڕەکەی شێخ سەعید کەوتنە زیللەت
دیندار و موسڵمان و موتیع بوون بەشەریعەت
زۆریان عولەماو سەیید و ئەربابی تەریقەت
گەورە بەهەزاران و ڕەعیەت بەملیۆن
چەند سەدی دی، چوونە ئەگەر، بێ سەروشوێن(٤)
ئەم دەرد و بەڵا و ئەلەمەی هاتە سەر ئێوە
ئەی کوردە مەگەر چێشتبێتی خانلغی خێوە
خوێنی دڵە دەڕوا لە دوو چاوی کەسی کوردی
پیاوی وەتەنی وایە، برا گەورە و وردی

(٣) لە ژیانەوەدا لەجیاتی (کە گەورەی هەموو) نووسراوە (کە نووری هەموو).
(٤) بەشێوەی ئەسیری و بەپێی سەروا (قافیە) دەبێ (سەروشۆن) بێ (ت).

ب

هاوارە پێغەمبەر

هاوارە پێغەمبەر بکە دەرمانی دەردی یا تەبیب
کەوتۆتە دەردی بێ دەوا چارەی بەتۆ دەکرێ حەبیب
ئەم بێکەسە بێ چارەیە ئەم لوڕ بەچە ئاوارەیە
بێخاوەنە بێپارەیە چەن قەڕنە وا دەدرێ فریب
سۆلتانی بوو سامانی بوو، سوڵتانی وەک ساسانی بوو
ڕۆستەم کوڕی مەیدانی بوو، تۆرانی مل کەچ بوو عەجیب
ئەو خزمەتەی کردی ئەبو موسلیم بۆ نەسلی هاشمی
ئەهلی سەڵیبی وەرگەڕان، یووسف سەڵاحەدین نەجیب
هاوارە پێغەمبەر بکە لای خوا شەفاعەت بۆ ئێمە
کوردان هەموویان میللەتت ماون لە حیرەتدا غەریب
نەوزادی ڕۆڵەی کوردی گورد بەختت بەبیرم تازە مرد
ماوی بەخۆت ڕووت و زوگورد، کۆشش کە ئینجا یانەسیب
دوعا بکە بۆ میللەتت داکو نەمێنێ ئەزیەتت
هەر چەن کە زۆر بوو، میننەتت بانگ کە (ئەسیری) یا موجیب

***

ت

خوشەویستیی باب و داک

نەو ڕەسیدەی باغی میللەت چاوەکەم گیانم فیدات
گوفتی چاکەت پێ دەڵێم گوێ بگرە ئەی لاوی وڵات
داک و بابت هەر کە پیر و، کەم دەس و ئوفتادە بوون
حەق وەهایە خۆشەویستتر بن لە ڕۆڵانت لەلات
جێگەیی جیایان ببێ خزمەتکرێن دایم وەکو
خزمەتی بوتیان دەکەن هیندوو لە دێرو سەومەعات
خوا نەخواستە بێتو عاسیبی بەدڵیان گەرنەکەی
ڕاستی فایدەی نییە بۆ تۆ حەج و سەوم و زەکات
تێبفکری چاخی منداڵی نەخۆشبووی، بابەکەت
بۆ ئەوەی زوو چا ببی هەرچی هەبوو ئەیکرد فیدات
گەر لە کۆڵانا بهاتایە زریکە و دەنگی تۆ
زوو بەپێخاوسی لە دەرگا دەردەچوو بۆ لات ئەهات
چاخی ئێوارە لە کار و کردەوەی ڕاهی دەبوو
کوڵمەکانی ماچ ئەکردی پاک دەیشوشت دەست و پات
لەو شەوی دووری زمستان و، بەسەرماو و سەهۆڵ
دایکەکەت شیری دەدایتێ، ببووە قەڵغانی بەڵات
دەنگی گریانت بهاتایە لە جێگا دەردەچوو
ڕایدەژەندی لایلە گۆ بوو، تاکو چاخی ڕۆژهەڵات
چەندێ پیسیت کردە لەشیا، چەندی مرداریتی شوشت
هیچ لە ئەم پیسایییانەت، دایکەکەت قێزی هات

ڕۆژێ دەتوانی بەخێوکەی کاکە منداڵێکی خۆت
بۆیە فەرمووی پێغەمەر جەننەت لەژێر پێی ئوممەهات
لێت ڕەزابن دایک و بابت بەختیاری ئەی عەزیز
بێ شکە دوعای ئەوانە، باعیسی فەوز و نەجات
چۆن بەمنداڵی بەخێویان کردی، تۆش وا بی دەبێ
چاخی پیری هەر ئەوان بن گەورەیی ماڵ و سەرات
دەم بەدەم پاروویی چەور و خۆش و پاکیان پێ بدە
گوێ مەدە بوون و نەبوون و، گەورەیی و هات و نەهات
ئەی (ئەسیری) تۆ لە دەرحەق داک و بابت چی بکەی
بێ شکە دەرحەق ئەتۆش ڕۆڵەی شیرینت وا ئەکات

***

یا (محمد) مەدەدێ

کاکە موشتاقی کەسێکم لەوە فەڕو بەرەکات
پێت بڵێم کێیە بزانی لە (محمد صلواة)
ئەوە بۆ ئێمە تکاکەر دەمی دیوانی خوا
ئەوە ئوممێد و پەناوپشتە لە ڕۆژی عەرەسات
تووشی دەردێ بێ کە چارەی بەحەکیمان نەکرێ
باوەڕت بێ بەخوا یادی ئەوە کاکە شفات
لە پڕ ڕووەوڕوو بکەوم خاکی دەرت ڕامیسم
یا مەحەمەد مەدەدێ ئەم دەمە بەو خاکە بگات
تۆتیا یا نەخۆ ئیکسیرە بڵێم هەردوو کییە
من بەقوربانی بم ئەو خاکە کە کەوتە ژێری پات
کەسوکار و سەروماڵ و گەل و شارانی وەتەن
پێشکەشە گشتی بەیەکجا سەد ئەوەندەش بێ فیدات
گەر بەملیۆن بنووسم بێژ لە تۆمار و کتێب
کەمەکی نابێتە دەفتەر لەوتەی مەدح و سەنات
ئارەزووی شاری مەدینەی هەیە دڵ چونکە لەوێ
توزێ هێدی دەبێ دەیبینێ لە ڕوویی نەخشەجات
پادشای هەردوو جیهانی سەبەبی کەون و مەکان
خاتەمی دەوری زەمان، تاج و بوراقت بوو خەڵات
کردتی خوا لە مەککە و دەوری حیجازی پەیدا
بۆیە دایناوە لەوێ کەعبە و زەمزەم و عەرەفات
مەیلێ فەرموو بەمنی عاجز و داماو و فەقیر

مەیلی تۆ ئوممەت ئەکا گەر لە جەهەننەم بێ، نەجات
خۆشەویستیی تۆ نەبێ بۆ کەسێ هیچ کەڵکی نییە
نوێژ و تاعات و ڕۆژوو، سەد حەج و سەرفترە و زەکات
بەسەری ڕووتی و پاپەتی ڕووم کردە مەدینە و مەسجد
بەزەییت بێ بەگەلی کوردیی وێرانە وڵات
چ لەسەر حەقی خۆیان و، چ لەسەر دینی تووە
وەکو مەڕ سەردەبڕێن زیڕە و هاوارە بەڵات
عەرزی حاڵت ئەی (ئەسیری) بدەرە شاهی ڕوسول
بۆ گەیینە حەقی خۆت وەرگرە فەرمان و بەرات

***

مودیری جازیبە

ئەی مودیری جازیبەی گۆیان[١] و زەڕڕەی کائینات[*]
شایەدی بوونی تووە سووڕانی مانگ و ڕۆژهەڵات
بیری لاپلاسی لە فیساغۆری چاتر شایەدە
گۆی بڵندانی زەوی گەڕدیدەیی چۆلی سەرات
چوومە کارخانەی ئەلەتریکی، کە نواڕیمێ بەدڵ
سەربەخۆ مومکین نەبوو هەرگیز پەیاکا تەرتیبات
دووکەڵی ڕۆشن بووە مێژووی[٢] بڵندانی زەوی
وا ئەسیری پێ دەڵێن پەیدا چلۆن بوو کۆوەهات
فەرمەسۆنان وادەڵێن بێ ماددە پەیدا نابێ هیچ
ماددە نەبوو، چۆن پەیا بوو ئەو تەمەی ڕەنگ[٣] ڕۆشنات
بەندەکانت هەندێکی ڕێگای بەهیوا بردووە
گوم بووە، هەندێکیشی شێواوە داماوە لەڕات
هەور و با و باران و ڕۆژ و شەو هەمووی پێویستییە
حیکمەتی تۆیە فەقیری و دەوڵەمەند، هات و نەهات
لەم ئیدارەی تۆ کە دەیکەی تێ دەنۆڕم چاترێ

(*) ئەم شیعرە لە دیوانی چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/١ - ل/٨٧ - ٨٨
(١) چاپی (ع): کوڕات.
(٢) دەستنووس - گیو: مێژی.
(٣) لە دەستنووس - گیو-دا نووسراوە سەحابی (سحابی) بەڵام دواتر کراوەتە (تەمەی ڕەنگ).

بۆ بەنی ئادەم نییە، بۆ ڕێکی وو پێکیی وڵات
عاجز و دامەندەیی زانینی کار و کردەتە
سەد هەزارێکی وەکو لوقمان، ئەرەستۆ و سوقرات
هەر لەیەک عەردا هەوایەک، ئاوی یەک ڕووناکی یەک
بەر ئەدا زەهرە یەکێکی، نۆشە ئەودی دوو نەبات
تۆم ئەگەر تەئسیری ئەم جۆرەی بوایە سەربەخۆ
دوونەوەی ژێری، لەژێری و کۆڵێدا چۆن فەرق ئەکات
تۆ هەیو نابینرێی بێ جێ، لە هەموو جێیێ هەی
ڕۆح و عەقڵی[٤] خۆم دەلیلێکە لە دەسما وەک بەرات
ڕێکیی دەوری جیهان تێک ناچێ دیارە هەر یەکی
بەم یەکیت دیارە نییە ڕۆڵە و کەس و باوک و برات[٥]
ڕۆحی گەورە تۆ چیی[٦] و چۆنی بڵێم حەددم چییە
بیری پەششە[٧] بۆ چلۆنیی گۆی زەوی چۆن ڕێ ئەکات
یاخوا، بێ جێیە ئەم گوفتارە گەر عەفوم نەکەی
ڕوو لە کوێ کەم کێ نەجاتم دا لە ڕۆژی عەرەسات
زیندووە مردووی هەزار ساڵە ئەگەر مەیلت ببێ
هەر لەسەر نوو عالەمێ پەیدا بکەی هیچە لەلات
ئەی خوا ڕەحمێ بەقەومی میللەتی کوردم بکە
مەیل و فەرمانت ببێ ئاسانە، زوو پێک دێ ئەوات

---

(٤) چاپی (ع): نەفسی خۆم.
(٥) چاپی (ع): کەس و برات.
(٦) تۆ چیی و. چاپی (ع): تۆ چیی.
(٧) پەششە. چاپی (ع): بەشەر.

لاوی من تۆ کارگەری و زانین و، پەیدا کە دراو
ڕوو لە دەرگەی خوا دوعا کا سەیید و شێخ و مەلات
زوو بەزوو پێکدێ (ئەسیر) ئەوجا هیوایی گەلت
بەخششی زۆرە دەهەندەی نابڕێ هەڵبەت خوات[٨]

***

(٨) هەڵبەت خوات. چاپی (ع): قەت لێت بەرات.

بەگورجی بجووڵە(*)

بەگورجی بجووڵە لە کاری کەست[١]
لە عالەم بەجێماوەیە میللەتت
لە بۆ کاری خۆت هەر چەنێ سەعیکەی
نەبێ چاکی[٢] خزمت نییە میننەتت
ڕەهابی ئەلەم ڕۆژەدا سەرکەوی
بەڕاستی ئەوانن سەر و سەروەتت
هیوای من وەهایە بەچەن ساڵی تر
نەمێنێ خەم و عاجزی و حەسرەتت
ئەمە مروەتە نوقمی خۆراک بی
بەدوو نانی جۆ تێر نەبێ میللەتت
ئەگەر هۆگری تۆ بە کوردان نەکەی
لە ڕووی دوژمنت نابێ هیچ هەیبەتت
نەکەی حورمەتی بێ فەڕی خزمی خۆت
دەسا گەورەیان ناگرن حورمەتت
بەخزمی بزانە هەموو پیاوی کورد
بەڕاستیش ئەوانن قووەت و قودرەتت
وەها بەموتیعی وتەت بن هەموو
نیشانی بێگانەت بدە شەوکەتت

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/٢ - ل/٥٧
(١) کاری کەست. چاپی (ع): ئیشی کەسبت.
(٢) چاکی. چاپی (ع): نەفعی.

بکە هەر چی چاکە نەسیحەت بەوان
ئەوانن موعینت دەمی زیللەتت
فیدابی (ئەسیری) لە ڕێی(٣) میللەتت
لە پاش مردنت(٤) هەر دەبێ حورمەتت

***

(٣) لە ڕێی. چاپی (ع): لە بۆ.
(٤) لە پاش مردنت. چاپی (ع): لە پاش مردنیش.

نیقۆتین(١)

بۆ چی ڕۆڵە تاڵ ئەکەی بەمژینی (تنباکۆ)(٢) دەمت
سست ئەگەی بەو دووکەڵە بونیادی شیرینی لەشت
ماددەییێکی زەهری تیایە ناوی نیقۆتینە ئەو
دەتچرووسێنێتەوە، بێ فەڕ ئەکا ڕەنگی گەشت
سیوو جەرگت پێ ئەکا ژاری، نەفس تەنگاوەیی
کۆکە وو سیل و سەراسی فرتە، کەم هێزی بەشت
ترسنۆکی و گێژ و وێژی و شەونخوونیش بەرتەرف
ئاخری ڕۆژێک ئەبێ نامێنێ بیرو هیممەتت
چاخی پیری کول ئەبێ لێو و چەناگەت خوار و خێچ
ڕۆژ و شەو سەرسم ئەدەی وەک بازی قوچاخی ڕەشت
ئەو دراوەی وا (تماکۆ)ی پێ ئەسێنی بۆ سووتن
ڕۆژێ بۆ ئەو درهەمە گڕ ئەگرێ دوودی حەسرەتت
گەر خەزینەتبێ مەکە مەیلی (تماکۆ) لاوی من
ئەو دراوەی وا بەوی دەی بیدە پێویستی گەلت
ئامەدی کوردوستانە بۆیە دەیکێشم مەڵێ
بالەجێی ئەو ئابریشم پێک بێنێ پیاوی میللەتت
قەیرە وو پیرت (ئەسیری) گەرچی گوێ نادەن بەمە
وەک کەلامی قودسییە لای ساوا و لاوی نەوڕەست

***

(١) نیکۆتین.
(٢) تنباکۆ، تماکۆ: تووتن.

باوەپیرە

ئەی دڵی ناشادی من، تا کەی بێ، ئەندوە[1]و غەمت[*]
مێشکی خولیایی من، تا کەی بێ، جۆشین و تەمت
سینەیی بوریانی من، تا کەی بێ گڕپەی سووتنت
جەرگی زامدارم، هەتا کەی ئێشی زام و میحنەتت
حەققە وەڵڵاهی غەم و سووتان و ئاهو حەسرەتت
نیشتمان ویرانە، سەرگەردانە پیاوی میللەتت

***

(باوەپیرە) تۆ چییە وا عاجز و سست و خەمی
هێندە فرمێسکت دەڕێژی، غەرقی خوێناو و نەمی[2]
دەست و پێ و کەللەت دەلەرزێ، تووڕە وو دڵ پڕ هەمی
دەم بەدەم پەرپووت ئەبی، هەروا لەسەر خوار و کەمی
حەققە وەڵڵاهی غەم و سووتان و ئاه و حەسرەتت
نیشتمان ویرانە، سەرگەردانە پیاوی میللەتت

***

(قەیرە) تۆ بۆ چی کز و مات و مەلوول و سەر فرۆی
دەردەدار و دڵشێواو و توند و بێزاری لە خۆی

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا بلاوکراوەتەوە - ب/٢ - ل/٥١ - ٥٣
(١) چاپی (م. ع): ئەندۆ
(٢) چاپی (م. ع): تەمی

وا پەرێشان و شێواوی نازانی کێ وو لە کۆی[3]
حاسیڵی عومرت سەراسەر ئاهی سەرد و ئای و ئۆی[4]
حەققە وەڵڵاهی غەم و سووتان و ئاه و حەسرەتت
نیشتمان ویرانە، سەرگەردانە پیاوی میللەتت

***

(لاوی) شیرینم چ قەوماوە وەها تووڕە و هەڵەی
زەرد و لاواز و لەڕ و وشکی وەکو داری چەڵەی
جووڵە وو نققەت بڕاوە هەر وەکو ڕێویی تەڵەی
هەر خەریکی هات و هاوار و گرین و وەلوەلەی
حەققە وەڵڵاهی غەم و سووتان و ئاه و حەسرەتت
نیشتمان ویرانە، سەرگەردانە پیاوی میللەتت

***

(ساوە) تۆ بۆ چی ئەزیرێنی و ئەناڵێنی بەشەو
چاوی پڕ خوێنت بەڕۆژ و شەو، دەمێ ناچێتە خەو
تۆزێ داناکاسرێی، سرک و سڵی وەک بەچکە کەو
هۆگری باب و کەست نیی، ڕووت لە کۆچ و بار و ڕەو
حەققە وەڵڵاهی غەم و سووتان و ئاه و حەسرەتت
نیشتمان ویرانە، سەرگەردانە پیاوی میللەتت

***

تۆ (ئەسیری) بۆ چی تەنگاوی و مەلوولی و دەردەدار
وات ئەوێ تێکچێ زەوی پارەی ببێتە سەد هەزار

(٣) لە کۆی: واتە: لە کوێی... شاعیر هەر بەوجۆرەی دەنووسێ، دیارە... شێوەیەکە و لەگەڵ سەرواکەدا ڕێکترە. چاپی (م. ع): لە کوێی.
(٤) چاپی (م. ع): ئای و وای

واتەقێ گـشـتـی ببـێـتـە ڕێزە وو تۆز و غـوبار
بەڵکو ڕزگـاری ببێ کـوردی پەرێشـان و هەژار
حەقـقـە وەڵڵاهی غـەم و سـووتان و ئاه و حەسـرەتت
نیـشـتـمـان وێرانە، سـەرگـەردانە پیـاوی مـیللەتت

***

شینی ساڵح زەکی بەگی ساحیبقران(*)

نەبوو ئەی پیـاوی چاک چاخی نەمـانت
بۆ گـەل لەم چەرخـە پێـویست بوو ژیانت
لەداخی گـەل زوانم بەسـتـرابوو
لـەداخی تـۆ کـراوە بـۆ بـەیانـت
لەداخی کـۆچی تۆ دڵ بوو بەسـووتوو
ئەگـەرچی بۆ بەهەشـتـە ڕێی ڕەوانت
کە جێت هێشـتین و ئنجا لێت گەیشـتین
چلۆن بـوو بۆ گـەلت هەوڵ و دەوانت
پیـاوی لەشکری زانا و هۆشـەنگ
کـەلێنی خـسـتـە قـوللەی گـەل نەمـانت
لەشت گـەرچی نەمـا، گـوم بوو لەبەرچاو
دەمـێنێ تاکـو کـورد مـابێ، نیـشـانت
گـەواهی و بەڵگەی گـەورە و بوزرگـیت
لە دووی خۆت، جێ نەمانی موڵک و ماڵت
بەمـە زۆر بـەرز و باڵاوو بـوڵـندیت
هەتا ئەوجی فـەلەک چوو ناوونیـشـانت

(*) لە ژمارەی (٢٦٥٨)ی ڕۆژنامەی (العراق)دا بڵاوکراوەتەوە ڕۆژی ٣١- ١٠ - ١٩٨٤. هەروەها لە لاپەڕەی (٨٤)ی «ئەسیری شاعیرێکی شۆڕشگێڕی دوای حاجی قادری کۆییە».

(-) لە چاپی (م.ع)یەوە وەرگیراوە ب/ ١- ل/١٢٦- ١٢٧.

دەڵێ ئەو دەوڵەتەی جێما لەپاشت
بەسە ئەو ناوی چاکە بۆ بەیانت[١]
نەبوو کورتیت لە کاری چاکە بۆ گەل
نەشت کرد هیچ درێغی نان و خوانت[٢]
لە (غوفران) هاتەدەر تەئریخی چوونت
لەبۆ باغی بەهەشت جێگیر و مانت[٣]

(١) ئەم سێ دێڕە شیعرە لە کتێبەکەی مامۆستایان شارەزا و جەباریدا بڵاونەکراوەتەوە.
(٢) لە کتێبەکەی مامۆستایان شارەزا و جەباریدا وشەی (درێغی) نووسراوە (درێغی نان و خوان) لە ڕۆژنامەی (العراق)دا نووسراوە (درێغێ) وابزانم ئەو شێوەیەی مامۆستایان شارەزا و جەباری نووسیویانە ڕاستە.
(٣) وشەی (غوفران) کە بەعەرەبی بنووسرێ (غفران) بەئەبجەد ئەکاتە ١٣٦١ی کۆچی. کە دەکاتە (١٩٤٢- ١٩٤٣ی. ز)(ت)

کێیە ڕەحمت پێ بکا؟

کوردە وا فەتوا دراوە بۆ جەوازی کوشتنت[*]
چارە وو مەلجەء نییە، تەحقیقە ئەمجا مردنت
وا موحەققەق دەتکوژن، دەتکەن بەنیشانەی تفەنگ
با دەوامی بێ بەڕاستی شۆڕش و شەڕ کردنت
هەرچەنێ شێخ و مەلا و ئاغا و ڕەئیسی کورد هەیە[١]
گشتیان هەڵواسران بەسیە لە غەفڵەت نوستنت[٢]
تازە ئومێدت بەکێیە، کێیە ڕەحمت پێ بکا
دوژمنت دایم لە پارێزە زیانە وێستنت
شێخ[٣] عەبدولقادری نەجلی عوبەیدوڵڵا ئەوا
بێ خەتا هەڵواسرا تا کەی بێ دوژمن ویستنت[٤]
دوژمنت[٥] وا ئەسلیحەی خۆی ساز ئەدا بۆ کوشتنت
هەڵسە پێ، فایدەی نییە ئەمڕۆ لەسەر پشت کەوتنت
خوون[٦] وەکو سیلاوە دەڕوا سوورە دەشت و شیو و شاخ
غیرەتە شەو تا سەحەر، ڕاحەت لە جێگا نوستنت؟[٧]

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/٢ - ل/٢٤ - ٢٥ و ٨٩ - ٩٠
(١) چاپی (م. ع) لەجیاتیی (هەیە) نووسراوە (هەبوو).
(٢) ئەم نیوە دێڕە شیعرە لە چاپی (م. ع)دا بەم جۆرەیە:
گشتیان ئیعدام کران، تاکەی بێ دوشمن ویستنت؟!
(٣) چاپی (م. ع) لەجیاتی (شێخ)، (شێخی).
(٤) چاپی (م. ع) نیوە دێڕەکە بەم جۆرەیە:
بێ خەتا هەڵواسران، بەسیە لە غەفڵەت نووستنت
(٥) چاپی (م. ع): دوشمنت
(٦) چاپی (م. ع): خوێن.
(٧) نیوە دێڕەکە لە چاپی (م. ع)دا بەم جۆرەیە:
غیرەتە شەو تا بەیان ڕاحەت لە جێگا خەوتنت؟!

شیوەن و هاوار و قورپێوان و ئاهو حەسرەته
شەرتی ئینسافی نییە ئەم حەقـقە بۆ گڵ بردنت
کوردی بێکەس ئیتتیفاقێ تۆ لەگەڵ خزمت بکە[(٨)]
گەر پەشێویت لا بەلاکەی، کاکە پێک دێ ویستنت[(٩)]
گەر بەفەن و عیلم و سەنعەت کەی، (ئەسیری) ئیعتیماد[(١٠)]
بێ شکە مومکین دەبێ ئەو جارە دوژمن خستنت

***

(٨) چاپی (م. ع) لەجیاتی خزمت بکە: قەومت بکەی.

(٩) چاپی (م. ع):

گەر نیفاقت بەر تەرەف بێ کاکە پێک دێ ویستنت

(١٠) چاپی (م. ع) لەجیاتی ئەسیری: عەزیزم.

ئەمین و زەکی

زۆر لە ژوور هۆشی خەڵکە زانینت
هیچ وەکو خۆی نەبووگە نووسینت
هۆ وەزیری گەیاندن و کردە
دەم بەدەم لار و خوارە بەدبینت
خۆت وەکو ناوەکەت ئەمین و زەکی
هەر بەپێی پایەتە خوویی سەنگینت
شێخی سینا یەکەم لە ئاریی ئاسی
دووەمینی بەگۆیشی کوردینت
بەم هەمموو بیروکاری دەوڵەتییە
بەم گەلێ نووسراوەکەی بوو نوورینت
چاوی بەدبین کوێر و، چاوی گەل
ڕوون ئەکا، (نەخشەجێیی) ڕەنگینت
چە هونەرنویس لەسەر نوویسی یەک
هونەرە سەرلەنوێ نوویسی مێژینت
چاکە ناوت بنێن ئەمینی فیساغۆر
پتریش من دەڵێم، گەر نەبێ قینت
ویستنی ژینتە (ئەسیری) لە خوا
بۆ گەلت فەڕ و بەختە هەر ژینت

***

ئەوروپا پشتی شکا

ئەوروپا پشتی شکا میللەتی ئاسیا سەرکەوت
بەرزە پێ بوو ئەفەریقا، بەئەمەش ناوکی کەوت
سێ ئەسەل هاتە پەیا، کردەیی مارکۆنی، یەک
دووەمی هێزی شیوعی، سێیەمی هێزی ڕەوت
سەرفرۆ و خوارو پەرێشانیی گشت ئەوروپا
ئەمە بوو تاکو بەسەر تەوقە سەرا بۆ خۆی کەوت
دەستی ڕاستی لەگەڵ هیچ کەس پەیمانی نەبوو
مەبەسی دیلیی گەلان و سەرو دارایی زەوت
هەروەها تا لە دەسی چوو هەموو پێویستییەکی
لۆکە وو چەرم و خوری، مازوو و دەریایی نەوت
نادروستی ئەمە ئەنجامی دواڕۆژییەتی
سەرفرۆ و ڕووڕەش و ئاوارە دەبێ پیاوی چەوت
پیاوی بێگانە ئەمە پیشەیەتی ورد و هەراش
هەر لە حەوت ساڵەوە، تاکو تەمەنی حەفتا و حەفت
ئەمە دەرسێکە (ئەسیری) هەموو کەس بیخوێنێ
ئەوروپا پشتی شکا، ناوکی کەوت، تالعی خەوت
١٩٥٩

***

سەید تەها(*)

وتم بەگوڵشەنی وەتەن بەکێیە ئاوی ڕەنگ و ڕووت؟
وتی: نموود و شیرینیم بەیادی شادی سەی تەها
وتم بە کۆمەڵی گەلم بەکێ بڵند و دیار ئەبی؟
وتی: لە ڕووی جیهان ئەبم بە عەدل و دادی سەی تەها
وتم بەگەل هیوایی تۆ بەکێیە کۆنە خانەدان؟
وتی: هیوایی میللەتە عەقڵ و نیهادی سەی تەها
وتم بەخاکی پاکی کورد: بەکێ جوان و ڕێک ئەبی؟
وتی شرین و خۆش ئەبم لەسەر موورادی سەی تەها
وتم بەباغی شیرینی کوردستان بەکێ دڵگیر ئەبی؟
وتی وەتەن دڵگیر ئەبێ، بەلوتفی زیادی سەی تەها(١)
وتم بەداری چەم چییە بڵند ە و سەرفراز ئەبی؟
وتی بڵند و شۆخ ئەبم دەم دەم بەیادی سەی تەها
وتم (ئەسیری) کێیە پەناوپشتی تۆ؟
وتی وتەی بڵند ئەبێ بەندە، بەشادی سەی تەها(٢)

(*) ئەم قەسیدەیە بۆ سەید تەهای نەهری هەڵبەسراوە لە دەستنووسێکی لای خۆمانەوە وەرگیراوە. لە کتێبەکەی مامۆستایان جەباری و شارەزاشدا بڵاوکراوەتەوە. (م.ع).
(-) لە چاپی (م.ع)یەوە وەرگیراوە- ب/١- ل/١١١.
(١) ئەم دێڕە شیعرە لە کتێبەکەی مامۆستایان شارەزا و جەباریدا نەنووسراوەتەوە. مەبەسی شاعیریش لە (وەتەن دڵگیر ئەبێ) ئەوەیە کە وەتەن زۆرتر جوان و شیرین بێ لە دڵدا. (م.ع).
(٢) لە کتێبەکەی مامۆستایان شارەزا و جەباریدا نووسراوەتەوە:
وتم (ئەسیری) تیرەی تۆ کێیە پەنا و پشتی تۆ
وتی وتەی بڵند ئەبێ نیدایی شادی سەی تەها (م.ع)

ئەم پەرێشانییە هەتا کەی بێ؟

کوردە تەکمیلە خیلقەتەکەت[*][1]
لێک نوقسانە تەربییەکەت
کانی ئاڵتوونە[2] موڵکی ئەتۆ
کۆن و بێ کەڵکە سنعەتەکەت
سەروەتی تۆ لەحەد بەدەرە[3]
هیچە تا کەر بێ نەقلییەکەت[4]
گەرچی چالاک و گورج و ئازاشی
تێ پەڕی چاخی[5] خەنجەرەکەت
ڕەغبەتی زۆرە لات زانا[6]
فائیدەی چییە وێرانە مەدرەسەکەت[7]

(*) ئەم شیعرە لە چاپەکەی (م. ع)یشدا هەیە - ب/٢ - ل/٥٦ بەناوونیشانی (ناتەواوی)یەوە.

(١) چاپی (م. ع): کوردە تەکمیلەی خەڵقنەکەت.

(٢) چاپی (م. ع): ئەستوونە.

(٣) چاپی (م. ع) و دەستنووسەکەی لای مامۆستا گیو:

سەروەتی موڵکی تۆ لە حەد بەدەرە

بۆ ڕێکبوونی کێش و واتا، وشەی (موڵکی)مان لابرد... (ت).

(٤) چاپی (م. ع): ئەقڵیەتەکەت.

(٥) چاپی (م. ع): وەختی.

(٦) چاپی (م. ع): عولەما.

(٧) چاپی (م. ع): فایدەی چی خراپە مەدرەسەکەت.

زۆر بەکاری ئەتۆ لە بۆ خوێندن[8]
ڕێکیی تیا[9] نییە مەکاتیبەکەت
بەشەریعەت موتیعی کاکە ئەتۆ
جاهیلە، شێخە[10] گەوجە ڕەهبەرەکەت
ئەم پەرێشانییە هەتا کەی بێ[11]
وا لە فەوتانە میللەتەکەت
زەحمەتە بەم زووانە سەربکەوێ
ئەی (ئەسیری) سیاسەتی کەسەکەت

***

(٨) چاپی (م. ع): موستەعیدی ئەتۆ لە بۆ تەحسیل

(٩) چاپی (م. ع): ئینتیزامی.

(١٠) چاپی (م. ع): جاهیلە شێخ و...

(١١) چاپی (م. ع): ئەبێ...

شەهیدان

گوێ لە من کە بۆت بڵێم ئەی کوردی مەرد
وەقعەیی دڵسۆز، تا بتکاتە بەرد
تۆ گەلت مەزڵووم و سەرگەردان بووە
نیشتمانت سەر بەسەر وێران بووە
ساوە وو لاوت، لە زانین بەش بڕاو
پیر و قەیرەت غەم خۆر و مەزڵووم بوو
نیشتمان وێران و میللەت دەربەدەر
هیچ نەما بوو، بۆ پیاوت خێر و فەڕ
شێخ سەعیدی گەورە شێخی پالۆ بوو
ئاگەداری سەرشێواوی و حاڵی بوو
مەردی زۆر زانا وو گەورە هیممەتی
بەحری مەند بوو عیلم و فەزڵ و هەیبەتی
شەست[1] مەلای وای پێگەیاند وەک سیبەوەیھ
پیری ناسراو بوو لە گورجی تاکو تەیھ
سەد هەزارانی مریدانی هەبوو
بۆ ئەمانە پێ خۆر و، نانی هەبوو
غیرەتی میللەت لە دڵیا هاتە جۆش
عەشرەت و خزم و کەسی کەوتە خرۆش
ناوی خوای هێنا وو دەستی کردە شەڕ
شاری کوردانی وەدەست خست، بەرەبەر

(١) لە دەستنووسدا (شەست) بە(شەسد) نووسراوە.

لەشکری تورکان لەشەڕ هەشتا هەزار
سەر سنووری دەورەدا، بۆ چل هەزار
شەڕ هەتا سێ مانگ و دە ڕۆژ بوو تەواو
کوردەکان لای پردی پالۆ، بوون بڵاو
هێندە عەشرەت غایەنی کرد، بۆیە وا
مەحوو بەرباد و پەرێشان بوون ئەوا
شێخ کە زانی ئیشەکەی کەڵکی نەما
لەشکری دەوری کە جێمابێ کەمە
خۆی بەشەرتێکی وەها تەسلیم کرد
هیچ کەسێ مەسئوول نەبێ گەوران و ورد
بۆ دیاربەکر بردییان و کوشتیان
دار و سێپا دانرا، خنکانیان
ئەو شەهیدی گەورەیە ساڵی لە شەست
تێپەڕی بوو کەوتە گوڵزاری بەهەشت
بێ قەرار و قەول و، بێ شەرتن هەموو
تورکەکان سەردارەکانیان گرت هەموو
شێخ عەبدولقادری غەوسی دووەم
باسی کوژرانی ئەویشت بۆ بکەم
عارفی بیللاهێ بوو مەردێکی تەقی
پیری فانی زاهیر و باتن نەقی
جێنشینی شێخ عوبەیدوڵڵاھ بوو
خۆشەویست و ڕۆڵەیی دڵخواھ[2] بوو

(٢) لە دەستنووسدا (دڵخواهی بوو).

غەوسی بەغدا پشتییەو باپیرییە
(الحسن ابن البطوش) جەددییە
نوتفەیی پاکی ڕەئیسولئەنبیيا
ڕوتبەیی خۆشی ڕەئیسولئەولیيا
بردیانە ژێری سێ پا بەستیان
لەعنەتوڵڵاهی لەوانەی کوشتیان
شێخ زادە (نور موحەممەد) ڕۆڵەشی
هەروەها کوژران بەسێ پا بوو بەشی
مەشهەدی ئەو ڕۆژە هەر وەک کەربەلا
خوا بەتورکانا ببارێنێ بەلا
عیلم و فەننی بوو ئەرەستۆیی جیهان
عەزم و ئازایی وەکو شێری ژیان
باوک و کوڕ هەردوو بەیەکجا کوشترا
تف لە تورکان بێ، لە تەئریخ نووسرا
میر ئەلا خالید بەگیش سەردار بوو
پێش ئەوی بوو، ڕەهبەری بێدار بوو
ئەو سەرۆکی عەشرەتی جەبران بوو
ئەو مەداری ئیفتیخار و شان بوو
پێگەیشتووی مەکتەبی عەشرەت بوو ئەو
پڕ دڵی بۆ گەل غەم و میحنەت بوو ئەو
ژن برایی شێخ سەعیدی گەورە بوو
بۆ بڵندیی گەل لە کەشف و دەورە بوو
چوو بووە ئەرزڕۆم لە کاتی گرتیان(٣)
مەرحەمەتیان لانەبوو زوو کوشتیان

(٣) پێشتر بەهەڵە نووسراوە (کوشتیان) دواتر ڕاست کراوەتەوە.

هەر کە ئەویان کوشت و، کورد پشتی شکا
تێپەڕی ئەوجارە ئاشتبوون و تکا
بێ وەفان دەستیان شکێ چۆن کوشتیان
لەو شەڕی ڕووس و یۆنان چیی کرد بۆ وان
ناردراوی گەورەیی بەتلیسییان
ڕۆحی کورد یووسف ضیا بەگ، نەوجوان
ئیددیعای حەقق و بەشی کوردی ئەکرد
هێندە هەوڵی دا، هەتا لەم ڕێیە مرد
دەچووە کۆمەڵگاهی گەورەی تورکەکان
مەسئەلەی کوردی ئەدایە چاویان
گرتیان و کوشتیانیش بێ ئەمان
ڕۆژی وا دێ ئەژنەوی تورکان نەمان
سەرگەلەی کوردان بوو دقتۆر(٤) فوئاد
بۆ پەرێشانیی گەلی ئەیکردە داد
ئەو نەخۆشانی بەبێ مز چاک ئەکرد
ڕۆح و ماڵی سەرفی ڕێگەی گەل ئەکرد
ناوی دەرچوو بوو لەنێو کوردوستان
داخ داری کردەوەی بوون تورکەکان
وەعز و ئیرشادی ئەکرد بۆ میللەتی
بۆ وەتەن بۆ ئاخ و داخ و حەسرەتی
ڕۆژی ڕەش ئەویانیش هەڵواسی لە شار
دیاربەکر ماتەمگە بوو، گریان و زار
شێخ عەبدوڵڵاه، شێخی مەلەکان
غەمخۆری بوون ئەهلی ئەرز و ئاسمان

(٤) دکتۆر.

عالیم و عاقڵ بوو، داناو و زەکی
بۆ گەل و دینیشی حازر بوو چەکی
گەورەیی تەکیە و خەلیفان و مورید
ئەو بوزورگەشیان بەسێپا کرد شەهید
شێخ شەریف-ی نامداری شەهسوار
ڕۆژ و شەو بۆدین و گەل ئەیکرد هەوار
خاوەنی گەنج و خەزینە و ماڵ بوو
خۆی بەنووستنی سەر حەسیر خۆشحاڵ بوو
دۆشەگ و قاڵی بوو دانشتگەی میوان
خزمەتی(٥) یەک بوو لە دەرهەق شاه و شوان
بەرگی بەرخۆی کۆنەو و پێناوی بوو
بەخششی زۆر بوو لە دنیا ناوی بوو
خزمەتی زۆرە لە دەرهەق میللەتی
چوونە سەر سێپا بوو ئاخر میحنەتی
ئەی شەهیدی موحتەرەم، ئەی نامدار
تاکو ڕۆژی حەشرە ناوت پایەدار
باسی مەقسودانی بابا بەگ بکەین
زامی جەرگی میللەتی پڕ خوێ بکەین
ڕوکنی کوردستانی ژوور و بوو ئەوی
دەردی گەل نەیهێشتبوو خۆراک و خەوی
هێندە تێکۆشی، هەتا لەم ڕێیە چوو
دوا نەفەسدانی لەسەر سێدارە بوو

(٥) له دەستنووسدا (خدمەتی).
لێرە و لە جێی دیکەش (خزمەت) بە(خدمەت) نووسراوە.

یاوەرێکی میر ئاڵا بوو، نەوجوان
لای نەبوو عەلی ڕەزا بەگ ماڵ و گیان
گەه وتەی بۆ کاری، بۆ جووڵانی گەل
دەینووسی گاهێ بەچاپ و، گەه بەپەل
گەه لە مەیدانی شەڕا جەنگی ئەکرد
دوژمنی ترسان لەسەر سێدارە مرد
لاوی نەو جاهی نەوەی قوچ زادە بوو
خانەدان و دیتەو و بەگزادە بوو
داخەکەم ساڵح بەگی هانیش چوو
زۆر فیداکار و حەمییەت مەند بوو
ڕەهبەر و سەرکردەو و شەڕ کردە بوو
پیاوی تەدبیر و وتە و گۆ بردە بوو
ئەو دواڕۆژی دەزانی وەک سەطیح
ئاخری گوم بوو لەبەر چاو وەک مەسیح
خەڵکی هانی مستەفا بەگ شێروەش
هیچ نەمابوو ئەو بەتەنگی گیان و لەش
کار بەدەست و گەورەیی کوردان بوو
سایەدار و موئمینی یەزدان بوو
دین و میللەت بوو دەماودەم گفتوگۆی
تا وەکو خنکا لەسەر سێپایە خۆی
لاوی گەل، خیزانی زادە بەتلیسی
بەگ، کەمال فەوزی بەبێ ترس ئەینووسی
خاوەنی چاپ و غەزاتەی کورد بوو
شاعیر و نووسەر بەڕاستی مەرد بوو

هێندە نووسی تاکو ڕۆژێ گرتیان
دەست و پایان بەست، بەسێپا کوشتیان
چوتی زادە بوو کەمالەددین بەگ
پیاوێ دیاری بوو لە خەرپووت وەک مەلیک
حەق پەرست بوو و حەقیقەت بین بوو
هۆش و بیر و کاری بوو، تێبین بوو
دەردی میللەت ئاخری کاری لێکرد
ڕێی لەسەر سێدارە بۆ فیردەوس برد
حاجی ئەخنی بەگ دیاربەکری بوو ئەو
بێ مز ئەوقاتی فەقیری گەل بوو ئەو
غەدر ئەکا دیتی لە کوردان مەحکەمە
ڕۆڵە کوژراوش بێ، کوردی موجریمە
هێندە تیکۆشی، نیفاقی لانەبرد
ئاخری تێچوو لەسەر سێدارە مرد
بۆ شەهیدان بێجگە جەننەت جێ نییە
یەک لەوان خالید بەگی حەسەنانی-یە
عەشقی میللەت ئیختیاری سەند بوو
خۆی فیدای نیشتمانی پاکی کرد بوو
هیممەتی وەک ئەلبرووزی کێوی قاف
دەنگی ئازایی چوو بوو قاف تا بەقاف
عەشرەتی هەستان و خستە کارەوە
بۆ گەلی دوایی بووە سێدارەوە
حاجی مووسازادە عیززەت بەگ ئەویش
دەستی کردە وەعز و ئیرشاد و بەئیش

گەرچی دەیزانی دوایی تێ ئەچێ
خان و مان و ماڵ و موڵکی تێک ئەچێ
غیرەتی نەیهێشت لە جێی خۆی دانیشێ
لای نەبوو ترسی کە دوژمن بیکوژێ
دانرا بۆ کوشتنی دار و پەتی
بابژی میللەت لەسەر سێپا وتی
یەک لە گەورەی پالۆ عەبدوڵڵاه بەگ
پیاوەتیی دەنگی چوو بوو تاکو فەلەک
کوردێ ئازاری بدیتایە لە تورک
دەچووە لای پاسی بکا وەک شوان لە گورگ
سایەیێ بوو بۆ پەرێشانانی گەل
نان بدە بۆ کەفتە وو پیران و شەل
سەبر و ئارامی نەما بوو، کەوتە شەڕ
تا لەبەر سێپا وتی؛ بۆ گەل بێ سەر
شاعیر و میللی و گەلی خەڵکی سعرد
(ئومروئولقەیس) دوای ئەوی هێشووی ئەکرد
ناوی مەلا عەبدولڕەحمانی زەکی
هەر لە کارا بوو قەڵەمدان و چەکی
ڕۆژ و شەو دەینووسی وو هەوڵی ئەدا
بۆ کەسی خۆی کرد لەسەر سێپا فیدا
طاش کەسانلی شێخ ئیبراهیمی چاک
بۆ بلّندیی دینی کەوتە ژێری خاک
دیتی تورکان هەوڵ ئەدەن دین لابەرن
شەرع و قورئانش لە ناوا هەڵگرن

سەبر و ئارامی نەما خۆی دایە کوشت
زوو لە سەر سێدارە ڕۆیی بۆ بەهەشت
شێخ... ئیبراهیم ئەفەندیی شێخی جان
دای لە ڕێگەی دین و میللەت ماڵ و گیان
دین کە هەڵگیرا وتی سەر بۆ چییە
ماڵ و منداڵ و ژیانمان بۆ چییە
جاڕی ڕادابوو بەسەر تورکا جیهاد
تا لەسەر سێپا بەجەننەت بوو بوو شاد
یەک لە سەرکردەی شەهیدانی وەتەن
(ئەلحەسەن) زولکیفل بوو، پۆشیی کەفەن
تێگەیی ئەمڕۆ دەمی مللییەتە
چوونە ژێر باری کەسی دی میحنەتە
دەستی دایە پێنجتیر و کەوتە کار
ڕانەوەستا تاکو خنکانیان بەدار
شێخ بەهائەددین برایی شێخ سەعید
ئەو بوزرگەش بوو ئەلەم ڕێیە شەهید
دیتی تورکان زوڵمیان زۆرە لە کورد
چەن هەزار کەسیان پەرێشان کرد و مرد
ئەمری کردە قەومی کوردان بۆ جیهاد
هەر چییەکمانش بەسەر دێ باد باد
ڕانەوەستا تا لە شەڕدا پێوە بوو
گرتیان ڕۆحی لە سێپا لێوە بوو
والیی دارە هانی بوو فەقێ حەسەن
جەرگی میللەت بۆ ئەوی بۆتە سەرەن

بەخشش و ئەنعامی تورکانی نەویست
سەر بڵندی و گەورەیی کوردانی ویست
کەوتە ڕیزی نامدارانی وڵات
جەننەتی بوو بۆ مزی سێپا خەڵات
یووسف ئاغا ئەهلی غیرەت بوو ئەویش
با فیدای گەل بێ وتی ماڵ و سەریش
هاتە مەیدان پڕ لە چەک وەک شێری نەڕ
دوژمنی دەشکان دەماودەم بەڕ بەڕ
ڕۆژێ کەوتە دەستی دوژمن بێ خەبەر
بەستیانە دار و سێپا پەت لەسەر
بۆت بڵێم مەمی هەڵۆیە چۆن نەما
کەوتە بەر سونگی لەش و گیانی نەما
مەردی مەیدان سەرجەلەی شێران بوو
بۆ شێواویی گەل دڵی وێران بوو
هەر بەخەنجەر ڕانییە سەر دوژمنی
دەوریان دا کوشتیان قەومی دەنی
بۆ فەقێ ئەحمەد ئەوا سینەم سووتا
جەرگ و ناوم وا لە داخی لەت لەتە
خاوەنی تەدبیر و هۆش و بیر بوو
بۆ شکانی دوژمنی شێر گیر بوو
هیچ لە مەیدانی شەڕا کۆڵی نەدا
تاکو کوژرا هەوڵی دا مۆڵەی نەدا
شێخ (زیائەددین ئەفەندی)ی پالەوی
مورشید و سەرداری کوردان بوو ئەوی

دیتی باوەڕیان بەقورئانا نەما
تورکەکان مەیلیان لەگەڵ دینا نەما
هەرچی مالّی بوو لە شەڕدا خەرجی کرد
ڕووحشی دانا لەسەر سێدارە مرد
بۆ ڕەئیسی عەشرەتی زەرگانە غەم
چەن حەمییەت مەند بوو ئاغا کەرەم
عەشرەتی هەڵسان و خۆشی کەوتە پێش
هیچ نەترسا دەربەدەر بێ خزم و خوێش
وا شەڕی کرد عەشرەتی دوایی بڕا
خۆی لە مەیدانا بەگوللە لێ درا
قەهرەمانی گەل محەممەد ناو خەتۆ
بۆت بڵێم گوێ بگرە کردەی ئەو ئەتۆ
شێری غوڕەم مەردی جەنگ و مەعرەکە
بتدیایە وات دەدی غەرقی چەکە
دەستەیێ پیاوی لەگەڵ بوو کەوتە شەڕ
تا شەهیدیان کرد بەگوللە بێ مەفەڕ
نەوجوانی شۆخ و شیرین شێخ عەلی
ئەو برازای شێخ پالۆیی وەلی
لاوی نەوجا بوو لە دڵیا عەشقی بوو
عەشقی میللەت ڕۆژ و شەو سەرمەشقی بوو
خۆی نەگرت تاکو بەگژ تورکانە چوو
تا لە مەیدانا شەهیدی گوللە بوو
شێخی نەقشی، شێخ شەمسەددینی پاک
ڕووحی ڕۆیی بۆ بەهەشت، جیسمی لە خاک

هەر کە دیتی تورکەکان دینیان نەهێشت
سەبر و ئارامی نەماو و دانەنیشت
ئەو لەبەر دینی جیهادی تورکی کرد
بەستیانە دارەوە ئیمانی برد
یەک لە مامۆستای قوتابیی مەکتەبان
ناوی ئەحمەد فەخری بەگ بوو نەوجوان
مورشیدی لاوانی کوردانی شیمال
جەننەتی بۆ خۆی بەخوێنی کرد حەلال
بۆ نەجاتی گەل چووە نێو مەعرەکە
کوشتیان ڕۆژێ لە مەیدان ئەو بەگە
موفتیی لیجە مەلا عەبدولحەمید
ڕۆڵەشی وەک خۆی مەلا ، ناوی سەعید
باوک و کوڕ، بۆ دین و گەل هەوڵیان ئەدا
ئەمری لادینی درا گوێیان نەدا
چون حەمییەت مەند بوون تورکیان نەویست
هەر چەنێ ترسانران هیچیان نەبیست
هەردوویان هاوردە دیاربەکری خەراب
بێ خەتا هەڵواسران دڵ بوو کەباب
شێخ جەلالەددین ئەفەندی، شێخی جان
بۆت بڵێم ئەو سەروەرە چۆن بوو نیهان
دیتی تورکان بەرە بەرە قانوون ئەکەن
بۆ نەمانی دین، چەند و چوون ئەکەن
بیریان وایە زووانی کورد نەبێ
بێجگە تورکی هیچ گفتوگۆ نەبێ

ئەو لەبەر دین و گەلی بوو کەوتە جەنگ
تا لەسەر سێدارە ڕووحی کەوتە تەنگ
شێخ ئەیووبی چیای ڕەش گەورە بوو
هەر چییێکم وت لەمەوپێش لەو هەبوو
عیلم و فەنن و دین و دنیاشی هەبوو
هیچ لە شەڕ کۆڵی نەدا تا پێوە بوو
قەدری ئەفەندی لە مەعدەن والی بوو
جەننەتی بوو بوو، لە دنیاش ناوی بوو
سەر گەلەی کوردان ناوی زولفیقار
چۆن شەهیدیان کرد بەسێپاو و بەدار
سەر قوماندانانی لیجە حەققی بەگ
ڕووحیان برد بۆ بەهشت جەمعی مەلەک
چۆن سەرۆکێ بوو مەمەد شوکری گەلی
ڕووح و ماڵی دا لە ڕێی دین و گەلی
جان فیدا قادر بەگی سینانییە
جێی لە فیردەوسە لە دنیایا نییە
لیجەیین کەهیەن حەسەن ئەحمەد بزان
بۆ بڵندیی کورد، دایان ماڵ و گیان
گەورەیی لیجەن حەسەن ئاغا عەزیز
خەرجیان کرد بۆ وەتەن گیانی عەزیز
شێخ ئیسماعیل شێخی نەقشی بوو[٦]
بۆ فەقیران نان و خوان و بەخشی بوو
خۆی و برای عەبدوللەتیفی نامدار
پیاوەتیی لای خاس و عام بوو ئاشکار

(٦) لە دەستنووسدا: شێخ ئیسماعیل نەقشی شێخ بوو.

دیتیان نامێنێ تەکیە و خانەقا
واعیز و مورشید، مەلا، کاری شەقە
ئەمریان دایە مورید و سۆفییان
شەڕ بکەن بۆ دەفعی دوژمن گشتییان
تۆپ و بۆمبا وو تفەنگ نەیهێشت مورید
خۆشیان دوایی بەسێپا بوون شەهید
سەرجەلەی خێڵی گڕاوی لە زکی ناو
خۆی و خزمانی لە شەڕدا کەوتنە ناو
کۆشش و ڕەنجی ئەدا بۆ مییللەتی
داکو ڕزگار بێ نەمێنێ ئەزیەتی
خۆی و خزمانی لە گێژەنگەی شەڕا
هەر بەسونگیی دوژمنی دوایان بڕا
حاجی خالید بەگ، چ زاتێ بوو بزان
مێشکی پڕ هۆش بوو، دڵ ئاوەدان
ڕۆڵەشی مەلا محەممەد بوو، ئەمین
غەمخۆری کورد بوون، نەفەس کێش و حەزین
کۆمەڵی کوردیان ئەبەست گوفتیان ئەدا
هەردوو کوژران، کوردەوە دادی نەدا
شێخ قاسم، شێخی مەلەکان بوو
شادی قەسری جەننەتی عەدنان بوو
ڕاستی وو حەققی دەویست، شەرعی دەویست
پیسی وو لادینی وو فەحشی نەویست
ئەمری دایە کوردەکان چەک پڕ بکەن
ڕۆژ و شەو هیچ ڕانەوەستن شەڕ بکەن

هەر شەڕی کرد تاکو ڕۆژێ بەسترا
بۆ ژیانی دین و میللەت کوشترا
شێخ مووسا زادە وریا شێخ عەلی
هەولّی دا قایم بێ دینی، تەمبەڵی
دیتی گەل کاری پەرێشان و کزە
دوژمنی تالاّن کەر و، خائین، دزە
ڕاحەتو خۆراکی هەڵگیرا هەتا
کەوتە شەڕ کوژرا بەدەس قەومی چەتە
بەحری بەگ، جبرانی یوزباشی بوو، ئەو
پیاوی کارا بوو، مەڵێ ناشی بوو، ئەو
کوردەکان زانییان[7] پەناهێکیان نەما
دین و نامووسیان ئەدەن ئینجا بەبا
وەک پڵنگی بێشە هەڵمەتیان برد
ڕانەوەستا تاکو لێیان دا وو مرد
قەهرەمان بوو تاهیر ئاغای نامدار
لەشکری کوردانی کرد، پیادە و سوار
کەوتە سەر دوژمن، بەڕوویان هەڵگژا
گوللە وو بۆمباو و دانەی بۆ ڕژا
ڕای نەکرد تا کەوتە دەستی دوژمنی
کوشتیان، ئاوارە بوو ماڵ و ژنی
وا نەبوو خوێنخوارەکان هەر پیاو کوژن
چەن کەسانێکیانش هەڵواسی لە ژن

(٧) لە دەستنووسدا (کوردەکان زانی).

یەک لەوان دۆتەی نەوەی زەرکان بوو
ناوی شوهرەت، خانمی زەرکان بوو
گەرچی ژنبوو، غیرەتی پیاوی هەبوو
کردەوەی چاکی ئەکرد، ناوی هەبوو
گرتیان و بێ خەتا خنکانیان
هیچ نەیانگوت حورمەیە، فەوتانیان
خانمی دی ناوی بێزار دەملی بوو
شۆخ و شیرین و قەشەنگ و خەملی بوو
تێگەیی نامووسی کوردان لا ئەچێ
شەرم و سەرپۆشی حەیا وا لا ئەچێ
وازی هێنا بوو لە ڕووحی، کەوتە کار
کەوتە دووی دوژمن، بەشەڕ کردن بەغار
هەر کە لە شکریان شکا، ئەو کەوتە دەس
دا لەسەر سێدارە بۆ دوایی نەفەس
خانمی دی ناوی کوردی[8] جەبری بوو
ڕۆژی تەنگانە و موسیبەت سەبری بوو
دیتی کوردان خاو و خێزانیان برا
مورشید و گەورە سەرۆکیان سەر بڕا
دەستی کردە خزمەتی لەشکر بەچێشت[9]
زاد و ئازووخەی لە ماڵی خۆی نەهێشت
غیرەتی هێنا بەسەر لاوان و پیر
تا ملی بوو بەپەتی سێدارە گیر

(٨) لە دەستنووسدا (کودی).
(٩) لە دەستنووسدا (بەچشت).

خانمی دیش ناوی ئەو کۆتاییە
پێگەیشتووی خێڵی (مەقسوودانی)یە
دیتی کوژرا عەشرەت و خزم و کەسی
پڕ دڵی غەم بوو، سەری پەنجەی گەزی
زانی چارەی سەر نەماوە، بێجگە جەنگ
دەست و پێی هەڵکرد لە مەیدانا قەشەنگ
هێندە جوولا تاکو تووشی بوو ئەجەل
کەوتە سێپا، جەننەتی بۆ بوو بەدەل
باسی کوژرانی شەهیدان بوو تەواو
بۆت بڵێم سەرکردەکانی بوون بڵاو
گەورەیی گشتیانە شێخ عەبدولڕەحیم
ئەو برایی شێخی پالۆی جێی نەعیم
ئیمڕۆ بۆ تۆڵەی شەهیدی ئەعزەمی
وا لە کارایە چەک و نامە و دەمی
شێخ تاهیرش برایانە بزان
گورج و ئازایی وەکو شێری ژیان
زۆر زەبەر دەستە حەمۆ فاروویی شێر
دوژمنی دەشکان هەمیشە سەر بەژێر
گەر بزانی چۆنە یاد و کردەوەی
بۆ موەففەق بوونی کوردان ڕێ ئەبەی
خۆ سەلیم بەگ شوهرەتی زۆری هەیە
ناسراوە کردەوەی جۆری هەیە
ئەم برای خالید بەگی جەبرانییە
جێی نەفەوتاوە، مەڵێ وەک ئەو نییە

حوسێنی سپکان لە شەڕدا وەک هەڵۆ
بێتە تەدبیر و وتەش پیاوی بەخۆ
گەورە زۆر ماون، نەما ناویان لەبیر
وا لە مەیدانی شەڕن، نابن ئەسیر
دووشەوی پێچوو، ئەم هەڵبەستەم کە وت
عیللەت و دەردم هەبوو، جوانم نەوت
ئەی (ئەسیری) خوێندەواری کورد ئەمەی
زوو ڕەوان کا بۆ شەهیدان فاتیحەی

***

کۆیی گەلان (عصبە الامم)

١

هۆ (مرۆ) وا تێ مەگە بوویتە بڵند
وەکو ئەوسا کە پەیابوویتە نەوی
هەر چەنێ کار و بەرەت ڕێکە وو توند
کە لە ئەشکەوتا چلۆن بووی هەر ئەوی
بەچ تەرزێ کەتۆ دەرکەوتی لە هیند
لەوە بەرزترنیی لە یورپ بەشکە نەوی

٢

پتری ئێستا لە ئەوسای خونخوار
چاتریش هەڵمەت ئەبەی بۆ کەلەپوور
تۆکە بەدخواهی و پەرستی وو دڵدار
(پەلەوەر) هۆشی (فرشتەی) لەتۆ دوور
هەنێ دڕندە وو هەندێ بووە بار
کەی ئەبێ بەرزەوە بی، کەی ببی دوور

٣

کەسی کێوی کەس ئەخۆن، یێک یێک ئەخۆن
چەن هەزارێ، کە بەجارێ ئەکوژن
گەلی سەرکەوتوو چ بوو گۆشتی نەخۆن
زێ بەخوێن ڕاهی ئەکەن وای ئەمژن
کەسی کوژرا و چییە بیخۆن و نەیخۆن
کێوی بۆ گۆشتییە، ئەمان کەڵک ئەمژن

٤

ڕەخنەمان لێ دەگرن بۆ ئایین
دەوری باڵایی کەسە و سەربەستی
دەست و پا بەستەیی دینی دوایین
دینی ئەسەل خواری وو لاری وو سستی
کەچی خۆیان سەد هەزار لەوما چین
ڕەنج ئەدەن گەنجیش ئەدەن بۆ ڕەهی دین پەیوەستی

٥

باب دیاری نەبوو، گەورە بوو داک
هەڵدەهاتن لەیێک هەر وەک پەلەوەر
کێوی بوون خواردەمەنیشی گیاو و لاک
پیاوی گەورەی گەلێ زانا و بەهونەر
دەڵێن ئێستا کە وەها بین بێ باک
لە بەرایی کەس و نواییێکە خوویی بێ فەڕ

٦

پەردەیی ئایینڕەوشت، ڕووکەشی خوو
یانەخۆ کەسێ جڵەوی لانادا
ئارەزوو هات، ئەدڕێ پەردەیی ڕوو
سەیرکە ڕووسی چۆنی شەرم بەر با دا
کوانێ کەسێ بەرز و بڵند و چا بوو
هەر لە چەن ڕۆژێ بەچەشنێ با ئەدا

٧

ئەوەنە ڕاستە بڵێم بۆ بەرزی
کردە ئێستاکە بەپێی دەستوورە
خوویێکە کردە ئەگۆڕێ تەرزی
سەرەتای بەرزی لە سوزە و (ئوورە)
تێپەڕی زوو ئەلەمانە وەرزی
وا لە خۆرئاوا ئەمیستا نوورە

٨

سەیر بکە گوفتی لەڕێ کۆیی گەلان
کە لە گوفتارا سەر ئەفرازی عێراق
دەوڵەتی شاری هەرە پێشی جیهان
کە عێراق بوو لەفەن و کردەیی تاق
کلد و ئاسوور بوو لەوێ دەوڵەت ئەوان
کەسێ باوەڕ بەمەکا، کەمترە هۆشی لە شولاق

٩

(سۆمەری) و (کوسی) وو (ئیلام) بۆ ناڵێن؟
کە لە پێشی (بابل) و (ئاسوور) ئەلەوێ
بوون لە زانستی وەکو هێز و هەوێن
سەرەتای ڕشتەیی زانین ئەبەوێ
گەییوە تازە، خۆیان باشی دەڵێن
لە وێرانانەیی (سوز) کۆمەڵی کۆڵین ئەلەوێ

١٠

دە هەزار ساڵ لەمە پێش کێلانمان
شەش هەزار ساڵ لەمە پێش زانستی
کار و کردەی ڕێکیی شارانمان
ڕاستی زک دڕی سۆز دەرخستی
سۆز عێراق بوو نشتەکەی کوردی خۆمان
بۆچ بەدوومانا ئەخەن، گەوج و نەزان و سستی

١١

ئەوروپایی و ئەمەریکایی گشت
گەلی (ئارین) و لە (میدیا) ڕۆیین
لەگەڵ ئێمە لە ڕەگێک و یەک پشت
خۆ لە (کلدان) و (ئاسووری) جیایین
لە زووان و خوو کردار و ڕەوشت
وەلێ هەردوو یەکین ئیمڕۆ لە پەرستی ئایین

١٢

تێبگە خوویی (مرۆ) ژوور نەبووە
دین لە پیاو کۆیی گەلان وەک دەس و پا
کارییە هێندە هەتا ڕۆحی چووە
ناوی مێژووی کابراکان چۆن ئەبا
دەیدەی مێژووی کورد وەک نەبووە
دەنگی لێ ناکەن و، ناومان ئەلەوێنانە کپا

١٣

ئەوی وا باسی ئەکەن لاپوورە
لەبیابانەوە هات دامەزرا
دووەمین نیشتەیی شاری ئوورە
گرتیان و بووە دیل، دوایی برا
گفتوگۆ بۆ لەو ئەکەن بەم جوورە
گفتوگۆی مێژوویی کورد بۆ نەکرا

١٤

ئەمە بێ کردە وو کاری عوسبە
نەختێ بیری لێ بکە و وسکت بە
هۆ (ئەسیری) تێبگە و وسکت بە[*]

(*) گەلێک دێڕی ئەم شیعرە لە لایەن کێشەوە لەنگییان تێدایە و لەبەر نەبوونی ڕوونووس (نوسخە)ی دیکە لە بەردەستماندا، نەمانتوانی ڕاست و ساغیان بکەینەوە.

ر

دوڕی شەهوار

ئەتەوێ مەعریفەت لەلاپەڕەی گۆڤار[*]
سەیری «گویش»[1] بکە لە ڕووی هاوار
گوفتی[2] نووسراوی نویسەرانی[3] ئەو
نرخی بێ حەددە وەک دوڕی شەهوار
نویسی[4] ئایینە بۆ کەسی زانا
بۆ دەسی لاوی نویسەران[5] تۆمار
خووندنی ئاشکار ئەکا کەڵکی
خێوی هۆشەنگە نویسەری[6] سالار
تاکە ئیمرۆ لە چاپدراوی کورد
مەرهەم و هێزە بۆ دڵی بیمار
یاریدەیدا ئەوی دەڵێ کوردم
کردە تاوە[7] چ کەڵک ئەدا گوفتار
ڕەهبەری گەل (ئەسیری) زانستی
نویس[8] و ڕۆژنامە، چاپ و هەم گۆڤار

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/١ - ل/١١٩
(١) گویش: گوتن
(٢) چاپی (م. ع): گوفت و...
(٣) چاپی (م. ع): نووسەرانی
(٤) چاپی (م. ع): نویس
(٥) چاپی (م. ع): نووسەران
(٦) چاپی (م. ع): نووسەری
(٧) چاپی (م. ع): کردە ناوە
(٨) چاپی (م. ع): نویسی...

جەمال بەگ بابان(*)

ئەی وەزیری بەعیلم و فەن هوشیار
تۆی لە بابان مونەووەر و سەردار
هەرچی تەنگانە بێتە بەر وزەرا
حەللی ئیشکالیان ئەکەی تۆ چار
پیاوەتی ناوتی بەرز و بالآ کرد
نایەوێ چاپ و بانگ و ئاواز و جاڕ
زۆر کەسانێ لە سایەتان بەرز بوون
وەختە وابن لەگەڵ خۆتان هەموار
کردەو و چاکەتان بنووسم گشت
نایگرێ دەفتەر و پەڕەی تۆمار
فەخر ئەکەن گشت بەعیلم و پایەیی تۆ
گوردی کرمانج و کوردەوەندی لار
گەورەیی چاکە و بەخش و کەڵکە
نەک زەبر دەستیو و گیان ئازار
گەر جەمال بەگ بنووسێ نێودێڕێ
بۆ کەسێ چاترە لە سەد خەروار
شاعیری کوردی هۆ (ئەسیری) دەی
بۆ بەبانیش بنووسە زوو ئاسار

***

(*) ئەم هەڵبەستە ساڵی ١٩٣٤ لە ستایشی جەمال بابان نووسراوە.

شیوەن بۆ باوکی(*)

چبوو لێمان لەکاتێ کەوتیە دوور
دەسا پڕ گۆڕەکەت بێ ڕەحمەت و نوور
لەبەر ئارامی دڵ خۆت مای لە لامان
وەلێ ڕوحت گەیشتە عالەمی ژوور
کوڕان و خزم و خوێش و دۆستی لاوت
لە غەم پیر و هەموویان پشتیان کووڕ
لە داخت شاری کەرکووک خوڕ ئەگری
لە خوێنی چاوە حەوشی تەکیەکەت سوور
بەشادی و سەربلّندی چویتە جێ
بەهەشتە باڵەخانەت نۆکەرت حوور
ڕەفیقی چاک و چاکیت بۆ هەموو کەس
کەس ڕەنجی نەدی لێت تاوەکوو موور
یەکێ پرسی لە تەئریخت وتم پێی
لە دیوانی خودایە (حي مغفور)(١)

(*) ئەم شیعرە لە کتێبەکەی مامۆستایان شارەزا و جەبارییەوە وەرگیراوە.
(-) لە چاپی (م.ع)یەوە وەرگیراوە ب/١- ل/١٢٥
(١) (حي مغفور) بەپێی ژمارەی ئەبجەدی عەرەبی ئەکاتە ١٣٤٤ی کۆچی. دەکاتە: (١٩٢٥- ١٩٢٦)ی. ز.(ت)

تەنوور - تیانوور

دڵ گڕی ئاگری ئێستا وەک تەنوور
بەئومێدم سبەی پڕ ببێ نوور
بەوتەی زەند و دینی زەردەشتی
لە تەنووریان مەبەست ئەوە، تیانوور
کەی ئەگۆڕێت و سەوز ئەبێ نیشتمان
ڕەنگی ئێستەی بەخوێنی کوشتیی سوور
کوانێ مەردێ بچێتە سەر قەندیل
وەکو مووسا ، کە چۆن چووە سەر توور
کوانێ بۆ یەکدەسی و هۆگریی گەل
بێنێ بۆ سەرفرازییان دەستوور
هاکە بەخشی خوا، ئاواتی دڵ
گێلە بێژێ کەسێ هیواتانە دوور
کەم کەمە و وردە وردە جووڵە ئەکا
ڕێک ئەخا شار و خۆراکی کۆمەڵی موور
گەرچی دۆڕانی گەل لە وازیدا
ماوە مافی لەوازی کردن چوور
زۆر ئەبێ ساوە پەک ئەخا گەورەی
چی هەبێ لێی ئەکا بەچۆڕێ جوور
گەرچی بیرە و هەوایە دەینووسم
بەغەم و دەردەوە لە شاری زوور[١]

(١) شاری زوور: مەبەست لە شاری کەرکووکە کە ناوەندی ویلایەتی شارەزوور بووە.

زۆری پێ ناچێ دێتە دی بیرم
ناوی من باس ئەکەن خوار و ژوور
مرد (ئەسیری) بەداخەوە ڕۆیی
گۆڕی پڕ بێ، دەڵێن لە کۆمەڵێ نوور

***

مەلا محەممەدی کۆیی

فەلسەفەی دینت وەکو شێخی غەزالی-ی خستە دەر[*]
فیکری سوقراتت لەزیهنە، عەقڵی لوقمانت لەسەر
شارەزایی گۆی زەویت، زیاتر لە عیلمی بولفیدا[١]
خۆ نەشتکردوە بەهیچ لایێکیدا گەشت و گوزەر
نەشری عیلمولرۆحی تۆ مانەندی (فەخری رازی)یە
بیری ماسۆنی لە مەژگی لاوی کورد بوو دەربەدەر
خەتمە عیلمی عەقڵی وو نەقڵی لەسەر تۆ هەردووکی
(ئیبن رشد)ی ئەندەلوس عیرفانی وابووبێ مەگەر
ڕێی خورافاتت بڕی، بنیادی فێڵی شێخەکان
بووبە دیوانی شرین و ڕەوشەنت، زێر و زەبەر
ڕەهبەی ڕاهی سەعادەت مورشیدی دینی موبین
عیلم و مەعلوماتی تۆ بۆ دینی ئیسلامە چەپەر
ڕاستی وو حەق و حەقیقەت چیبێ، بێ پەروا دەڵێی
پێشڕەوی[٢] ناکەی لە هیچ تەعنێکی نافامی حەزەر
شیعری پڕ مەعناو چاکت بۆتە دەستوورولعەمەل
لاپەڕەی گۆڤارەکانت، بۆتە کانیی خێر و فەڕ
هەر چەنێ مەدحی جەنابت کا (ئەسیری) هەر کەمە
بۆ جەلیزادە دەبێ هەڵبەستێ تاقی زەفەر

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە. ب/١ - ل/١١٥

(١) ئەبولفیدا: عیمادوددینی کوڕی عەلی-ی ئەییووبی (١٢٧٣ - ١٣٣١)ی. ز لە دیمەشق لە دایک بووە. چەند کتێبێکی بەناوبانگی هەیە، لەوانە: تەقویمولبولدان (تقويم البلدان).

(٢) چاپی (م. ع): پێڕەوی.

ستایشی پێغەمبەر (د.خ)[*]

دین و شەرعی لە حەیاتا بوو بەخووی[١]کەوتنە سەر[**]
بەسیاسەت لە جیهانا بووە پەیڕەو ڕەهبەر[٢]
لە هەموو جەنگێ موحەممەد دەبووە سەرلەشکەر
قائیدی حەربی سەف و، ماحیی فەننی کەڕ و فەڕ
نەزم و تەرتیب و ئیدارەی بوو بەپێویست و قەدەر
ئەوە قورئانە، کتێبی بولەغا بوون کەچ سەر

(*) لە مزگەوتی برایيم بەگ لە مەولوودێ، کە ئیدارەی ئەوقاف کردی، ئەم هەڵبەستەم لە ستایشی پەیامبەر هەڵبەست و خووندمەوە، پێشەنگەکەم بەعەرەبی خووندەوە لە مێشکی گۆهدەران وا کاری کرد، هەموو مەست بوون، لە ڕۆژنامەی کەرکووک لە ژمارە (٥٠٩) دا لە چاپ درا. «ساداتي حثني الشوق العظيم والنسبة التي افتخر بها ان اكتب في مدح الشارع العظيم، سيدنا بل سيد البشر قصيدة أن اصف جلالته بقدر استطاعتي، فهل يمكن لي أن اصف ذلك الذات الاقدس بجميع أوصافه الذي عجز عن وصفه فحول الشعراء وكبار الكتاب، كيف لا وهو ظهر ونبغ في محل بعيد عن الأبهة و بين قوم كانوا يعبدون الاصنام، ونشأ على صدق وأمانة حيث دعى الأمين وأتى بالقرآن الكريم الذي آية من آياتة عجز الشرق والغرب، أليس لكل مسلم ومسلمة أن يعتبر ذلك اليوم عيداً من اعظم وأشرف الاعياد، اذ لولاه ولولا تعاليمه لما كنا نعرف الاعياد، وها أني أتلو على مسامعكم القصيدة التي انشدتها باللغة الكردية بالنظر الى أني أحسن هذه اللغة، والقصيدة هذه». (١٢) ربيع الاول /١٣٥٣، ٢٥ حزيران 1934/ (الاثنين) (ئەسیری)

(**) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/١ - ل/٩٤ - ٩٧

(١) چاپی (م. ع): بەهۆی.

(٢) چاپی (م. ع): هەر بەئیعجاز لە جیهانا بووە پیر و ڕەهبەر

سێنزە ساڵ موددەیی کردەی بوو، بەبێ سنعەت و زەڕ[٣]
نەسولەیمان، نەزولقەڕنەین نەوەها ئەسکەندەر
هەیە بەم جۆرە کەسێ، کردە وو کاری لە بەشەر
کەنەبێ دیارە موحەممەد لەبەشەردا سەروەر

***

وا نەبوو چاری نەبێ، تەنگبێ لە دەستی ئەعدا
دەرەتانێکی نەبێ بێجگە کە دەرچێتە سەما
بەسەبات و زەفەری دوژمنی تاکێکی نەما
پاش وەفاتیشی لەشی نووری کە لە حوجرەی هەرما[٤]
ئەمە دەرسێکە حەکیمی وەتەنی ڕێی پێ ئەبا
ئیمڕۆ پارێزی حیجاز وەک لە حەیاتی هەر ئەکا
هەیە بەم جۆرە کەسێ، کردە و کاری لەبەشەر
کە نەبێ دیارە موحەممەد لەبەشەردا سەروەر

***

ئەو هەموو ماڵی غەنیمەت، کە وەریگرت لە غەزا
گەنجی بەحرێنی لەگەڵدایە سەحابی وو گەدا
لەسەر ئەم قودرەتەوە، خۆی بەفەقر[٥] ژینی ڕەزا
بەکەس و خزمی لە ماڵ و تەریکەی[٦] ئیرسی نەدا
کە بەتەعیینی وەلی عەهدێ، بەبەشداری نەدا
مەقسەدی ئوممەتی بوو ئایەتی شەئنی ئەمەتا[٧]

---

(٣) ئەم نیوە دێڕە و دێڕی دواتر. لە چاپی (م. ع) پاش و پێشن.
(٤) چاپی (م. ع): هەرەما
(٥) چاپی (م. ع): بەفەقیری
(٦) چاپی (م. ع): تەریکە
(٧) چاپی (م. ع): ئەوەتا

هەیە بەم جۆرە کەسێ کردە و کاری لە بەشەر
کە نەبێ دیارە موحەممەد لە بەشەردا سەروەر

***

دەرس و تەحسیلی نەبوو، بیری لە تەئریخەوە بێ
گەشت و دەورانی نەبوو، بیری[٨] لە بینینەوە بێ
قەومەکەی ڕاقی نەبوو، حیسسی لەلای وانەوە بێ
نەوەیی شاهێ نەبوو، تاجی لە لێکدانەوە بێ
ئەمە ئیللا ئەبێ، ئیلهامی لە یەزدانەوە بێ
موسڵیحی گەورە بەتەنگی هەموو ئینسانەوە بێ
هەیە بەم جۆرە کەسێ کردە وو کاری لە بەشەر
کە نەبێ دیارە موحەممەد لە بەشەردا سەروەر

***

---

(٨) چاپی (م. ع): فیکری

چوارینه(*)

ڕوانیمە حەق پەرستی سیپارەکەی بەشیر(۱)
پڕبوو لە گوفتی چاکە و هۆشەنگ و بیر
کورتی نییە "ئەسیری" کە نەیدیبێ مەکتەبێ
وابوو لە چاخی خۆیا سوقراتی ژیر

(*) لە گۆڤاری بەیاندا ژمارە ۲۵/ مایسی/ ۱۹۷۵ بڵاوکراوەتەوە لە وتارێکی مامۆستا "نەسرەو"دا. دەرحەق بە ستایشی (سیپارەی حەق پەرستی)یەکەی مامۆستا بەشیر موشیر وتراوە.
لە چاپی (م.ع)یەوە وەرگیراوە ب/ ۲- ل/۶۹

(۱) سیپارەی حەق پەرستی: ناوی کتێبێکە مامۆستا بەشیر موشیر دایناوە.

س

تۆفیق وەهبی

بانگەوازێ بکە لە (ملتیادیس)(۱)
فەننی ئەفلاکی وەک (ئەرەستۆتالیس)(۲)
بەڵگەی زەیرەکی لە ڕووی (تۆفیق
وەهبی)یە، وەک بڕەندیی ڕاجیس(۳)
کۆشش و بەخشی گیانی بۆ خاکی
وایە داماوە، لە (سەمیرامیس)(٤)
باسی ئوستادی لەشکری ئێژێ
(لۆندرە) و (پاریس) و(مۆسقوا) و (نیس)(٥)
بانگی سەرکردەیی زرنگاوە
لە زەوی دەنگی دا لە ڕووی (بورجیس)(٦)
بۆ بڵندیی ستوون و پایەیی گەل
لە تەوانا پتر لە هێزی لیس(۷)

(۱) ملتیادیس... یان میلیساد... (؟ - ٤٨٩ پ. ز مردووە، یەک لە گەورەترین سەردارانی یۆنانی کۆنە... بەسەرکەوتنی شەڕی ماراتۆن بەناوبانگە.
(۲) ئەرستۆتالیس: گەورە فەیلەسووفی بەناوبانگی یۆنانی کۆنە.
(۳) بڕندەیی ڕاجیس: ئەمەمان بۆ ساغ نەکرایەوە.
(٤) سەمیرامیس: شاژنە حوکمداری ئاشوور و بابلی کۆنە، گوایە بەر لە ۱۹۱٦ی. پ. ز فەرمانڕەوایی کردووە. ژیننامەی لە ئەفسانە نزیکترە وەک لە مێژوو. گوایە باخچە هەڵواسراوەکان و شوورەی گەورەی بابل ئەم دروستی کردوون.
(٥) لۆندرە: لەندەن. مۆسقوا: مۆسکۆ.
(٦) بورجیس: یان بەرجیس: ئەستێرەی موشتەری.
(۷) لیس: داپڵۆسین و لێکدان.

چاکە بێژە (ئەسیری)ی بێژەنی کورد
نییە هیوا لە کوکڵەوو ڕووکیس[٨]

١٩٣١

***

(٨) هیوا لە بووکەشووشە و ڕووو داپۆشراو و شاراوەدا نییە. (ت)

غیرەتی میللەت

غیرەتی میللەت کەی ئەبێ بێتە جۆش[*]
گەورە و ساوەی دڵی بێتە خرۆش
توند بێ لەکارا، دەست و بردی ببێ
زیرەک و وریا، بەدڵ و چاو و گۆش
بیری بڵند، زانەری عیلمی جیهان[١]
مێشکی[٢] پڕ بێ لە تێبینین و هۆش
کارگەر و کۆشش بێ ڕۆژ و شەو
گورج، بزێو و فەنن و حیکمەت فرۆش
هێدی وو هۆشیبێ لە تەنگانەدا[٣]
هەرچی بەلایێ[٤] بێ، نەکا بۆی پەرۆش
لاوی عەزیزم وەکو کوردی شیمال
گیان بدە بۆ گەل و کۆمەڵ ئەتۆش[٥]
بەسیە (ئەسیری) چ دەڵێی بێ خەبەر
غیرەتی میللەت ئەوە هاتۆتە جۆش[٦]

***

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/٢ - ل/٣٧
(١) چاپی (م. ع): بیر بڵند زانی عیلمی جیهان.
(٢) چاپی (م. ع): مێشک.
(٣) چاپی (م. ع): هێدی و بەهۆش بێ لە تەنگانەدا.
(٤) چاپی (م. ع): بەلایە.
(٥) چاپی (م. ع): ڕووح بدە بۆ گەل و کۆمەڵت ئەتۆش.
(٦) چاپی (م. ع): غیرەت ئەوە هاتۆتە جۆش.

ل

فەڕی زانین

بوون بەسەرگەورە بەعیلمە نەک بەبالاّ وو جەمال[*]
عیلم کەسبی پێ دەوێ مومکین نییە بوونی بەماڵ
غوربەت و تەرکی وەتەن، ڕەنج و ڕەزیلیی پێ دەوێ
تەرکی قەوم و خزم و ئەرباب و کەس[١] و ماڵ و مناڵ
چەند زەمانێکی موەققەت[٢]، ئەم جەفایەی پێ دەوێ
پاش ئەوە ڕۆڵە ئەبیتە خاوەنی[٣] جاهو جەلال
کارگەر و زانا[٤] نەبی، هیچی لەپێش چاوی بەشەر
هەرچەنێ زۆرت بگاتە مەرتەبەی زۆراب و زاڵ
گیانی پاکی هاونشینیی زندەیی ژووران ئەکا[٥]
ئەو خوا پێداوە زانینی گەییبێتە کەماڵ[٦]
خۆش ئەکۆشێ خۆش ئەپۆشێ خۆش ئەنۆشێ ڕۆژ و شەو[٧]
دێتە بەردەستی بەسووکی خوورشی[٨] چاک و حەلاڵ

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە – ب/١ – ل/١٠١ – ١٠٢
(١) لە چاپی (م. ع): خزم.
(٢) لە چاپی (م. ع): مەوەققەت
(٣) چاپی (م. ع): ساحیبی.
(٤) چاپی (م. ع): عیلم و عیرفانت
(٥) چاپی (م. ع): ڕووحی پاکت ئیلتیحاقی عالەمی عولوی ئەکا
(٦) چاپی (م. ع): ئەو خوا پێی وا دەدا عیلمێ کە پێی بێتە کەماڵ
(٧) چاپی (م. ع): قەند و ئاو
(٨) چاپی (م. ع): بەدەوری نیعمەتی

ژین و خۆش خۆری ئەلەم دنیایە گەر بۆی دەس نەدا[٩]
حورمەت و قەدری[١٠] هەیە لای پیر و جاهیل و مناڵ
سۆفییەک عیلمی نەبێ، دایم لە مەعنا[١١] بێ بەشە
سیحرە ئیستیدراجە، دیتت جاهیلێ بفڕێ بەباڵ؟[١٢]
داخیلی ئەشرافە، گەورەی خەڵکە[١٣] پیاوی خوێندەوار
ئەو کەسەی نەیخوێندبێ، دەڵاڵە، بەقاڵە، حەماڵ
بێژمێرم فەڕی خوێنین و، نەزانین، بێ فەڕی[١٤]
لاپەڕەی ڕۆژنامەکەت، ناکا[١٥] لە بۆ چاپی مەجاڵ
ئەی (ئەسیری) چاکیی زانین بنووسی ڕۆژ و شەو
نایێتە کۆتا لە زانینا وتە و شیعر و مەقال[١٦]

***

(٩) چاپی (م. ع): عەیش و نۆش و لەززەتی دونیای ئەگەر بۆ دەست نەدا
(١٠) چاپی (م. ع): حورمەت و فەزڵت
(١١) چاپی (م. ع): لە باتین
(١٢) چاپی (م. ع): سیحرە ئێستا، هەرچی دەیدات، جاهیلێ، بفڕێ بەباڵ
(١٣) چاپی (م. ع): گوێرەی خەڵکە
(١٤) چاپی (م. ع): گەر لە بۆتان بژمێرم نەفعی عیلم و شەڕی جەهل
(١٥) چاپی (م. ع): ناگا
(١٦) چاپی (م. ع):
ئەی «ئەسیری» موددەیی عومرت بنووسی باسی عیلم
ئینتیهای نایێ لە عیلم و قەید و ئەبحاس و مەقال

هیوای منی

(پێنج خشتەکی لەسەر غەزەلێکی حافز)

ڕوخساری قەشەنگت گوڵ و ڕەیحانە وو سومبول[*]
لەو شیرنییە بانگی کەو و قومری وو بولبول
نیشتمانی شیرین، عاشقی تۆ گیانی من و دڵ
هر کس کە ندارد بجهان مهر تو در دل
حقا کە بود طاعتی أو ضایع و باطل

***

نرخت نییە کێشت زەڕ و زیو و دوڕ و گەوهەر
بۆ عاشقی تۆ نرختە، خوێنی بەدەن و سەر
نیشتمانی شیرینت لە جیهانا ئەسەلی شەڕ
أی زاهد خود بین بدر صومعە بگذر
آن دلبری من بین کە بود میر قبائل

***

سەرخۆشی خەیاڵی تووە ئاگاهی و سەرمەست
بەرزە و نەبەزە، دۆستی تۆ مەردانە وو سەربەست
بەدخواهتە[1] ڕووزەرد و پەرێشان و بەدوپەست

(*) سێ پێنجخشتەکیی ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)دا هەیە. ب/١ - ل/١٤١...
هەروەها دوا پێنجخشتەکیی (بەدەستنووسەوە) لە لاپەڕە (٨٠)ی هەر ئەم شوێنە بڵاوکراوەتەوە بێ ئەوەی سەرنجی ئەوەیان ڕابکێشێ کە بەشێکی هەر ئەم پێنجخشتەکییەیە. هەروەها لە گۆڤاری هەتاو-ی ژمارە/١٦٥ی ساڵی (٦)ی یەکشەممە - گەڵاڕێزان (١٥ت٢) ١٩٥٩ -ل/١١ -١٢-دا بڵاوکراوەتەوە. (ت).

(١) بەدخواهی تو: دەستنووسی گیو: بەدخواهتە.

برداشتن از مهر تو دل فکر محالست
از جان خود آسان بود از عشق مشاکل

***

گەر تۆ نەبی، نرخم چییە لەم گێتییە من چیم
هیوایی منی، کەڵکی چییە؟ موڵک و زەڕ و سیم
ڕەنج و ستەم و دەرد، لە دەسی دوژمنی تۆ دیم
گشتیم جهانرا کە ببینم و ندیدیم
مثل تو ز زیبای کە در شکل و شمایل

***

دڵداریی ڕووت ڕێی لە ڕەقیب کردووە بەربەست
کێشایەوە بەدخوا لە فڕ و فێڵەکەشی دەست
هێزی دڵی ڕەیحان و گوڵی شۆخ و شەن و مەست
از وصل تو برداشت رقیب از همرا دست
چون گشت مراکام دل از وصل تو حاصل

***

ئەو ڕۆژە، کە عیشقت بووە سەودایی سەری من
دڵدارییی تۆ بوو بە ئەسەڵ دەربەدەری من
کێ وایە (ئەسیری)، کە بکا چارەسەری من
(حافظ) تو برو بندگی پیر مغان کن
بردامن او دست بزن از همە نائل
١٩٥٩

***

نامە بۆ بێ کەس(*)

نووری چاوم کاکە فایەق ڕوحەکەم هیوایی گەل
پۆستە، نامەت ناگەیێنێ فەرموو بێ بۆ خانی تەل[(١)]
خۆشەویستیی گەل کە کاری کردە مەژگ و مۆخ و ڕەگ
بیری پێ ناوێ بەخۆی هەڵبەت ئەنووسێ، دەست و پەل[(٢)]
عەشقی میللەت پێم دەڵێت و پێم دەنووسێ ڕۆژ و شەو
گەرچی داماوم لەداخا دەردەدارم بوومە شەل
تاک و تەنها غەمخۆری نیشتمانی پاکی کوردی گورد
بوومە نیشانگا وەکو دارەبەنی لێواری کەل[(٣)]
سەروەرم ڕوحی شیرینم هێز و توانایی لەشم
ئێوەن ئەمڕۆ بەڕاستی، پێک هێنەری فەرمانی گەل[(٤)]

(*) لە دەسنووسێکی لای خۆمانەوە وەرگیراوە.

(-) لە چاپی (م.ع)یەوە وەرگیراوە ب/١- ل/ ١١٣- ١١٤

(١) مەبەس لە (خانی تەل) دائیرەی بەریدە.

(٢) لە کتێبەکەی مامۆستایان شارەزا و جەباریدا وشەی (هەڵبەت) نووسراوە (هەڵبەست) بەڵام لە مانای شیعرەکەدا دیارە وشەکە هەڵبەتە نەک هەڵبەست.

(٣) ئەم دێڕە شیعرە لە کتێبەکەی مامۆستایان شارەزا و جەباریدا نووسراوەتەوە بەم شێوەیەی خوارەوە:

تاک و تەنهامە لە خزمەت نیشتمانی پاکی کورد
بوومە نیشانگا وەکو دارەبەنی لێواری کەل

بەڵام لە دەستنووسەکەی لای ئێمەدا بەو شێوەیەی سەرەوە نووسراوەتەوە. لە نێوان هەردوو شێوەشدا جیاوازییەکی زۆر هەیە.

(٤) لە کتێبەکەی مامۆستایان شارەزا و جەباریدا بەشی دووەمی ئەم بەیتە نووسراوەتەوە: ئێوەن ئەمڕۆکە بەڕاستی ڕابەری ڕۆڵانی گەل

تۆو هەواڵانت پڵنگ و شێر و بەبرو پارسن
چی لە مەللایی کزو بێ دەست و بەستەزوانی مەل
هەر بەیادی ئێوەیە مانی (ئەسیری) دەربەدەر
بەردی ئێوە تێک ئەدا پۆل و بڕی بەدخواهی قەل

***

م

هەوای نەسیمی

بەخاکی وڵاتم، گەلم[1]، میللەتم[*]
کەسم کۆمەڵم لائەبەن[2] زیللەتم
هەوایی نەسیمی بەسەر گوڵشەنا
لە سەیری ڕەزان مەحوئەکا عیللەتم
بەباغ و بەبێستان و میوەیی جوان
بەئاوی ڕەوانان ئەبێ لەززەتم
لە دامێنی بێستان تەماشای چیا[3]
لە بیرم چلۆن دەر ئەکا ئەزیەتم[4]
وڵاتم گوڵ و ئاو و باغ و ڕەزە
وەکو کەوسەرە کانیی جەننەتم
بڵند و بەئیرادە شاخ و چیام
وەکو ئەو بڵندە منیش هیممەتم
(ئەسیری) لە ڕێی خاکی پاکی وەها
بکوژرێم فیدابم نییە میننەتم

***

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/٢ - ل/٤٩
(١) چاپی (م. ع): گلّم.
(٢) چاپی (م. ع): لائەبا.
(٣) چاپی (م. ع): لە دامێنی بێستانما شای چیا،
(٤) ئەم نیوە دێڕە شیعرە و نیوەکەی دوای ئەم، لە چاپەکەی (م. ع)یەوە کەوتووە.

بۆ مودیری کائینات(*)

دایم لەفیکر و زیکری خەیاڵاتی میللەتم
بۆیە وا کز و مەلوول و بەسۆز و حەسرەتم
ئەی ڕۆڵە دەردی تۆ بەندی جگەرمی بڕی
تەئسیری داغی حاڵی تووە من بەعیللەتم
ئەم کوورەیەی لە سینە دەگرێ وەها بەجۆش
تیایا بەڕاستی دەسووتێ جەرگی لەت لەتم
شەرت بێ نەکەم لە کاری تۆ یەک زەڕەیێ قسوور
گەرچە لە مەعرەز تووشی سێدارە و پەتم
من پیر و مورشیدی تۆم نەورەسیدی گوڵ
گەر بمکوژن لە ئیشی تۆدا، نابێ مینەتم
ئەم ئارەزووی ئاتەشینە لەمن ئاشکارە بوو
لۆمەم دەکەن لە تەوبیخ و بەحس و سوحبەتم
هەرچەند کە تووشی تەهلوکەیێ بم لە ڕێی وەتەن
دەم دەم زیاد ئەبێ شەرەف و شان و عیززەتم
چارەی تۆ ئینتیباهێک و عیلم و مەعاریفە
چارەی منیش فیداتی بکەم نەقدو سەروەتم
عەرزی «ئەسیری» لە خزمەتی مودیری کائینات
یارەبی تەڕەحومێ بەگەلی کوردی میللەتم

(*) لە ژمارە (٧)ی ساڵی یەکەمی زاری کرمانجی لاپەڕە (١٩)ەوە وەرگیراوە.
(م.ع).
- ئەم شیعرە لە چاپی (م.ع)یەوە وەرگیراوە- ب/ ١- ل/ ٤٠

جەرگی لەت لەتم

دایم لە بیری وردی تێبینینی میللەتم
بۆیە کز و مەلوول و بەسۆز و بەحەسرەتم
هۆ[١] ڕۆڵە دەردی تووە بەندی جگەرمی بڕی
تەئسیری داخی حاڵی تووە من بەعیللەتم
ئەم کوورەیەی لە سینە دەگرێ وەها بەجۆش
تیا بەڕاستی دەسووتێ جەرگی لەت لەتم
شەرت بێ نەکەم لە کاری تۆ یەک زەڕەی قسوور
گەرچی موحەققەقە تووشی سێدارە وو پەتم
من پیر و ڕەهبەری تۆم نەوڕەسیدی کورد
گەر بمکوژن لە کاری تۆدا نابێ میننەتم
ئەم ئارەزووی ئاتەشینە لەمن ئاشکارە بووە
لەومەم دەکەن گەهێ، هەڕەشە و باسی جەننەتم
هەرچەن کە تووشی تەهلوکەیێ بێم لەسەر وتن
دەم دەم زیاد ئەبێ شەرەف و شان و عیززەتم
چارەی تۆ زیندەیی وو عیلم و سەنعەتە
چارەی منیش فیداتی بکەم پوول و سەروەتم
عەرزی (ئەسیری) لە خزمەت مودیری کائینات
یەزدان بەزەییت بێ بەکوردی هەژاری میللەتم[٢]

(١) سەرەتا (ئەی) نووسراوە دواتر کراوە بە(هۆ).

(٢) سەرەتا ئەم نیوە دێڕە لە دەستنووسەکەدا نووسراوە: (یا ڕەببی ڕەحمێ بەگەلی کوردی میللەتم) دواتر بەو شێوەیە گۆڕاوە کە لەسەرەوە دانراوە.

کووسی

مەژنەوە باسی (کەیومەرث) و کەیان و یەزدیجوردم
بژنەوە تەئریخی باپیرت سولالەی کوردی گورد
تۆ گەلێ بووی نیشتەیی دەشتی عێراقی لای جەنووب
دوور لەشەڕ، بێ فیتنە وو ئازادە وو سەربەست و گرد
خێڵی کلدانی کە هاتن وەحشییانە و پڕ نیفاق
هەندێکی بۆ پێشی کووهـ و پشتی کووهـ چوو خزمی کورد
هیچ نەبوو بوون سەرفرۆیی ئێرانییان، مان سەربەخۆ
پاڵەوانیان پێ وتن بەزوانی خۆیان یەعنی گورد
بۆ ئەرارات هێندێکی چوو لورد هەو تەسلیمی بوو
لورد بە گیان وت بەمان بەزوانی خۆیان یەعنی کورد
تێکەڵی هتتیت و فارس لورد بووە فەرقی زوان
یا نەخۆ یەکبوو زوانی کووسیی باپیری کورد
چەن عەتیقەی پێشی کلدانی لەجێی تۆ کەوتە دەر
ئەی ئەسیری دیارە زۆر سەرکەوتووە زوو خێڵی کورد

***

ئالام(*)(١)

چاخێ ئەمنیش(٢) حاکمی مەجمووعی جیهان بووم
مەروانە ئەلەم ڕۆژە کە بێ ناوونیشان بووم
نووسراوە لە تەئریخی بەشەر کردەوەیی من
باعیس بەنەزانینە لەتۆ من کە نیهان بووم
ئەو ڕۆژە حەمموورابی سەرە و ژێر بوو لە دەستم
ناوی من ئە لەو ڕۆژە کووسی فەردی جیهان بووم(٣)
ئالام و کووسی(٤) هەردوو برا بوون و لە ئاری
ئالام بووە فارس ئەمنیش گوردی ئەوان بووم
من بوومە ئەسەل کووتەهیی دەوڵەتی ئاسوور(٥)
من مونجیی دانیالی بەنی ئیسرائیلییان بووم(٦)
بابل بەقووەی لەشکری من بوو بەخەرابە
ئەستێرە پەرست بوو(٧) ئەمنیش ئەهلی ئیمان بووم

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/٢ - ل/٤٤

(١) مەبەست لە (ئیلام - عیلام)ە، شاعیر خۆی بەو شێوەیەی نووسیوە.

(٢) چاپی (م. ع): وەختێ بوو منیش...

(٣) چاپی (م. ع): ناوی منە ئەو ڕۆژە قیسی فەردی جیهان بووم

(٤) چاپی (م. ع): قەیس

(٥) چاپی (م. ع): من بوومە سەبەب خاتیمەی دەوڵەتی ئاسوور.
- لە دەستنووسدا بە(آثور) نووسراوە.

(٦) چاپی (م. ع): من مونجی دانیال نەبی ئیسرائیلیان بووم

(٧) چاپی (م. ع): بوون و...

والیم لە بەرەغمە هەبوو جێی ئێستەیی ئزمیر(٨)
لەو چاخە(٩) حوکمڕانی هەموو ڕۆم و یۆنان بووم
چەن جار یەمەنم گرت و ئەهالی بووە مل کەچ
گورزم هەبوو خاوەن(١٠) سوپەه و تیر و کەوان بووم
تێکۆشە لە بۆ سەتوەتی جارانت (ئەسیری)
لەم ڕێیە بکوژرێی(١١) مەڵێ من تووشی زیان بووم

***

(٨) ئزمیر: شارێکی کۆنی تورکیای ئێستایە، لەسەر ڕۆخی دەریای ئیجەدا.

(٩) چاپی (م. ع): ئەو وەختە

(١٠) چاپی (م. ع): ساحێب.

(١١) چاپی (م. ع): لەم ڕێگە.

پێوە بووم ئەمما چلۆنیش پێوە بووم

پێوە بووم ئەمما چلۆنیش پێوە بووم
وا لەشم فەوتان و ئینجا لێوە بووم
چوومە ئەستەنبووڵ لە ساڵی بیست و هەشت
پیری پیران دەرسی دام و تێوە بووم
عیشقی نیشتمان و گەلم وا کەوتە سەر
شێت و شەیدایی گەیینە هێوە بووم
باو و باپیر هیچ نەجووڵان بۆ وەتەن
بۆیە من ئەمڕۆ لە جێو و ڕێوە بووم
گەر بپرسی بۆ چی وسکت بوون دەڵێن
چاخێ من ئەم باسمە کرد من گەورە بووم
گەر نەجووڵێم ساوەلەعنم لێ دەکەن
شکڵمش پێش چاویان وەک دێوە بووم
تووشی دەردە پیاوی دەوری ئینقیلاب
بۆیە وەک سووتاوەکانی خێوە بووم
هەر دەبێ بۆ گەل بکۆشی ڕۆژ و شەو
ئەی (ئەسیری) سەد بڵێی من پێوە بووم

***

تەئریخی کێلی گۆڕی خێزانی عەلی کوردی

لە گوڵزاری جوانان نەورەسێ بووم
لە هاتف دەنگێ هات و عاشقی بووم
وتی بێ واوە مژدەت (باغی فیردەوس)(*)
بەهەشتە مەسکەنت من ڕەهبەری تووم

***

(*) لە دەستنووسەکەدا لەسەر دەستەواژەی (باغی فردەوس) نووسراوە (١٣٤٧) واتە مێژووی کۆچی دوایی ئەو خوداڵێخۆشبووەیە. وەکو ئەوەی لەو نیوە دێڕە شیعرەدا وتراوە (بێ واو) پیتی واوی لێ دەرکەین و بەڕێنووسی کۆنی بنووسینەوە دەبێتە (باغ فردس) کە دەکاتە (١٣٤٧)ی. ه و (١٩٢٨/١٩٢٩)ی. ز... (ت).

مزی بێگانە

خوا دەیزانێ ڕۆڵە دەردەداری حاڵ و باڵی تۆم(*)(١)
ئەبەد نایێتە بیرم زەڕەیێ تەدبیری ماڵی خۆم
کز و مات و مەلوول و سەر فرۆ و حەیران و سەرگەردان
لە دەردی تۆیە لاوازم پەرێشانم قەدم بوو کۆم
بەدەس بەدخواهەکانی بێ فەڕی خۆمانەوە سووتام(٢)
نیشانگای ئیفتیرا وو غەیبەتم هیچە دژوون و لۆم
لە بیری کاروباری تۆ پەشێو و مات و داماوم
پەرێشانم وەکو تۆ، چۆن پەرێشانی بەنێزەی ڕۆم
نەتیجەی خزمەتی بێگانە وایە ئاخری دیتت
مزی بێگانە وایە خۆت بسووتێنی ئەگەر وەک مۆم
برا ئەو زوڵمە بێ ئەندازەیەی دوژمن کە کردی لێت
ئەگەر سەد یەک ئەوەش کەی لێت قبووڵ ناکا خەڕات و دۆم
خوایە تورکی بەدبینی دڕندە مەحوی بەڕکەی
بکەی جێ شارەکانیان بۆ ئێمە باغات و شۆم و تۆم(٣)
مەڵێ کوردە (ئەسیری) غافڵە لەم ڕۆژە تاڵەی من(٤)
خودا دەیزانێ ڕۆڵە، دەردەداری حاڵ و باڵی تۆم(٥)

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە – ب/١ – ل/٧٩
(١) لە چاپی (م. ع)دا (بار و حاڵی تۆم).
(٢) لە چاپی (م. ع)دا: بەدەس جل خوارەکانی بێ فەڕ و بەدبینەوە سووتام
(٣) ئەم دێڕە لە دەستنووسەکەدا نووسراوە، دواتر هێڵێکی بەسەردا کێشراوە.
(٤) لە چاپی (م. ع)دا (لەو ڕۆژە تاڵەی تۆ)
(٥) لە چاپی (م. ع)دا (بار و حاڵی تۆم)

ئەی دۆتەی شۆخی وەتەن

ئەی دۆتەیی شۆخی وەتەن، دڵخواهی ڕەنگ و ڕوویی تووم(*)
ڕۆحی ڕەوانم بمرمیش(١) ئیللا لە باوەشت دەنووم(٢)
دەستی لەملتایا ڕەقیب، چۆن بوو وەها بۆی بووی فریب
فەوتام لە داخی تۆ عەجیب، زەققووم ئەنۆشم زەهر ئەجووم(٣)
شەو تا بەیانی نانووم، دولبەر برینداری تووم
لە کردەوە و کارم بووم، ئەم بیرە چبکەم بۆتە خووم(٤)
ئەو وەختە عیشقت کەوتە سەر، لە جێ وو ڕێم بووم دەربەدەر
ئەی نیشتمانی خۆشەویست بۆ تۆ ئەوا(٥) ئاوارە بووم
گیان(٦) لە باوەشت دەر ئەچێ، بۆ چیمەنی فیردەوس ئەچێ
ڕەنجت لەبیرم دەرئەچێ، گەرمە بۆ ئەوسا ئارەزووم
دولبەر بەعەشقت دەمکوژی، پاش مردنیشم دەمگوشی
دەستت لە ملما دەمژی، ڕەحمەت دەنێرن گەل لە دووم

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە – ب/١ – ل/٧٦ – ٧٧
(١) چاپی (م. ع): بشمرم
(٢) لە دەستنووس و چاپی (م. ع)دا: (ئیللا لە باوەشی تۆ دەنووم)، لەبەر کێشی شیعر کردمانە (ئیللا لە باوەشت دەنووم).
(٣) چاپی (م. ع): زەهروجووم.
(٤) چاپی (م. ع): لەم بیرە...
(٥) چاپی (م. ع): بۆ چاری تۆ...
(٦) چاپی (م. ع): ڕوحم
– لە دەستنووسدا: گیانم... ئێمە لەبەر کێشی شیعرەکە کردمانە (گیان)

وا خۆشەویستیت[٧] بوو بەغەم، جەرگ ئاگر و چاو پڕ لەنەم[٨]
بیرت لەسەر هیچ[٩] نابێ کەم، لاوازە گیانم زەردە ڕووم
بۆ تۆ ئەوا ڕیسوا بووم[١٠]، تاکم لە عالەم جیا بووم
دێوانە وو شەیدا بووم، دنیایی پڕ کرد هایو هووم
بۆ تۆ (ئەسیری) بوو بەپەن، دایم بەبەد ناوی ئەبەن
ئەی دۆتەیی شۆخی وەتەن، دڵخواهی ڕەنگ و ڕوویی تووم

***

(٧) لە دەستنووسدا (وە خۆشەویستت)... ئێمە کردمانە (وا خۆشەویستیت...)
لە چاپی (م. ع)یدا: (دەخۆشە دەستت بۆ بەغەم،...)
(٨) لە چاپی (م. ع)یدا: چاو پڕ لە تەم.
(٩) چاپی (م. ع): لەجیاتی (هیچ)... (تەن).
(١٠) چاپی (م. ع): بۆ تۆ ڕیسوا بووم...

کفنمە ئەم مێزەرە

سەبر و ئارامم نەماوە، تەنگ و تاریکە دڵم[*]
ئەم لەشەم پووکە وەکو، کا سووکە مەڕوانە زلم
بیری خاک و گەل[١]، کەس و کۆمەڵ وەها کەوتۆتە سەر
ڕاستیی باوەڕ بکە ئامادەیی شیرە ملم
هەر کە بیستم ئەو سەرۆکانە[٢] بەناهەق بوون شەهید
تووشی ڕۆماتیزمە[٣] بووم ئەی ڕۆڵە ئێستا وا شەلم
کفنمە ئەم[٤] مێزەرەی وەک لنگەدەستارە و زلە
پەتمە بۆ هەڵواسرانم هەرکە مردم، کەلپەلم
خۆم بەزیندوو ڕۆح لەبەر نازانم ئەی لاوی عەزیز
وا دەزانم بۆ تۆ کوژراوم لە ڕێگەت پەل پەلم
گەر بەئاگر بمسووتێنن کوردم و کوردم دەوێ[٥]
کوشتیی خاکی پاکمم، قوربانی خزمانی گەلم
ئەی (ئەسیری) خاکی پاکت پێت دەڵێ خوێنت بڕێژ
دا ببێتە لالە وو ڕەعنا وو نەسرین و گوڵم

***

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/٢ - ل/٣٢ بەناوونیشانی (تەنگ و تاریکە دڵم).
(١) چاپی (م. ع): خاک و گڵە...
(٢) چاپی (م. ع): ئەو ڕەئیسانە...
(٣) چاپی (م. ع): ڕۆماتیز
(٤) چاپی (م. ع): کفنەکەم، ئەو...
(٥) ئەم دوو دێڕە شیعرە (واتە چوار نیوە دێڕەی ماوەتەوە) لە چاپی (م. ع)یدا نییە.

هۆشەنگ

چبکەم لە جیهان و خۆم نەزانم
سوودم لەمەیە، کە دەرچێ گیانم
لەم تێ نەگەیینە ڕەنجەمانم[1]
دەردێکە نەزانی پیاوی هۆشیار
کەیف و هەوەسە نەزانی بێهۆش

***

ئەم چشتە بەتاڵە پڕ لە گۆیە
تاریکییێکە نەبا نە گۆیە
کۆتایی ئەگەر هەبێ لە کۆیە
ئەو هیچە وەها وەها هەر ئەڕوا
یانە لە وەلا جیهانی تر دێ

***

لەولاتری ئەم جیهانە چی دێ
دیسانەوە هیچ و چشتی دی دێ
هیچ و لە وەلا جیهانی دی دێ
کۆتا نییە یێک لە دووی یەک ئەڕوا
بیرم لەمە تێکچووە و کەشەنگم

***

لەو دیو و لە پشتی ئەم جیهانە
دەڕوا، نییە بۆ بنی نیشانە

(١) پێشتر لە دەستنووسدا نووسراوە (دەرچو گیانم) دواتر کراوەتە (ڕەنجە مانم).

چشتێکی وەهایە کەس نەزانە
گەرچی ئەمەیە لە نوبسی هۆشەنگ
هۆشم لە ئەمەش بوو پێچەوانە

***

بێتو ئەگەر ئەم جیهانە بڕوا
کۆتایی نەبێ، وەها وەهادا
ئەستێرە وو مانگ و خۆر و پڕ با
لەم کارە وڕ و نەزان و گێژم
ئەم بیرە لە کێشی من نییە دەبەنگم

***

سەید ئەحمەدی خانەقا

خوانی میوانی دیتبا حاتەم
سەرفرۆی شەرم ئەبوو دەشیگرت ماتەم
نە لە دەرگا و خوانی میوانی
بەسترا بێ لە گوفتی خۆرشی کەم
هیچ نەوترا بەهیچ میوانێکی
لێرە چەن ڕۆژە، خۆرشی چەن ژەم
لەشکری شاه و جیایی میوانی
جاڕی ئەم ناکرێ بەزیر و بەم
دەنگی بادەی شرینی زێڕینی
وا زرنگا شکانی جامی جەم
بەزوانانی ڕۆژهەڵات هەرکام
گوفت و گۆی دایە زایە، ڕایەدەم
گەر بپرسن لە مامەزا و خزمی
گشت پڵنگی چیاو شێری چەم
هێزی گوفتی لە مەژگی گوێ دێری
ڕوون و ڕووناکی بەخشە هەر وەک شەم[١]
هێندە ژوور و بڵند و بێباکە
بۆ جیهان ناگرێتە دڵ هیچ غەم

(١) وشەکە بەباشی نەنووسراوە، وەکو (پەم - یان - چەم) دەخوێنرێتەوە، ئێمە بۆ ڕێکیی واتا کردمانە (شەم)... واتە: مۆم، چرا.

بەسیە پشتی (پەیامبەری) واسا
شاه و سەرداری باغەکەی (ئیرەم)[٢]
چاکی سەید ئەحمەدی خانەقا ئەسیری
نییە توانات (ئەسیری) بگرە دەم

***

(٢) لە دەستنووسەکەدا بەمجۆرە نووسراوە، دواتر گۆڕاوە و کراوە بە:
ناردرا بۆ پەری و مەردوم هەم.
وشەی ناو کەوانەکە لە دەستنووسەکەدا تەنیا پیتی (م) ماوەتەوە و دیارە، ئێمە بەوشەی (ئیرەم)مان زانی.

دەردی تۆرانی

پێشوو و ئێستەم پەرێشانی بوو، ئاهو دەرد و غەم
جێگە وو دەورم لەبەر فرمێسکی چاوم بوو بەنەم
ئاگری سینەم بەفرمێسکم گڕی دانامرێ
داغە جەرگی ئاگرینم زەهر ئەنۆشم دەم بەدەم
گەرچی وەک ئاسک لە بێستانی وڵاتم گەشت ئەکەم
فائیدەی چی هەر وەکو ڕێوی گرفتاری تەڵەم
کەوتمە دەریایی داگر دەردی بێ پایانی تۆ
ڕۆڵەیی کوردم نەجاتم چۆن ئەدا مەرگە مەلەم
چوار سەد ساڵ بوو لە بۆ تۆرانییان ڕەنجت ئەدا
وا بەناهەق دەتکوژن بۆ تۆیە ئاه و وەلوەلەم
ڕووت و قووت و برسی وو بێ عیلم و جاهیل مایتەوە
تێگەیشتووی میللەتت سینەی بووە کانی ئەلەم
بێ بەشی عیلم و مەعاریف، سەنعەتن تۆرانییان
لاکن ئوستادی جیهانن هەر بەفیشاڵ و بەدەم
چەرکەس و کورد و عەرەبیان خستە دەردی ئەرنەود
بۆ خۆیان ماوەتەوە دنیا سەروژێر بێ چ غەم
گەر بنووسی کردەوە و بەدخوویی تۆرانییان(١)
ئیکتیفا ناکا (ئەسیری) قاقزی دنیا و قەڵەم

***

(١) لە دەستنووسدا پێشتر بەهەڵە نووسراوە (ئێرانییان)، دواتر ڕاست کراوەتەوە و کراوەتە (تۆرانییان).

ن

کیژ و ژنان ٢

گەر هەرایێ بێ لەناو کوردستان(*)
یاریدەی پیاوان ئەدەن کیژ و ژنان
سەنگەر ئەگرن، شەڕ ئەکەن، مێرد و کوڕان
نان و ئاویان بۆ دەبەن دایک و کچان
یەک لە پیاوان لێ درێ، ژن زوو بەزوو
دەیڕفێنن، دەینێنە سەرکۆڵ و شان
دایکەپیرە زامەکەی تیمار ئەکەن
دەیبەنە دێ بۆ نەخۆشگەی دیدەوان
بۆ ئەوەی پیاوان هەموو بۆ شەڕگە چن
وا دەبینی دۆتەیی شێخ بۆتە شوان
کیژی ئاغا و بەگ بەلەنجە و لارەوە
خۆی لە ناچاری دەبێتە باغەوان
وا کناچەی، ڕیش سپیی گوند و مەلا
یەک لەسەر بێستانە، یەک ساوە لەوان
هەرچی کاری کوڕ بێ، کچ سازی ئەکا
تا لەبەر دوژمن نەبن تەنگا و، ئەوان
شەڕکە هاتە دەس بەیێخە و قایمە
جێ دەمێنێ باغ و ساوە و کەپر و ڕان

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە، ب/١ - ل/٥٥ - ٥٧

مێینە بڕ بڕ بۆ جێی شەڕ ڕا ئەکەن
نابێ لەو چاخە لە هیچ کەس ترسی گیان
خوێش و خەڵک و مێرد و خێزان پێکەوە
تێدەکۆشن هەر وەکو خوشک و بران
تا وەکو دوژمن شکست ئەخوا تەواو
شەڕ ئەکەن بڕ بڕ ئەدەن هەوڵ و دەوان
هەر کە دوژمن سەر فرۆ بوو، شاد ئەبن
پیاوەکان دیل ئەگرن و، تاڵان کوڕان
ئافرەت زامدار و کوژراو خڕ ئەکەن
کاکە وو ڕۆڵەی شرین و بابیان
لەم شەڕی شێرانە چۆن سەرکەوتوون
نابیستێ هیچ کەس گرین و دەنگیان
شادی وو بەزم و زەماوەن، هەڵپەڕین
هەر لە ئێوارە گڕ ئەدرێ، تا بەیان
ئەی (ئەسیری) میللەتێ وا بێ ژنی
تێبگە ئینجا چلۆنە پیاویان

***

شەدەلار

بەسیەتی مردم نەما ئارامی دڵ، تۆزێ وچان
بێرەوە دیدارێ بنوێنە شەهی کوردستان
خوێنی دڵ وەستا لە یادی دووریی ڕووت، لەش سووتا
ئارەزووی دیداری تۆی بوو هاتەدەر، بێچارە گیان
دڵ بەدیدارت دەلەرزێ دەست و پا کەچ، وەک زوبان
هەی شەدەی لارت پتر سامی لەسەد تاجی کەیان
شەو بەهیوایی سبەی دیداری ڕووت بێدار ئەبم
ڕۆژ بەئاواتی نیگارت هەر لە ڕەنجام و دەوان
بێ مەسیح ئاسا نیگاهێ کە بەلایی چاوەوە
دا کە مردوو زیندەبێ بەدواوەیی ڕووحی ڕەوان
بێ، بینایی چاوەکانم چوو لە تاوی چاوە چاو
بەندی جەرگ و دڵ لە بێ ئارامی جەڕران و پسان
بێرەوە بڕوایی من، هەر تۆی مەبەست ئیمانەکەم
بۆ لەمن زویری دەزانی بێ وەیە کردەی نەزان
هۆ (ئەسیری) کام ئەواتت هاتە دی، یارت دەوێ
دەرد و ڕەنج و داغی دڵ بوو سەربەسەر بۆ تۆ ژیان

***

بەخێرچی(*)

بەخێرچی خۆشەویستی کۆمەڵ و هیوای گەلی کوردان
کە تۆی تێدا نەبی هەڵبەت بەتاڵە دائیرە و دیوان
ئومێدم وایە زوو جێگەت و ڕوتبەت وەزارەت بێ
نەکەی شک هەر ئەوێنە جێگەتە ئەی خاوەنی عیرفان
تەحەممول ناکرێ یا بێرەوە یا ئێمە بێین بۆ لات
وەکو تۆ نابێ هەرگیز ئەو کەسەی وا دێتەجێ بۆمان
زوانی حاڵی کەرکووک بانگی کرد فریاد ڕەسیوی تۆ
لە توونانا دەخنکا ئاویانت دا وەکو باران
بژی بۆ شاری بێکەس هەر بژی بۆ میللەتی بێ هێز
بژی ئەی ناسراوباب نەریمان و کەسی سامان
هەزارانێ لە سایەت کاری فەراهم بوو
ئەوەن هەر ئەم (ئەسیری) دەردی کاری ئەو کرا دەرمان
لە خواوامان ئەوێ پایەت بڵندتر بەرز و باڵا بێ
هەتا دنیا ئەمێنێ هەربژی ئەی موحتەرەم بۆمان

(*) بۆمان ساغ نەبۆتەوە کە ئەم شیعرەی لە بەڕێکردنی کام پیاوی لێپرسراوی کورددا وتووە، بەڵام وا دەرئەکەوێ لە کاتی بەڕێکردنی مەعرووف جیاووکدا ئەم شیعرەی وتووە.
لە چاپی (م.ع)یەوە وەرگیراوە ب/١- ل/ ١٢٠

ستایشی بابە عەلی بەرزنجی(*)

ئەی نەوڕەسی غونچەی ڕەزو باغی گەلی کوردان
هیوای دڵ و (وەی) موفتەخەری قەیرەو و لاوان
ئەی ساحیبی فیکری حیکەمی و کەللەیی پڕ هۆش
ئەی دائیرەیی مەرکەزی موڵکی شەهی بابان[(١)]
ئەی تازە نەمامی چەمی شیرینی سمایل
ئەی لالەیی بەڕڕاق و گەشی چیمەنی عەدنان
ئەی نوتفەیی پاکیز و گوزیدەی شەهی مووسڵ
ئەی ڕۆڵەیی قۆچاخی عەلی شێری یەزدان
ئەی تەرزی درەختی تەڕ و سەبزینی حوسەینی
ئەی عەرعەری دەسنێژ و وەچی دوانزە ئیمامان
ئەی گەوهەری بیزەرخ لە بەرزنجەیی یەکتا[(٢)]
ئەی باعیسی ژین و ئەمەلی گەورەیی کوردان
پێی ناوێ بکا مەدحت (ئەسیری)، وەکو ڕۆژی
ئەی سەروەری گەل، بابە عەلیی مەنبەعی عیرفان

(*) لە دەسنووسێکی لای خۆمانەوە وەرگیراوە.
(-) لە چاپی (م.ع)یەوە وەرگیراوە ب/ ١- ل/١١٧
(١) ئەم دێڕە شیعرە لای مامۆستایان شارەزا و جەباریدا بەشێوەی خوارەوە نووسراوەتەوە:

ئەی ساحیبی فیکرو حیلم و کەللەی پڕ هۆش
ئەی دائیرەی مەرکەزی موڵکی شەهی بابان

(٢) وشەی (بیزەرخ)، لەو دێڕە شیعرەی سەرەوەدا، هیچ واتاییێکی ڕوون نابەخشێ. ڕەنگە لە ئەسڵدا (بیدرخ = بیدڕوخ) بووبێت واتە (بیی ڕەنگ) واتە (گەوهەری سەوزی بیی ڕەنگ)، یان (بیزەرق) بووبێت، واتە (ڕەسە و بەبەها).

کەس نەناس ئەمڕۆ

ڕۆژ و شەو ویستنم لە خوای یەزدان
بەزەیی بێ بەمیللەتی کوردان
لە توانایی دووری نابینم
موشکیلی کاریان بکا ئاسان
سەرفرۆی تۆین و، تۆ بەفریاکەوە
یا کەریم و ڕەحیم و، یا ڕەحمان
بتەوێ شاری وێرانە ئاوایە
بتەوێ ئاوەدانییە وێران
کە لەهت کردەوە بە پۆلۆنیا
کوردیش هەڵبەت ئەکەیتەوە ساسان
بچە سەفا ڕەعیەیی تەنها
ناتەسەر موڵک و تەختی شای ئەفغان
هیچ نییە کوردی کەس نەناس ئەمڕۆ
بکەیە شاهی میللەتی بابان
ئێمەشت چونکە کردە ئادەمزاد
بدە پێمان ئیدارەیی ئینسان
تیپ و سەرباز و لەشکری جەنگی
بەئیرادەت پەیا بێ دەوڵەتمان
تیغی بەدخوا گەیشتە سەر ئێسک
جەرگ و دڵ وا سووتا، بووە بوریان
دڵی پڕ دەرد و، ڕەنگی زەردی کورد
گەورە وو گچکە مات و سەرگەردان

بچییە هەرچی ماڵ و کۆمەڵی کورد
نابینی بێجگە ناڵەو و گریان
بەبەشەر هیچ نەما ئومێدی کورد
جێی ئومێد تۆی گەورەیی گەوران
ئەی (ئەسیری) بەسە هەناسەی سەرد
ڕۆژێ دادێ هیوات ئەدا یەزدان

***

مەعرووف جیاووک

شەش برا هەن، شێرزاد و کوردەوەند و کوردەوان
بو دوارۆژی گەل و نیشتمانی کوردن پاسەوان
نەو نەمامێ ئێستە دەیچێنین بەرەنچ و ژانی دڵ
بۆ گەیینو بەرز و بەردانی ئەمانەن باغەوان
بابیان مەعرووف جیاووک هەر کە ناوی کوردی نان
پێگەیین، پەروەردەیی شێران ئەزانی شێرەوان
گەورەیان سەر دەستەیان ناوی (نەریمان) ژیریان
بانگ ئەوازی کارییە، پڕ مێشکی هێز و تەوان
ئەو تری (سامان)ە ناوی خۆشی سامانی هەیە
هۆش و تێبینیی هەیە شۆخ و شرین و نەوجەوان
سێیەمین (سۆران)ە بۆ سۆران بەسالاری ئەشێ
چاخێ بێ ئێستاکە هیوایی بەنرخە بۆ ئەوان
چوارەمین (بۆتان)ە پێنجەمیان (ژیان)ە هەر بژین
خۆشەویستی کوردەوانن هەردوو وەک گیانی ڕەوان
ناوی بەرز و توند و بڕندەی شەشەمیانە (جوکوڵ)
ساوەیە هێشتا خەریکی کاری پاکژیی زوان
با بژی مارف جیاووک چونکە بارانی هەیە
بەخششی یەزدانە زندە هەر بەبارانە بۆ وان
هۆ (ئەسیری) ڕۆڵەیی کوردانە مایەی ژینی تۆ
چونکە هیوایی دوارۆژت نییە بێجگە ئەوان

***

دەم پەرستی وەتەن و...

نیشتمانێکم هەیە دڵبەر و سەر پشکی جیهان
لە جیهانا هەیەتی ناوی[1] خۆش و ناوونیشان
بەدرەخت و گوڵ و گوڵزار و ڕەز و باغ و چەمی
دۆتەیی شۆخ و قەشەنگە، گەش و ڕەنگین و جوان
فەڕی چین چینە لەسەر یەک وەکو زوڵفی دولبەر
داری بەرزی بەری، ژێری لەوەڕە و ئاوی ڕەوان
ڕووی زەویی وایە، بنی زیو و زەڕ و جیوە و نەوت
بستەجێییێکی نییە تیایا نەبێ گەنج و کان
ئەسەلی زیرەکیی گەل خۆشی و پێکەوتەیی خاک
لە گەوای ئەم وتەیە کورد کە نەیگۆڕی زوان
گەر دروست بوایە پەرستیی جگە خوایی یەزدان
دەمپەرستی وەتەن و، دەمگوت خوامە نیشتمان
تاکو ماوم هەموو پێویستییەک و خۆراکم ئەدا
هەر کە مردم دەچمە باوەشی دەستم لەملان
ئەی (ئەسیری) لە سەرت چاکەیی زۆرە وەتەن[2]
تۆش ڕەوایە بۆ ئەوەی خۆت کەیە کوشتی، قوربان

***

(١) پێشتر نووسراوە (ناوی) دواتر کراوەتە (بانگی).
(٢) وەتەن: دواتر کراوەتە (وەتەنت).

ئالامی[١]

کەسبی عیلم و مەعریفەت کە، سەرکەوە وەک میسرییان[*]
نەک وەکو میسری بژی، وەک عارەبی ئیسپانییان
ئەندەلوسیش هیچ نەبوو، من وام ئەوێ زۆر سەرکەوی[٢]
سەرکەوە وەک دەوری مەئموونی شەهی عەبباسییان[٣]
وەک ئەوانیش هەر بڵند بە، تا لە دنیا دەرکەوی
هەر وەکو باپیرە گەورەت، میللەتی[٤] ساسانییان
سەرکەوە تاکو لە عالەم دەرکەوی وەک ماهی تاب
هەر وەکو باپیرە کۆنت، دەوڵەتی ئالامییان[٥]
ڕۆڵە ئەم دەوری بڵندی[٦] وا لە ئەوروپا هەیە
ئەوروپای فێر کردووە، غەرناتە و ئەشبیلییان
عەکسی بەغدا[٧] بوو، کە سەنعەت ئەندەلوسیش فێر ببوو
دەوڵەتی بەغداشی فێر کرد، عالمی ساسانییان

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە – ب/٢ – ل/٤٣ بەناونیشانی: (هەڵکە بەیداخی درەفشی کاویان).

(١) ئالامی: ئیلامی.

(٢) چاپی (م. ع): ... من وام ئەوێ نەو سەرکەوێ.

(٣) چاپی (م. ع): سەرکەوە وەک دەوری مەئموون، پادشای عەباسیان

(٤) چاپی (م. ع): دەوڵەتی.

(٥) چاپی (م. ع): ئیسلامیان...

– ئالامییان = عیلامییان.

(٦) چاپی (م. ع): تورەقی... (دەبێ تەرەققی بێ)...

(٧) چاپی (م. ع): ئەوروپا

دەوڵەتی ئاسوور و بابل عیلم و عیرفانی نەبوو
میللەتی کلدانی فێر کرد دانەری ئالامییان[٨]
لاوی من تۆمی بڵندیی نێژتووە باپیری تۆ[٩]
هەڵسە سەر پێ، هەڵکە بەیداخی درەفشی کاوییان
باسی[١٠] حاڵی کۆنە پیاوانت بڵێ بۆ لاوەکان
ئەی (ئەسیری) زیارەتی گۆڕت[١١] دەکەن وەک حاجییان

***

(٨) چاپی (م. ع): دەوڵەتی ئیسلامیان.

(٩) چاپی (م. ع):

لاوی من توخمی تورەقی نێژتووە ئەجدادی تۆ

(١٠) چاپی (م. ع): باس و

(١١) چاپی (م. ع): قەبرت.

کیژ و ژنان ۱

ژنانی کوردی ئێمە زۆر بەکارن
لە ڕۆژی جەنگ و هاوارا سوارن
لە کار و کردەیی خانوویی خۆیان
سوبوک دەستن لەگەڵ پیاویانا یارن
لە هۆنین و چنینا گشتی وەستا
لە دوورین و بڕینیشدا سەلارن
لە لایێ تەون ئەکەن، لاکێش ئەهۆنن
لە لایێ خورج ئەهۆنن بێستارن
بەڕەو جاجم ئەکەن، ڕەنگی بەنیشی
لە هۆڕ و تێر کردن، بێژمارن
هەنێکیان کۆچ ئەڕانن، موو ئەڕێسن
هەنێکیانش خەریکی جێ هەوارن
لە ئاوایی نەبێ سەردار و کوێخا
لە خزمەت کردنی میوان لە کارن
ئەگەر تەدبیری بۆ کارێ لە دەس بێ
لە گفتوگۆیی کۆمەڵ (حیصصە)دارن
لەسەر ئەم کار و کردە، کیژی کوردان
بەناموسن بەئادابن، بەعارن
کچی شێخ و سەرۆک و دەوڵەمەندان
لە خوێنین و نووسینشدا دیارن
چنینی سنگەوانە و، دەستەوانە
پوشین و گۆرەویی کیژانی شارن
لە کوردستان نەمێنێ پیاو (ئەسیری)
لە پێکهێنانی کاری، ژن بەکارن

الله اکبر(*)

ئەی برا[1] مەڕوانە ماڵ و خانەیی وێرانی من
تێبگە زانین و فەن و کردەوە و عیرفانی من
ڕۆڵەیی کوردم، سیلاحشوورم[2] لەمەیدانی شەڕا
عالەم ئەیزانێ چلۆن بوو ڕۆستەمی مەیدانی من
گەر بڕۆی گەشت و گوزاری باغ و باغاتم بکەی
تێدەگەی ئەوجا چلۆنە جەننەتی عەدنانی من
سەیری کێو و دامەنی کێوانی کوێستانم بکەی
هەر دەڵێی الله اکبر چەن خۆشە سەیرانی من
ئاوی بەرماوەی منە نیوەی جیهان تێر ئاو ئەکا
بۆ عیراق و ئەلجەزیرە ڕۆحە ئەم ئاوانی من
مەزرەعە و کێڵگەی وڵاتم بۆتە عەمباری جیهان
ڕزقی ئێران و عەرەب تەئمین ئەکا خەرمانی من

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع) ب/۲-ل/ ۲۱-۲۳دا بەناونیشانی ڕۆڵەی کوردم بڵاوکراوەتەوە (م. ع) لە پەراوێزدا دەڵێ: لە دەستنووسەکەی لای ئێمەدا سەردێڕی ئەم هۆنراوەیە نووسراوە "کابرا مەڕوانە"، لە کتێبەکەی مامۆستایان شارەزا و جەباریدا نووسراوە "ڕۆڵەی کوردم" ئێمەش ئەم سەردێڕە بەپەسەندتر ئەزانین. لە گۆڤاری (بەیان) لاپەڕە (۱۱۵) کانوونی دووەمی ۱۹۸٦ لاپەڕە (۳۷)دا بڵاوکراوەتەوە، جیاوازی لە نێوان شێوەی دێڕە شیعرەکانی لەگەڵ شێوەی سەرەوەدا هەیە و چەند وشەیەک گۆڕاوە.

(۱) لە چاپی (م. ع)دا: کابرا مەڕوانە.

(۲) سیلاحشوور: واتە: چەکدارێکی نەبەردم (جەنگاوەرێکی نەبەردم) (م. ع).

بۆ بڵندیی خۆی بەقوربانی ژیانی گەل دەکا
گیان وماڵی هیچە لا، سەرکردە وو گەورانی من
ڕووبدا بۆ دین و میللەت زەڕەیێ کورتی و بەدی
گیان ئەدەن ناکەن تەحەممول عالیم و شێخانی من
ئەو کەسە بەدبینە ئیسپاتی جەهل بۆ خۆی ئەکا
وا ئەکا ئینکاری زۆر و دەبدەبە و دەورانی من
لاپەڕەی تەئریخی عالەم شاهیدە بۆ دەوری من
دیارە هێشتا تاقی کیسرای دەوڵەتی ساسانی من
ئیددیعای عیلمی مۆسیقا ئاهی من ئیسپات ئەکا
ڕاست و سێگا وو بەیات و لاوک و حەیرانی من
دیزە وو بێژنگ و تەشپی، پەستەک و شاڵ و کڵاش
شاهیدە بۆ کردە وو کاری دەسی کۆنانی من
دەبدەبەی جەمشید و داراو و فەرەیدوون و کەیی
قابیلە ئینکاری عەدلی شاهی نەوشیروانی من
خێڵی دەوری ئەنقەرە و عێلاتی سەرکەی بایەزید
چاخی دنیا گرتنم بوو ما لەوێ کوردانی من
میسر و یۆنان و یەمەن، هیندستان و تورک و ڕۆم
چۆن موسەخخەر بوو بەگورز و خەنجەر و چەوگانی من
ئەی برا ئەو قەومە ژوورەی شوهرەتی سوریانییە
هەر ئەوە گۆڕاوە لەفزی میللەتی سۆرانی من
حەزرەتی ئیبراهیم دەڵێن ئاسوورە، ئاغا سوورییە
بەم وتە کوردە، دیارە سیلسیلەی عەدنانی من[٣]

(٣) ئەوەی زانراوە"قحطان"باپیرە گەورەی عەرەب بوو،"عدنان"یش لە "مستعرب"ەکان بووە، واتە بەپێی شیعرەکەی ئەسیری بنەچەی "عدنان"کوردە. (م. ع)

حەزرەتی نوعمانی سابیت بوو حەنیفەی سەرمەزەب
کوردە خاوەن عیلمی بەحری بێ پایانی من
پیاوی وەک سوڵتان سەلاحەدینی ئەیوبیم بووە
فەخرە بۆ ئیسلامی عالەم، کردەوەی سوڵتانی من
ئینقیلابێ چۆنی پێکهێنا لە ئیسلام و عەرەب
میر ئەبو موسلیم بوو سەرکردەی گەلی شێرانی من
نادری ئەفشاری وو عەبدولکەریم خانی زەنی
دوێنێ دەنگی دا لە عالەم سەتوەتی شاهانی من
گفتوگۆیا ئینتیهای بێ، خاتیمەش بێ بەم وتە
نیسبەتی ئاری بەسە بۆ عەنعەنە و عینوانی من
مەسلەکی من هەر چەنێ لەم تەرحە[٤] بەحسە دوورشە
ئەی (ئەسیری) پێم دەڵێی میللییەت و ویژدانی من[**]

***

(٤) ئەم وشەیە لە سەرەتاوە لە دەستنووسدا بە (لەم تەرحە)نووسراوە، دواتر کراوەتە (لەم جۆرە).

(**) گەلێک جیاوازیی وشە و دێڕ و شتی دیکە لە نێوان دەستنووسەکەی لای (مامۆستا گیوی موکریانی)دا کە ئەوەی ئێرە دەقەکەیەتی و چاپەکەی (م. ع)دا هەبوو نەمانویست لەمە پتر پەراوێزەکان بارگران بکەین.

ژەپۆن[١]

پڕ دڵم دەردە برا دەردێکی چۆن[*]
دارِزاوە دڵ سەرم کاسە لە بۆن
ڕۆڵە ئەم داماوییەم بۆ خۆم نییە
ماتەم و ڕەنجم لەبەر دوارِۆژی تۆن[٢]
سەیری ژەپۆن کە چلۆن سەرکەوتوون
دوێنێ هەستاون لە خەو ئەمڕۆ لە کۆن
کارگەری هێندە زیادی کرد لە وان
ڕووسەکان[٣] ئەمڕۆ لە بۆیان سەرفرۆن
کەشتیی[٤] سەرپۆشراوی ئاسنین
وەک نەهەنگی ژێری دەریا پێی دەڕۆن[٥]
وا لەسەر دەریایی (داگر) بەرز ئەبن
دەفڕن و پەرواز ئەکەن هەر وەک هەڵۆن

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/١ - ل/٦٩ - ٧٠

(١) ژەپۆن: ژاپۆن، یابان.

(٢) چاپی (م. ع): ماتەم و ڕەنجم لەبەردا ڕۆژ بتوون

(٣) چاپی (م. ع) و پێشتر لە دەستنووسدا نووسراوە (ڕووسەکان)، دواتر لە دەستنووسدا کراوەتە (چین)، ڕەنگ بێ ئەمەیان ڕاستتر بێ، چونکە ژاپۆن (چین)ی گرتبوو نەک ڕووسیا...
بەڵام لەبەر کێش دەبووایە بکرێتە (چینەکان) نەک چین... (ت).

(٤) چاپی (م. ع): گشتی.

(٥) چاپی (م. ع): بێ دەروون.

کەشتیی پۆڵای زرێداری زەلام
چەن نەهۆمە، وەک قەڵا کرداری خۆن
(کان) یان هیچی لە ژێر خاکا نەما
گشتیان دەرخست و دەفرۆشن بەتۆن[٦]
کردەیی کاری ئەوانە پڕ جیهان
کەلپەل و بەللووربییات و ڕۆنی بۆن[٧]
بەم هەموو سەرکەوتنە و کار و بەرە
دینیان ئێستاکە هەروا دینی کۆن
هۆگری یەک بوون و بۆیە چوونە ژوور
هیچ نەیانگوت من هەم و ئەو بێ چلۆن
بیری قەیرە و پیری تۆکەڵکی نییە[٨]
لاوی من نیشتمان و گەل چاونۆڕی تۆن
قەیرەیە گەرچی (ئەسیری) ساوە بوو
خۆش خوانت بوو لە شاهۆ وو لهۆن[٩]

***

(٦) چاپی (م. ع): بەموون.

(٧) چاپی (م. ع): ڕۆن و بۆن.

(٨) چاپی (م. ع): پیر و قەیرە و بیری کۆکەڵکی نییە.

(٩) چاپی (م. ع): قەیرەیە گەرچی «ئەسیری» سادە بوو
خۆشخوانییت، بۆ لە شاهۆ و لهۆن

شادە گەلت

لەشم لە خـاکـتـە، گـیـانم مـیـوانتـە وەتەن
مستیَ لە خاکی تۆ نادەم، بەهیند و چین و خوتەن
رووبار و مـێـرگ و گـوڵ و چیـمـەن و چەمی
کـانیی شـرین و باغ و رەز و سـێـبـەر و سـەهەن
خۆشویستنت وەها بەسۆزە، کە کاری لە کەللە کرد
ئاگـر لە دڵ بەر ئەدا، جـیـا ئەکـا لەسـەر بەدەن
وا هەر خـەریکە دوژمنی کـۆنت بەرۆژ و شـەو
بۆ بن برینی مـیـللەتی کـوردت بەباو و بەن
ئەی نیـشـتـمـان ئەوانەی رەقـیـبی تۆیان دەوێ
وا تێـمـەگـە بەشـەربن، ئەوانە شـەوەن
ئەی لاوی سـەرفـرازی گـەلی کـوردی دەردەدار
شـادە گـەلت،گـەشـە رەنگ روونە، ئێـوە هەن
کـۆشش بکەن بەدەست و پێـو قـەڵەم و چاو و دەم
بێ شـوبهـە زوو بەزوو بەهیـوای خـۆتان دەگـەن
لەم رێیـە هەرچی بەڵایێ بێ گـوێ مـەدەنێ
یا مـردنە و یا نەخـۆ هیـوایە پەک مـەخـەن
رۆژێ بەئارەزوو دەگـەن و شـار و خـورەم ئەبن
وەلێ بەشی ئەسـیـری سێ پاو و پەت و کـەفـەن

***

تەشەککورنامە

«تەشەککورنامە بۆ مەبعووسە موحتەرەمەکانمان جەنابی سمایل بەگ و، جەمال بابان و، ساڵح بەگ و، حازم بەگ و، سەیفوڵڵا بەگ و، محەمەد بەگی جاف و، پیاوە بەغیرەت و حەمییەتمەندەکانمان».

شەش مەردی نیشتمانی لە شەش گۆشەیی وەتەن
ئێـشـک گـرن بەگـیـان و بەدڵ هەوڵ و رەنج ئەدەن
بۆ سـەرفـرازی وو دوارۆژی روونی گـەل
کـۆشش ئەکـەن بەپەلەو نووسین چۆن و چەن
ژینی ئەمـانە لە خـوایی گـەورە خـوازمـە
دووربن لە حـیـزە فـێـڵی بەدخـواهو باو و بەن
سەر دەسـتـەیە سمـاییلی سۆران، جـەمال بەبان
نـەوزادی پژدەرە سـالـح بەگی جـەوەن
حـازم کـە ناوی حـازمـە، کـردەیشی حـەزمـیـیـە
سـەیفی خـودایە کـەللەی پڕ هۆش و عـیلم و فـەن
بێـتـو کـەسێ بڵێ چلۆنە (حـەمـەد) بەگ دەڵێم:
سـەرداری جافـە نایەوێ گوفـتـار و ناوونیـشـەن
پێـشکەش ئەکـەم سوپاسی گـەلی کـورد و خـۆم
بۆ پێـشـرەوانی، بۆ هیـوا کـە رێ ئەبەن
گـیـانی ئەبەخـشێ کـورد لە رێی ئەم کـەسانەدا
چـاوەنۆڕیـانە بڵـێـن چی وەها ئەکـەن
ناوونیـشـانیـان دەمێنێ (ئەسـیـری) هەتا وەکـو
رۆژێ جـیـهـان بمێنێ، تۆ پیـاوی لە رووی وەتەن

***

ئێمەش ئەولادی ئادەمین

ئێمەش ئەولادی ئادەمین بەشەرین[*]
لە مودیر و ئیدارە بۆ چی بەرین؟!

***

ئەم غەم و دەرد و حەسرەتە تا کەی؟
داغی ناو جەرگی لەت لەتە تا کەی؟
ئەم وەڕس بوون و میحنەتە تا کەی؟
نێڵەیی خەڵک و باری میننەتە[1] تا کەی؟
ئێمەش ئەولادی ئادەمین بەشەرین
لە مودیر و ئیدارە بۆ چی بەرین؟!

***

ئەوەی هۆشی هەبێ لەماتەم و حوزنە
نییە بۆ کوردی بێ نەوا جەژنە
بۆچی نایێتەدی (قەرارەکەی لوجنە)؟
گەورەو و بچکە[2] بۆ ئەوە توشنە
ئێمەش ئەولادی ئادەمین بەشەرین
لە مودیر و ئیدارە بۆ چی بەرین؟!

***

پیاومان عالیم و مەرد و بێ پەروا
تاکە نیشتمانمان لە ئاب و هەوا!

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/٢ - ل/٤٠ - ٤٢
(١) لە چاپی (م. ع)دا: (میحنەتە).
(٢) چاپی (م. ع): گچکە

میوەیی باغی بۆ جیهان ئەڕوا
فائیدەی چی؟ بەقوڕگی خەڵک ئەڕوا!
ئێمەش ئەولادی ئادەمین بەشەرین
لە مودیر و ئیدارە بۆ چی بەرین؟!

***

تێبگە ڕۆڵە چۆن بوو پێشوونان
حوکمی میدیا و عەدلی نەوشیروان
قووەتی ئەردەلان و، بەخششی بابان
ئێستە بۆ ملکەچین و سەرگەردان؟!
ئێمەش ئەولادی ئادەمین بەشەرین
لە مودیر و ئیدارە بۆ چی بەرین؟!

***

کەسێ هەیە وا لە گەل بەجێ مابێ
وەکو ئێمە لە پاش و دووا مابێ؟!
بێ وەزیر و ئەمیر و، بێ شابێ
هەیە (ئایەت) کە کورد بەهیچ نابێ؟
ئێمەش ئەولادی ئادەمین بەشەرین
لە مودیر و ئیدارە بۆچی بەرین؟!

***

موددەعیی خادمی بڵندی بەشەر
کردیان گشت بەخاکی ئێمە گوزەر
تێگەیین حاڵی کورد و، باس و خەبەر
ڕەحمێ ناکەن لە میللەتی بێ سەر

ئێمەش ئەولادی ئادەمین بەشەرین
لە مودیر و ئیدارە بۆ چی بەرین؟!

***

سەیری کوردێ بکەی لەسەر تا پای
هەر لە تەپڵە، هەتا وەکو کاڵاّی
کردەیی خۆیە سنعەتی باوای
ئەی (ئەسیری) حەقە بکەی داوای
ئێمەش ئەولادی ئادەمین بەشەرین
لە مودیر و ئیدارە بۆ چی بەرین؟!

***

ئەی نەوەی کورد

ئەی نەوەی کورد، ڕۆڵەی شیرین
بەسیە بێهۆشی و، خەوی سەنگین
لە دەمێکی نەهات و ڕۆژی ڕەشین
ئاه ئەکێشین و دڵ دەگوشین
دەردی دڵ هێندە زۆرە وا دەهەژین
بەرخۆری باخی ئێمەگەل لە خۆشین
ئەی نەوەی کورد ڕۆڵەی شیرین
بەسیە بێهۆشی و خەوی سەنگین
تێ بنۆڕین لە کاری خۆ، کوردان
گەل پەرێشان و نیشتمان وێران
گەورە و گچکە مات و سەرگەردان
بێکەس و بێ پەناو دڵ بوریان
ئەی نەوەی کورد ڕۆڵەی شیرین
بەسیە بێهۆشی و خەوی سەنگین
تێ بنۆڕین لە میللەتانی دی
چۆن دەژین سەربەخۆ لە ڕووی زەوی
خێوی سەرباز و دەوڵەتانی قەوی
بێجگە لە کورد کێ لە پاش و خوار و نەوی
ئەی نەوەی کورد ڕۆڵەی شیرین
بەسیە بێهۆشی و خەوی سەنگین
ئەی کەسی بێکەس و پەنای هەژار
بەزەییت بێ بەکورد خوا هاوار

وا وەڕس بووین لە گیان لەلەش بێزار
مووچەمان ئاخوداخ و دەرد و ئازار
ئەی نەوەی کورد ڕۆڵەی شیرین
بەسیە بێهۆشی و خەوی سەنگین
گەل نەماوە کەشەنگ و وڕ ئێستا
گشتی وریا بووە و لەخەو هەستا
خۆی لەجێی ڕاوەشان و ڕاوەستا
سەربەخۆ و ڕێک ئەژین هەموو ئێستا
ئەی نەوەی کورد ڕۆڵەی شیرین
بەسیە بێهۆشی و خەوی سەنگین
دەوڵەمەنمان خەریکی خۆراکە
لاتمان گیانی تیا نییە و لاکە
سەروەری گەل، (ئەسیری) بێباکە
پۆلی زانایە، دەردی هەر خاکە
ئەی نەوەی کورد ڕۆڵەی شیرین
بەسیە بێهۆشی و خەوی سەنگین

***

ماتەمنامە

ڕەش دەپۆشین، شیوەنە کوردین لە مانگی ماتەمین[*]
ڕۆژی قورپێوانە ئەمرۆ مێزەر و سەرپۆشە شین
ساڵ بەساڵ ئەم ماتەمە دەگرین لە بیرمان دەرنەچێ
تا زەمانی تۆڵە دێ ڕۆژێکی وا خورەم ئەبین
شێخ عەبدولقادر و چەن سەد ڕەئیس و، شێخ سەعید
لەم دەمە بوونە فیدایی نیشتمان و گەل، دینی موبین
شێخ عەبدولقادر ئەم زوڵمە گرانەی لێ کرا
دیارە ئەرشەد بوو لە ئەولادانی فەخرولمورسەلین
بۆ نەسووتێ دڵ، جگەر بۆچی نەبرژێ وەک کەباب
سەرکز و عاجز خۆمانین، دەردەدار و دڵ حەزین
بێ هیوا وو بێ پەناو و بێ بەش و، بێ جێ و ڕێ
گۆشەگیری ناعیلاجین، دوور لە خەڵک و بێکەسین
چەن هەزارێکمان بەسێدارە بەناحەق بوون شەهید
سەد هەزار کوژراومان ئێستەش لەسەر ڕوویی زەمین[1]
سەد ئەوەندە زوڵم هەبێ، دەردیش هەزاران بێتە پێش
هەر لەسەر ئەم بیرە[2] وو ئەم ڕێگەیە سابیت ئەبین
مەرد ئەوە ماڵ و سەر و موڵکی لە ڕێی حەق دابنێ
ئەی ئەسیری هیچە لای عاقڵ بەنامەردانە ژین

***

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە، ب/٢ - ل/٦٨ - ٦٩
(١) چاپی (م. ع): زەوین.
(٢) چاپی (م. ع): فیکرە.

له دهستهی پهھلهوین

ئێمه کوردین سهروهرین ئارین لهدهستهی پهھلهوین
سالکی ئهوجی سهعادهت، بۆ مهعاریف ڕهھرهوین
ڕۆژ و شهو هیوا له کۆششمان مهبهست چاکی بهشهر
ڕههبهری حوررییهتین عیلم و مهعاریف پهروهرین
تازه تهرزی نهو نهمامی باغی سهروی میللهتین
لاله وو ڕهیحان و نهسرین و بنهفشهی وهتهنین[١]
ئێمه پهرژینین له دهوری خاکی پاکی نیشتمان
دهستهیی میحنهت کهشی گهل، پاسهوانی میللهتین
عیلم و زانایی چهکی دهسمانه، وهحشهت دوشمنه
مهحوو بهربادی ئهکهین، یهغماگهری عهمری ئهوین[٢]
ڕوو له هیوا ڕاست و تیژ و دهیدهوان و ڕهھڕهوین
عیلمێکی وا کهسب ئهکهین بۆ ئاسمانان پێی ئهچین
ڕۆژههڵاتی لاوی کوردانه (ئهسیری) زوو وتی
ئێمه کوردین سهروهرین، ئارین له دهستهی پهھلهوین

***

(١) له دهستنووسهکهدا له پێشهوه بهو جۆرهی سهرهوه نووسراوه، دواتر کراوهته (...بنهفشه و یاسهمین).

(٢) ئهو نیوه دێڕه پێشتر بهو جۆره نووسراوه، دواتر کراوهته: (... ئهو دوژمنه کۆنهی بهرین).

و

جگهر برژاو

دڵ له دووریت تواوه بوو بهزووخاو
ئاگری جیایی جهرگی سووت وهکو قاو
چۆن نهبرژێ لهشم لهسهر تا پا
گرپهیی ڕووت بهگڕتره له ههتاو
سهیرهکارم له دووری ڕووت ئهسووتێم
لهش بهدیدار وهکو جگهر برژاو
خۆری دیداری ڕووت، که بنوێنی
تێک ئهچێ کاروباری زینده وو[١] ماو
بێنه مهی هیچ مهڵێ شێخه نانۆشێ
بۆ مهلاش بادهنۆشی بۆته باو
کێ بێ تووشتبوو، تووشی دڵداریت
که نهبوو بێ بهگهشکه پیر و لاو
جۆری گوڵزاری ڕووت که ئهینوێنی
بوونی بهرجا، نهچۆته بیری زاو
ئهو برسکان و، ئهو بڵێسهی ڕووت
ئهوه هیوا نه لێو و کوڵم و چاو
ههرچیی گرت ئهو بڵێسه، بوو بهنهچیر
ئهوه چهکته، بهوی ئهکهی کهسێ ڕاو

(١) له پێشدا له دهستنووسهکهدا وا نووسراوه، دواتر کراوهته (مردوو).

دڵبەریی خۆشەویستە دڵ بەدیلیبێ
بەبێ ناوبانگ و ناونیشان و ناو
هۆ (ئەسیری) چییە ، لە کێ ئەدوێی
دیارە بەختت ڕەشە و ئەواتت خاو

***

نیشتمانت وەک بەهەشتە

ڕۆڵە کۆشش کە بجووڵێ ڕۆژ و شەو(*)
با نەمێنێ ڕاحەتی و خۆراک و خەو
ڕۆژی پێویست خۆت بکە قوربانی گەل
گەر لە کۆمەڵ کەوتە بەر تۆ ڕیز و دەو
پف لە کوورەی سینەیی لاوت بکە
ڕۆژهەڵاتی گەل بڵێ گۆرانی ئەو
لەم هەوارگەی باو و باپیرت مەڕۆ
دابمەزرێ وەک چیا ، زۆر تاڵە ڕەو
بیری هەر چیت بوو لە دڵ بیشارەوە
بێ بەر و بێ جێیە دەنگ و قاوەقەو
هەرچی کاری ئاشکارە لێی بدوێ
ڕۆڵە پێک نایێت و بەرخۆر نابی لەو
نیشتمانت وەک بەهەشتە چیمەنی
تیا دەخوێنێ پۆڕ و بولبول، قومری، کەو
دانەوێڵەی چارەوات و خۆت ئەدا
گەندوم و نیسک و برنج و نۆک و جەو
ئامەدی زۆرە و بەهاتە جێیی تۆ
باویە ڕاو ، (شامپانیا) ناگا بەئەو
ئەی (ئەسیری) کوشتەی خاکی پاکتی
هەر بڵێ تا دەتکەنە قوربانی ئەو

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە – ب/١ – ل/٤١ – ٤٢

وو

ستایشی پێغەمبەر ((د . خ))(*)

یەزدان لە ئەزەلدا هەبوو وەک خەزنەیێ گومبوو
ویستی کە دیاری بێ، ئیرادەی بەخەلق بوو
نەوعی بەشەری، خوا، مەدەنی خەلق و پەیاکرد
قورئانی بەدەستووری عەمەل بوون ڕەواکرد[1]
ویستی کە موبەلیغێکی شایستە لە خۆیان
بۆ ڕوحی موحەممەد، دەستەگوڵی ڕەحمەت و ڕەحمان
چونکە لە بەشەر لایق و پاکیزە هەر ئەو بوو
بۆیە لە خوای گەورەوە ئەو نائل بە بەشەر بوو
دەرکەوت سەبەبی حیکمەتی خوا ناردنی ڕەهبەر
بۆچی بوو موحەممەد لە بەشەر بوو بەپەیامبەر

(*) لە دەسنووسێکی (ئەسیری)یەوە وەرگیراوە. (م.ع).
(-) لە چاپی (م.ع)یەوە وەرگیراوە، ب/١- ل/ ٨٩
(١) مەبەس لە نیوەی یەکەمی دێڕە شیعرەکە ئەوەیە کە خودا ئادەمیزاد و شارستانیەتی دروست کرد و پەیدای کرد. (م.ع).

خوا هەبوو(*)

خوا هەبوو لە کۆنا هەر هەبوو
بێجگە لەخوا کەسی تر نەبوو
هەرچی کە هەیە خوا پەیدای کرد
دا خۆی بناسن بۆیە ئاوای کرد
ئاسمان و زەوی پەیداکرد
گیانلەبەرو درەختیشی کرد
لەپاش ئەمانە لە خاکی زەوی
ئادەمی پەیداکرد تەنها ، بێ وەوی
کە دی لایەکی وا هەڵزەپیوە
ئەم لاکەی تری بۆخۆی تەپیوە
لا هەڵزەپیوەی هەر بەرزەوە بوو
کاتێکی زانی زۆر گرژەوە بوو
لێی جیاوەبوو وەکو خۆی لێهات
خۆی نێربوو ئەویش وەکو مێی لێهات
بوونە مێرد و ژن هەردوو یەکیان گرت
بۆ جەنناتولعەدن ڕێیان لەبەرگرت
لە بەهەشت دەگەڕان بەکەیف و خۆشی
میوەیان ئەخوارد مەییان ئەنۆشی
لە هەنگوین و شیر لە ئاوی کەوسەر
شەراب و قۆنیاخ وەک میسک و عەنبەر

(*) لە دەستنووسێکی «ئەسیری»یەوە وەرگیراوە. (م.ع)
(-) لە چاپی (م.ع)یەوە وەرگیراوە- ب/١- ل/ ٨٥- ٨٦

بۆ ژیانی هەمـــــوو پەڕەندیێکی
دەهاتە پێـــــشێ بۆ تیکەیێکی
ئادەم لە بەهەشت کــــە هاتەخـــوارێ
گــەیشــتــە دونیــا کــردی هاوارێ
کــــــە دی زەوی بەدار و بـەردی ڕەق
نزیک بوو لە قـــینا دڵی بکا تەق
ئەمـــەی بەســـەرهات لەبەردەمی بوو
لە ژووری دەمی پشـــــتی چەمی بوو
شـێـــوابوو عـــەقـــڵی وەک ئاو ئەلەرزی
هاواری ئەکـــــــرد بەدەنگی بەرزی
دەمم بوو ئەمـــــەی بەســــەرم هێنا
بەهەشت بوو جـــێگەم ئەو دەرمی هێنا

بەخێرهاتنی ڕەشید عالی گەیلانی(*)

هەرکـە بۆ ناو قـەومی کـورد هاتی بەمـیـوانی ئەتوو
ئیلتـیـفـاتت هێندە زۆر بوو، ئارەزوویان گشـتی بوو
ئەی وەزیری مـوحـتـەرەم، ئەی سـەروەر ئەی نـامـدار
عـەدلە نیشـانەو شیـعـارت، چاکە لێـتـان بۆتە خـوو
کـورد کـە نۆسـەد سـاڵە ڕەبتی خـانەدانی ئێـوەیە
ئیـمـڕۆ زیاتر مـوخلیـسن چونکە لەتۆیان دیوە ڕوو
چونکە مـەیلی چاکە ئەکـەی حوککامـتـان عـادیلن
باوجوود حوککامی کەرکووک ڕازین لێیان گەل هەموو
چاوەنۆڕی فـــەیزی لوتفی تۆ ئەکـــەن لەم ڕۆژە وەک
هەروەکـوو باران دەسا بێت ئەمری شـەریفت، دە زوو
چەژنە پیـــرۆزەی جـەنابتی بەناوی قـەومی کـورد
ئەی وەزیری سـەربڵند و زۆر زۆر بژی لەو پایەیە توو
مـوخلیـسی دەرگاهی گـەیلان (ئەسیری) بانگ بکە
چاوەڕێی فـەیزین لەتۆ، هیـمـمـەت بکە گـەیلانی زوو

(*) لە دەسنووسێکی لای خۆمانەوە وەرگیراوە. لە کاتی هاتنی ڕەشید عالی گەیلانیدا بۆ کەرکووک خوێندراوەتەوە. لە کتێبەکەی مامۆستایان شارەزا و جەباریدا بڵاوکراوەتەوە.

(-) لە چاپی (م.ع)یەوە وەرگیراوە ب/١- ل/ ١٢١.

چوومه کوردستان

چوومە کوردستان لە چاخێ گەرمی وو سەرما نەبوو[*]
بەرگی شیو و شاخ و، دەشتی سونبل و ڕەیحانە بوو
بۆ هیلاکیی گەشتی دەوری پایتەختی شای بەبە
جێگە مۆڵەم چەند ڕۆژێ شاری خۆشی بانە بوو
ڕۆستەم خان و حەمەخان پێک بەشەڕ هاتن لەوێ
چەند کەسێ کوژراو، چەندی دێ سووتا و وێرانە بوو
دڵ لەوێ هەڵکەندرا، ڕووم کردە ڕێگەی گردی خان
دەنگی پۆڕ و قومری وو بولبول لەوێ مەستانە بوو
چوومە ئەو دیوا، گەییمە میرە دێی دەشتی سەقز
بانگیان کردمە قەڵاتێ تەرزی نەوکاشانە بوو
نۆکەر و میرزا وو خانم، هاتنە دەورم هەموو
باسی جەنگی بانەیان پرسی، وەلێ ئاغا نەبوو
هەر کەبیستیان لێم شکستێکی تەواوی حەمەخان
تێکچوو ئاغاژن بەیەکجار، گفت و گۆم پێ چا نەبوو
میرزایێ پێی وتم وسکت بە ئاغاش لەو شەڕە
خوشکی حەمە خانە، خانم، چا بوو ئەو وریا نەبوو
خانمی دێ هاتە گفتوگۆ، وەلێ گوفتی چلۆن
هەر کە تێ نۆڕیمە بیر و هۆشی، سوقراتانە بوو
(ئەربەبا) و ڕێی (هەنگەژاڵیان) گەر بگرتایە وتی
ناشکان بەم جۆرە، پیلانێکی بسمارقانە[١] بوو

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/١ - ل/٣١ - ٣٦
(١) چاپی (م. ع): بسمارکانە بوو.

بانگی میرزاییێکی کرد، نووسراوی بۆ جێیێ نووسی
تا نووسی چەند جاری پێ گێڕاوە، هەر پێی چانەبوو
خۆی کە دەستی کردە تەقریری بەپەهل و پارسی
من لەجێی خۆم مات بووم، میرزاش لەوێ دێوانە بوو
تێ گەییم ئەوسا کە مێشکی پیاو و ژن فەرقی نییە
هەر کەسێ تەئریخی زانی، بیری ئەو مەزنانە بوو
بۆ سبەینێ کەوتمە ڕێ تا چوومە ناو شاری سەقز
جێگەیێ ئاودار و دڵگیر و خۆش و جانانە بوو
چەند ڕۆژێ مام لەوێ ڕووم کردە مەمی و تیلەکۆ
چوومە دێی میرزا میراشە جێگەیێ شاهانە بوو
چوومە دیوانی حەبیبوڵڵاخانی تیلەکۆ
چەن مەلا و سەرهەنگ لەوێ بوو، کۆمەڵی پیاوانە بوو
گفتوگۆمان هاتە سەر نووسینی زانایانی کورد
کەوتنە کێشە لەگەڵ سەرهەنگ، ئەو (زانا) نەبوو
فارسی و خەتتی شکستی ئێوە نازانن وتی
مێشکی لەق بوو، وتەی بێ تام و مەجنوونانە بوو[٢]
فارسی و خەتتی شکستمان بۆ چییە؟ کوردیی پەتی
بۆ ئێمە نووسینی چاکە وتمە ئەو، وریا نەبوو
تاکو ئێستا هیچ نەنووسراوە بەکوردی چۆن ئەبێ
خوێندن و نووسینی پێشوونانی ئێوە وا نەبوو
لەو سەری دیوانەوە خێزانی خان هاتە جەواب
زۆر بەسەر سەرهەنگدا هات و، وتەی بێجا نەبوو

(٢) ئەم دێڕە شیعرە (دوو نیوە دێڕ) لە چاپی (م. ع)دا نییە.

میللەتانی دی (مەلائیک) فێری نووسینیانی کرد
یا لە (تەورات) و لە (قورئان)، یانە ئیلهامانە بوو
تێ گەیین وتێگەیاندن، بۆتە هیوایی نووسین
من بەکوردی زۆر ئەنووسم، ڕەئیی تۆ نادانە بوو[٣]
بەم وتەی خانم قوڕی دایە دەمی سەرهەنگدا
مات بوو ڕەش(ڕەش)[٤]داگەڕا نوقمی کوپەی خومخانە بوو
پاش گەڕانی هەیبەت و (گەلباغ) چوومە ناو (سەراڵ)
چوومەماڵی سەید عەلی چاخی توو و شیلانە بوو
سەید عەلی هۆشیار و زانا وو بەدڵ وریا و مەن
ڕووخۆش و کار و وتەی سەرکەوتوو و گەورانە بوو
حورمەتی گرتم شیلانە و توو و سێب و[٥] خوانی هات
دەس لە خۆراکا بوو[٦]، گفتوگۆ و شەڕە شیعرانە بوو
نۆرە کەوتە بەرمن، هەڵبەستێکی خۆمم خوێندەوە
زۆر تەڕ و خۆش و شرین و، ناسک و یارانە بوو
زۆریان پێ خۆش بوو هی کێیە ئەمە؟ هی من وتم
کوێندەریی کێی کوردەیم، کۆمەڵ بەوە ڕەندانە بوو[٧]

(٣) لە دەستنووسدا بەمجۆرە نووسراوە
چاپی (م. ع) ڕەئی تۆ نادانا نەبوو...
دەبوایە (لەبەر کێش و واتا): (ڕەئیت نادانانە بوو) بوایە... (ت)
(٤) لەبەر کێش ئێمە (ڕەش)ی نێو کەوانەمان بۆ زیاد کرد.
(٥) چاپی (م. ع): سێن... ڕەنگە هەڵەی چاپ بێ.
(٦) چاپی (م. ع): بە
(٧) چاپی (م. ع): کوێندەری کێی کوردە؟ پێم کۆمەڵی بەرژەندانە بوو

سا کەوایە چەندێ[٨] هەڵبەستی بەهەشتی شێخ ڕەزا
لێرە فەرموو، جێگەمان ئەمڕۆ بەتۆ شاهانە بوو
هەر کە خوێندم هاتە جونبوش پیاو و ژن گەورە و بچووک
خانمیش چەن شیعری شێخی[٩] خوێندەوە مەستانە بوو
پاش ئەوە هەڵبەستی نیشتمانی و گەلیی خۆی خوێندەوە
مێشکی پیاوی ئاو ئەدا، بەو جۆرە میللییانە بوو
لەو دەمە هاتینە سەر گوفتی پێشوویی ئەردەلان
باسی تەئریخیانی کرد، زانینی ئوستادانە بوو
زۆر عەجایب ئەلفییەی مەتنی سیووتیشی لەبەر
خۆمنیش جامیم ئەخوێنی تێگەیینم وا نەبوو[١٠]
بۆ سبەینێ زوو لە شەرما[١١] کەوتمە ڕێ بۆ سنە
چوومە شاری سینە، باغی سەیری سینەما نەبوو[١٢]
هێندە ڕۆژێ دەردەچوومە گەشتی دەوری چیمەنی
ئاوی ڕوون و مێرغوزار و قەسری فیردەوسانە بوو
جارێ تووشی دەستەیێ ژن بووم لەگەڵ ئاغا حەسەن
ڕابووردنمان بەلایانا بەناچارانە بوو

(٨) چاپی (م. ع): سا کەوا بێ چەن...
(٩) چاپی (م. ع): خۆی.
(١٠) چاپی (م. ع): تێ گەییم پێوانە بوو
(١١) چاپی (م. ع): لەوێ وە...
(١٢) پێشتر لە دەستنووسدا نووسراوە (سەیری باغی) دواتر (سەیری) ڕەش کراوەتەوە و لە دوای (باغی)یەوە نووسراوە...
چاپی (م. ع): شاری سنە.

یەک لەوان هاواری کرد، فەرمووو فەقێ چایێ بخۆن
شەرمشم هات[١٣] و کە سەیرم کرد مەستوورانە بوو
هەر کە دانیشتین هەموو ڕوویان نیقابی پێوە بوو
یەک لەوان مۆرێکی کەن، نادر لە بەسرە وا نەبوو
من وتم بۆچی ژنیش دەتوانێ حەککاکی بکا؟
ئەو تری وتیان سەعات سازە، کچێ قەیرانە بوو
ئەو تریشیان (لەوحە) نویسێکە[١٤] وەکو چاپە خەتی
چالێنەر گۆیندە[١٥] بوو، ساقی ژنێ ڕەندانە بوو
دەستیان کردە موعەمماو و لەغز پرسینەوە
هەر خواخوام بوو نەجاتم بێ، وەلێ ڕێگا نەبوو
مێزەری مەلا کە دەرکەوت، زوو بەزوو هەڵسایین لەوێ
چونکە مەلا ڕەخنە گیر و[١٦]، گەورە وو مەندانەبوو
پاشی چەن مانگی[١٧] تری چوومە ڕەوانسەر سەیری کەم[١٨]
خان و مانی[١٩] ئەردەلانی هیچی دی هیوا نەبوو
هەر کە چوومە (سەڵتەنەتگە)، حاکمی حەمیدە خان
ئافرەتێ سەردار، ڕەشید بوو، خۆی لە دیوانا نەبوو

(١٣) چاپی (م. ع): کرد
(١٤) چاپی (م. ع): نووسێکە
(١٥) چاپی (م. ع): گۆبەندە بوو
(١٦) چاپی (م. ع): ڕەخنەگر بوو...
(١٧) چاپی (م. ع): ڕۆژی
(١٨) چاپی (م. ع): سەیرەکەم
(١٩) چاپی (م. ع): خانەدانی

چوومە کۆمەڵگە سەلامم کرد و وتیان سەد عەلێک[٢٠]
پڕ لە مەلاو و لە نووسەر، کۆمەڵی زانانە بوو[٢١]
فەرموو ئاغای سەیید ئەو ژوورە بەخێر بێی خەڵکی کوێی؟
هەر کە زانییان[٢٢] کەرکووکیم، باسی شیعر یێکانە بوو
چەندی هەڵبەستێکی شێخی خوێندەوە خانم بەخۆی
من کە هەڵبەستێکی خۆمم خوێندەوە هاوتا نەبوو
بێژەنانی گشت ئەناسی، خۆشی بێژەن بوو کەمێ
چەن هەزار بێژی لەبەر بوو، نووسەری گورجانە بوو
حاکمێ بوو حوکمی وەک باپیرەگەورەی ئەردەلان
تێگەیشتوو و مەن بوو گوفتی، ڕێک و دانە بوو[٢٣]
پاشی چەن ڕۆژێ لەوێوە چوومە دەشتی شارەزوور
نووسراوی عادیلەم دی ڕێک و دڵدارانە بوو
ئەم گەڕانەم بیست و دوو ساڵی لەمەو پێش بوو تەواو
لەو دەمانە، ڕۆژهەڵاتی پیاو و ژن وریا نەبوو
ئەی (ئەسیری) ئەم ژنانەت دیوە وریا بوون لەوێ
پیاویان نیوەی وەها بوو، ڕەهبەرێکی وا نەبوو

***

(٢٠) چاپی (م. ع): ... کرد هەموو وتیان علیک
(٢١) چاپی (م. ع): زانسانە بوو
(٢٢) لە دەستنووسدا: زانین
(٢٣) چاپی (م. ع): دانانە بوو

ستایشی محەممەد ئەمین زەکی بەگ(*)

هەرچەنێ هیوام هەبوو یەک یەک لە دەستم گشتی چوو
هیچ مەبەستێکم نەما بۆ پاشەڕۆژم بێجگە توو
هەرچەنێ بیری بلّندم کردو بەخت یاری نەدا
پشتیوانێکم نەبوو جێگەی ئومێدم هەو نەبوو
ئێستا تەنگاوم لە دەست کورتی ئەوا چارەم نەما
گەرچی لەم جۆرە ژیانە بوومە چەرمی ئاوەسوو
خێرخواهان سەرنویسی مەحکەمەی شەرعیەیان
بۆم نویسی داکو ڕزگاربم لەدەس تەنگی بەزوو
چەند سالێ نووسرا جاخ جەمال بۆم بوو بەشەش
دامەدوواوە (نووسرا سەرنۆ بدە) وەک ئارەزوو[1]
با بەهەشتیشی لەسەر، ئەو چەندە پێم گوفتێ درا
پێکی بێنن ئێوە بۆم بۆ ئێوە چاکە بۆتە خوو
وا لەبەردەرکی وەزیرێکی ئەمین و هەم زەکی
تاکە دەروێشە (ئەسیری) بانگ ئەکا یا پیر هوو

(*) لە دەسنووسێکی (ئەسیری)یەوە وەرگیراوە. (م.ع)
(-) لە چاپی (م.ع) یەوە وەرگیراوە ب/١- ل ١١٢
(١) ئەم دێڕە شیعرە لە کتێبەکەی مامۆستایان شارەزا و جەباریدا نووسراوەتەوە:
(چەند سالێ نووسرا چاخی جەمالم بوو شەست)
(نامەداوا نووسرا سەرنووبدە وەک ئارەزوو)
ئاشکرایە لەو سالانەدا کە ئەسیری ئەم شیعرەی هەڵبەستووە تەمەنی نەگەیشتۆتە شەست هەتا بڵێ: چاخی (جەمالم) بوو بە شەست. (وشەی نامەداوا) هیچ مانایەک دەرناخا. بەڵام (دامە دواوە) واتە گەڕامەوە بۆ دواوە. (م.ع).

بۆ عەبدولڕەحمان بەگی تاپۆ(*)

عەبدولڕەحمان بەگی تاپۆ دڵەکەم، گەرچی چوو
تەنگ مەبە شوکری دەوێ پایەیی ئەو، بالا بوو
هەموو کەرکووکی سەراسەر لە خودا پێویستیان
ئەمەتا، پایەیی بەگ بەرزەوە بێ بێتەوە زوو
چاکەیێکی پێتە بێجگە لەمە نازانی
کردەیی بابییە ئەم کارە لەمیش بووگە بەخوو
سەیری هەڵکەوتی سەری کەی، مەخزەنی عەقڵ و زەکا
سەیری ڕوخساری بکەی پڕتەوی فڕینی لەڕوو
میللەتێ ژوور ئەکەوێ دەوڵەتی هوشیاری هەبێ
دەوڵەتێ هێزی ئەبێ پیاوی هەبێ سەرکەوتوو
هەموو پیاوانی حکوومەت وەکوو ئەم بوونایە
لە جیهان تاک ئەبوو ئەم دەوڵەتە هاوتای نەبوو
پایەو چاکەی پیاوێ کە نەیزانیبێ گەلی
چ نموودی نەبووە ئەو گەلە هەرماوە لە دوو
زۆر سوپاسی ئەوێ هۆ کاکی (ئەسیری) بۆ بەگ
پایەیی بەرزەوە بوو گەرچی لە کەرکووک لاچوو

(*) لە دەستنووسێکی لای خۆمانەوە وەرگیراوە. عەبدولڕەحمان بەگی تاپۆ: شاعیرێکی نوێخوازی ناسراوە...
لە چاپی (٣-ع)یەوە وەرگیراوە ب/ ١- ل/ ١١٨

ۆ

تۆڵە نامە

ڕۆڵە بڕوانە لە کردەی دوژمنی غەدداری[١] تۆ[*]
ڕۆژی دانایی لە تالآن کردن و کوشتاری تۆ
شێخی پالۆ و نەهرییە کوژران بەسێ پا بێ خەتا[٢]
خۆی ئەوا بۆ کوشتنی تۆش ساز ئەدا خوێنخواری تۆ
ڕەنگی نیشتمانت بەخوێن کرد بۆتە قاڵی دوژمنت
سووتەنیی تورکانە ئێستا ئێسکی نازداری تۆ
دەربەدەر بوون ماڵ و منداڵی شەهیدانی گەلت
چۆل و وێرانە سەراسەر ئێستە دێ وو شاری تۆ
هەر دەبێ مات و مەلوول و دەس بەئەژنۆ دانیشی[٣]
هەر دەوامی بێ دەبێ ئاهو گرین و زاری تۆ
دەست و پێ هەڵکە بجووڵێ ئێستە چاخی تۆڵەیە
نابێ ئارامت هەبێ، گەر بۆ گەلت غەمخواری تۆ
پڕ لە چەک ئامادەبە تێ هەڵکە دەی بستێنە زوو[٤]
تۆڵەیی گەورە و بچووک و ڕەنجبەر و دینداری[٥] تۆ

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/٢ - ل/ ٣٠ - ٣١

(١) چاپی (م. ع): وشەی (غەدداری)ی لێ کەوتووە.

(٢) چاپی (م. ع): وەک مەسیح.

(٣) چاپی (م. ع): دانیشن.

(٤) چاپی (م. ع): پڕ لە چەک ئامادەیە، تۆڵە دەبێ بستێنی زوو

(٥) چاپی (م. ع): سەرداری تۆ.

تازە کێت ماوە لە خزم و ماڵ و منداڵ و کەست
ڕۆحێکی مات و کزت ماوە، لەویش بێزاری تۆ
ئاهی سەردی سینە وو سۆز و گڕی جەرگ و دڵت
هەر بەتۆڵە لا ئەچێ دەرد و غەم و ئازاری تۆ
چاخی فرسەت لێی گەڕان[٦] پاشا پەشیمانی چ سوود
بۆیە بەر باد و پەرێشان بوو[٧] گەلی دینداری تۆ
گەه بەسونگی، گەه بەگوللە، گەه بەبۆمبا دەتکوژن[٨]
سەد دەخاڵەت کەی بەڕاستی کوشتەیی سەر سێداری تۆ
چەندی خۆت بۆیان بەکوشت دا، ئاخری سوودی نەدا
چونکە کوردی هەر لە چاویان بێ نموود و خواری تۆ
سەد هەزار منداڵ و کیژت دەربەدەر بوون و نەمان
وا لە دەس بێگانە دۆتەی[٩] خۆشەویست و یاری تۆ
نیشتمانت چۆل و وێرانە، گەلت بوو دەربەدەر
دادەمەزرێ خێڵی بێگانەت[١٠] لە جێی گوڵزاری تۆ
ئەی (ئەسیری) ڕۆژێ وا دێ گەل بەحەقی خۆی ئەگا
لەو دەمە هێدی دەبێ ئێشی دڵی داغداری تۆ

***

(٦) چاپی (م. ع): لێگەڕان.

(٧) چاپی (م. ع): پەرێشانی بۆ...

(٨) چاپی (م. ع): (گاه)... لەجیاتی (گەه).

(٩) چاپی (م. ع): وا لە دەستی بێگانە دۆتەو...

(١٠) چاپی (م. ع): بێگانە.

جێگای موقەددەسە

بۆچی ڕەواجی نییە کوردە کاری تۆ
چەن ساڵ و چەن عەیامە وەها چەوتە باری تۆ
تا کەی تەحەممولت هەیە بەم باری میحنەتە
نادا بەشەر بەمە مل بەرد و داری تۆ
چەن خۆشە سەرفرازی وو بوونت بەسەربەخۆ
نەت چەشتووە چوزانی چییە ڕۆڵە باری تۆ
عاشق بووم بەڕوخی دوختەری وەتەن
شەقبەی ڕەقیب، ئەمە نابێ بەیاری تۆ
یاری منە، شرینی منە، دڵبەری منە
لاچۆ دەفع بە موفسید و غەدداری تۆ
لە خاکی ئەم وەتەنەم هەر دەبم بەخاکش
تۆ کێی؟ لە کوێوە هاتووی؟ ئەغیاری تۆ
بە زیندوویی و بە مردوویی پێم لازمە[1] وەتەن
جێگەی موقەددەسە نابێتە جێ مرازی تۆ
خاوە خەیاڵی تۆ، لەت لەت کرێم ئەگەر
نابم بەپەیڕەوی بیری مەککاری تۆ
خونخواری تورکی بێ وەفا نەکو بۆ من وەهای
هەروا بەدە لەگەڵ هەموو ئیسلام کاری تۆ
کوردم، (ئەسیری)یە لەقەب و شوهرەتم
وریا بووم ئیتر عەقیمە هەموو کاری تۆ

(١) لە دەستنووسدا سەرەتا وا نووسراوە (پێم لازمە) دواتر کراوە بە(پێویستمە).

سنوور

کوردە دەزانی لە کوێ جێگرە[١] خزمانی تۆ[*]
گوێ گرە بۆتی بڵێم جێگەیی قەومانی تۆ[٢]
کێوی تۆرۆس و عومقی حەوزەکەی ئەسکەندەروون
غەربییە تا بەحری ڕەش، سەرحەدی مەیدانی تۆ
بەحری ڕەش و ئەردەهان، ئاوی ئەراسە بزان
حەددی شیمالە ئەمە بۆ کۆچ و جەولانی تۆ
ئەڵوەن و گۆلی ئورمێ، تا سەری ئاوی ئاراس
سنووری[٣] ڕۆژهەڵاتە جۆگەو و کێوانی تۆ
ئەهواز و کێوی حەمرین، ژەنگار و ڕێی نسەیبین
سنوورە بۆ جنووبی باغچە وو باغانی تۆ[٤]
لە ناوی ئەم سنوورە[٥] دوانزە ویلایەت هەیە
دەڵێن دوانزە ملیۆنە نفوسی کوردانی تۆ
حاشا درۆیە وترا[٦] نفووسیان نەنووسرا[٧]
دەگاتە بیست ملیۆن[٨] بنووسرێ قەومانی تۆ

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/١ - ل/٤٥ - ٤٦
(١) چاپی (م. ع): ساکینە
(٢) چاپی (م. ع): گوێ گرە تا پێت بڵێم مەسکەنی قەومانی تۆ
(٣) چاپی (م. ع): سەرحەدی
(٤) چاپی (م. ع): بۆ تەرەفی جنووبە ڕەوزەی ڕیزوانی تۆ
(٥) چاپی (م. ع): داخیلی ئەم حدودە...
(٦) چاپی (م. ع): ئەسلا
(٧) چاپی (م. ع): نەنووسراوە
(٨) چاپی (م. ع): ملیۆنان

لەدەر[٩] بەئەم سنoورە لە ئەنقەرە و خوراسان
بلووش و ئەزەربەیجان، لەوێشە خزمانی تۆ
ئەی وەتەنی خۆشەویست ناوتم ئەوجا کە بیست
منداڵێکی ساوە بووم، دەبوومە قوربانی تۆ
وتەی وڵاتی کوردە، لەلای تۆ هەر وەک ویردە
(ئەسیری) ئەم حاڵەتە دەلیلی ئیمانی تۆ

***

(٩) چاپی (م. ع): لە دەری

نەخشەجێ و پێناس و تەئریخ

تێت دەنۆڕم نەخشەجێیی ئەوروپا زانایی تۆ
نەخشەجێیی نیشتمانت بۆچی نابینایی تۆ
ڕۆڵە پێناست نییە بۆ خویندنی هی ئامەریک
دەست و بردێکت هەیە گورج و گەش و وریایی تۆ
جۆگە وو ڕووبار و گۆلی خاکی پاکی خۆت نەناس
شارەزایی بۆ براوی کینە وو هاوایی تۆ
لیت بپرسن تۆزێ نازانی لە تەئریخی گەلت
زانەری تاریکی[١] تورک و جەرمەن و غولیایی تۆ
نووسەری ناوونیشانەی کۆنە گەورەی گەل گەلێ
کەس لە زارت نابیێ ناوی سەرە و باوایی تۆ
بەسیەتی هۆشت ببێ تا کەی بێ ئەم بەدبەختییە
کەس هەیە وا لا لەوەڕبێ میللەتی هاوتایی تۆ
نەخشەجێ و پێناس و، تاریکی گەلت پێک بێنە زوو
بێژە هەڵبەستی گەلی پێویستە بۆ هیوایی تۆ
ناوی گەورەی پێشوو و ئێستەت بزانە یەک بەیەک
بۆ بڵندیت بەڵگەیە نیشانەیان بێ لایی تۆ
کورتییێکت دی لە کاری گەل بلێ تەکمیل ئەبێ
ڕاستی هێزی هەیە، کاکی (ئەسیری) ڕایی تۆ

***

(١) تاریک: تەئریخ.

زوانی ئادەم

بەکوردی بوو زوانی ئادەمی باپیرە گەورەی تۆ[*]
هیمالایا بوو جێگەی دەشتی هیندستان و قۆڵۆمبۆ
جریوەی کوردی زۆرە گەر بپشکنی وتەی هیندی[١]
لەبەر داگیری بێگانە وتەی تازی وو فارس گۆ[٢]
بپشکنی زوانی هەرچی ئادەمزاد[٣] هەیە ڕۆڵە
ئەدۆزی و خڕ ئەکەی چەن سەدهەزاری بێژی گفتەی تۆ[٤]
وتەی گۆڕاوە چەم شێتە ئەوەی جەمشیدی پێ ئێژن[٥]
نەمرد، نەمرووده هەردووکیان حوکمدارانی خزمی[٦] خۆ
بەلووش و کورد و ئەفغان و، ئێران و ئەرمەنی یەک بوون
بەڵخ بوو پایتەختی شاهی شاهانی قەدیمەی تۆ
سەراسەر هیندی وو خوارەزمی وو سوغدی و خوراسانی
ئەمانە ئامۆزاتن تازەکە خزمایەتی سەر نۆ[٧]
لە دایک و باوکی ئەفغانی، لەسینە بوو عەلی دەرکەوت
(غەزالی) سوغدییە ڕۆڵە، ئەمانەن فەیلەسووفی تۆ

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/١ - ل/٥٨ - ٥٩
(١) چاپی (م. ع): لوغاتی کورد زۆرە گەر تۆ بنواڕی قسەی هیندی
(٢) چاپی (م. ع): لە تەئسیراتی ئیستیلا لوغاتی عەرەب و فارس و گۆ
(٣) چاپی (م. ع): ئادەمیزاد
(٤) چاپی (م. ع): ... چەن سەد هەزار لەفزی گفتەی تۆ
(٥) چاپی (م. ع): موحەررەف بووگە، چاو شینە، ئەوە جەمشیدی پێ ئێژن
(٦) نەمرود: شایەکی بەناوبانگە، شاعیر بە(نەمرد)ی ناو دەبا.
(٧) چاپی (م. ع): سەرلەنۆ

هەموو (ئەسلاو) و (یۆنە) و (جەرمەن) و لاتینییە ئاری
لە ئەوروپا[٨] مەغۆلی سێن، فینۆ و بولغار و هەنغارۆ[٩]
ئەوەی سوریانە سەنسکریتە[١٠] ئاریا، یانە خۆ ئاری
هەموو کوردن لە هەردەورێ بووە ناوێکی باوەی تۆ
ئەگەر ئارامی و کووسی[١١]، ئەگەر کرمانج و گورد و کورد
هەموو یەک تایەفەن ڕۆڵە، دەڵێ تەئریخی باوەی تۆ[١٢]
لە شاری سۆزەوە بۆ سەر فورات و دیجلە وو کاروون[١٣]
لەوێ ئارامیان گرتن (ئەسیری) خزمی کوردی تۆ[١٤]

***

---

(٨) لە دەستنووسدا: ئاری پا
(٩) چاپی (م. ع): لە ئەوروپا، مەغۆلی، دوو کەسن، بولغار و هەنغارۆ
(١٠) لە دەستنووسدا: سەنسقریتە
(١١) چاپی (م. ع): قیس
(١٢) چاپی (م. ع): قەومی تۆ
(١٣) چاپی (م. ع): قاروون
(١٤) چاپی (م. ع): لەوێ ئارامیان گرتووە «ئەسیری» قەومی کوردی تۆ

ه

فێری عیلم به

گوفتێکی وا دەڵێم کە بەکاری دین و دنیاتە
ئەی ڕۆڵە خۆشویستنی وەستا و مەلاتە
چاوت لە هەر چی جۆرە بڵندیی زەمانە بێ
باوەڕکە مامەوەسا[1] ڕەهبەرێکی گەوراتە
گەر بێ و بەئارەزووی دڵی بی بدا دەرست
ئەو دەرسە بۆ ژیان و ئاسوودەییتە، هیواتە
هەر چەندێ بتژیێنێ باب و داک خێوی لەشن
بۆگیان پەروەریت وەسا خێوێک قاتە
ئەو عیلمە چاکە، کە دەیخاتە مێشکت زانا
بۆ چوونی تاریکیی جەهلت، چرایی ڕۆشناتە
بۆ هەر چی دەوڵەت و گەلی بێگانە بێ سەفەرت
سەرمایە عیلمتە لە دەست، بۆ تۆ سەوقاتە
لێت خۆشبێ مامەوەسا ژێر ئەبیت و بەرخوردار
خۆشەویستی ئەوی ئەی ڕۆڵە خۆشەویستیی خواتە
تەئریخی میللەتتە کاری چاکی دەسی وەستا
گەوای ئەم وتەیە مانی تاقی کیسراتە
وا تێمەگە بەژیریی خۆت تێ ئەگەی بەبێ وەستا
ئەو خێو و گرِدەری چاپە لە مەژگی میناتە

---

(١) مامەوەسا: مامۆستا

وەستا نەوازشی لاوێکی بێ لە خووندن و کردە
بۆ چاخی پیر و دوارِۆژی ئەو ئەوا هاتە
ئەی ڕۆڵە گوفتی چاکی (ئەسیری) لەگوێ بگری
فیردەوسی گۆی بلّندی بلّندان جێگاتە

***

نیشتمان

خۆشەویستیی نیشتمانت باعیسی ئیمانتە[*]
چۆڵ و ویرانیی وڵاتت مووجیبی[1] فەوتانتە
تۆزی ئەم خاکە عەزیزە، مەرهەمە و دەرمانتە
کەڵبەز و ئەشکەوتی کێوی، قەسرتە و ئەیوانتە

***

دۆتەیی شۆ خ و قەشەنگە، ڕێک و ڕەنگین وەک وەوی
ناوی ئەم شیرین و شۆخەو نیشتمانە هەم زەوی
لاوی نەوجاهم دەهەستە، بۆ چی سەرمەستی خەوی
هی تووە ئەم نازەنینە، چاوەکەم تۆش هی ئەوی[2]

***

خۆش و دڵگیرە نموونەی جەننەتە کوردستان
بێشە وو شاخی بۆ میللەت، بۆتە باعیس فەخروشان
سەیری کەن لێی تێبگەن ئەم جێیە سینەمای جیهان
سەروەرانی گەل لە عیشقی خاکی وا هەڵواسران

***

سەر نەنێیە تەختی سینەی خاکی پاکی نیشتمان
خوا پەرستی کەی، نییە فەڕی لە بۆ دین و ئیمان

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/١ - ل/٦٥
(١) چاپی (م. ع): مووجەبی
(٢) لە چاپی (م. ع)دا، ئەم کۆپلەیە سێیەم کۆپلەیە و سێیەمی ئێرەش دووەمی ئەوێیە.

حیکمەتی سەجدەی ئەتۆ خۆشویستنی جێتە بزان[3]
ڕەهبەری[4] کوردم ئەکەم بۆت حیکمەتی دینت بەیان

***

گەش بە ئەی جێی شاهی میدیا، شاد و خوڕەم بەو بژی
جەرگی لاوانی گەلی کوردە لە میللییەت تەژی
شەربەتی وریایی وو ژیریی گەل و کۆمەڵ چەژی
باوەڕت بێ تا جیهان مابێ نەوەی کرمانج ئەژی

***

سەوز و ئاودار و گوڵستان و چەم و باغی وەتەن
حەقمە بۆ موڵکێکی وا حازر[5] لە سەرمایە کەفەن
وا لە داخی کون کونە جەرگی (ئەسیری) وەک سەرەن
هەر دەڵێ قوربانتم، داکم وەتەن، بابم وەتەن

***

(٣) لە چاپی (م. ع)دا: حیکمەتی سوجدە عەزیزم حوببی جێگاتە بزان
(٤) لە چاپی (م. ع)دا: مورشیدی
(٥) چاپی (م. ع): حافز

حیکمەتی خوایە

حیکمەتی خوایە هەنێ کەس تووشی دەردی میللەتە
ئاخری لەو ڕێیە بەشیان ئاخ و داخ و حەسرەتە
دەربەدەر بوون و پەرێشانی و وێڵی[١] سەر کزی
چوونە بەندیخانەوە، مردن بەسی پاو و پەتە
گەرچی ئەو جۆرە کەسانە بۆ خۆیان ناکەن ئۆخەی
بۆ بڵندیی ژووری گەلیان، پێوەبوونیان ڕەحمەتە
وا نەبێ وا نابێ دونیا تاکو ئەمڕۆ وا بووە
پیاوی مێشک ڕوون و زانا، هەر لە ڕەنج و ئەزیەتە
مەردی مەیدانی سیاسەت مردنی نایێتە بیر
نێرەشەک بۆ کوشتە، مێ تا دەمرێ بۆ خۆی ڕاحەتە
گەرچی زوو دەمرن نیشانگای غەم و دەرد و بەڵان
ناویان تا حەشر ئەمێنێ جێو و ڕێیان جەننەتە
پاشی چەن پشتێ نەوەی پاوانی گەل لێیان ئەگەن
ماچی کێلی گۆڕییان ئەوسا بەنۆرە و نەوبەتە
هەیکەلیشیان بۆ دەکەن، پۆل پۆل دەچن بۆ دیدەنی
لاپەڕەی تاریک بەنیشانەی ئەمانە حەسرەتە
ئەو گەلانەی ژوور و گەورەن کوشتییان زۆر زوو
ڕۆڵەیان ئێستاکە بۆیە غەرقی ناز و نیعمەتە
پیاوی کردەی گەل بەپەنجە دائیمەن دیاری ئەکەن
ڕاست نییە ئەو گفتە مەشهوورە سیاسەت سیاسەتە

(١) لە دەستنووس – گیو: یۆڵی

زیندەوەر کۆتایی هەر دێ، ساکە وایە مردنێ
بۆ گەل و نیشتمانی چا بێ، ئەو نەمانە عیززەتە
کۆنە پیاوانمان نەزان بوون، بۆ خۆیان ئاسوودە بوون
وا ئەوەی دوای ئێمە دێ، ئاسوودە وو بێ میحنەتە
چارەچیی ئەم بارە کەوتە سەر پیاوی حازری
چارەنووسمان وا بووە، بۆ ئێمە بێ ئەم پەت پەتە
ڕاستە ئەم گوفتەت (ئەسیری) خستتە هەڵبەستەوە
حیکمەتی خوایە هەنێ کەس تووشی دەردی میللەتە

***

هەتا هەتە(*)

ماڵت بدە لە ڕێگەی میللەتت(1) هەتا هەتە
فەرموودەیی خودایە لە دنیا سەرانەتە
تەنگاو و بێ مەفەڕ و پەت پەتی کریێی
ئەوجا بلّند ئەبی ڕێی باوە کاوەتە
هەر گاھ دەرت بکەن لە زەوی و نیشتمانی خۆت
هیچ ئای و وەی نەکەی ئەوە بۆ تۆ سیاحەتە
کۆت بەندبی لە کونجی بەنیخانە لێ کەوی(2)
هیچ(3) کۆڵ نەدەی ئەوە حەققی ڕیاسەتە
ماڵ و کەست لە دەس چێ، وەڕس بی لە غوربەتا
بۆ گەورەییت و بلّندیت عەلامەتە
هەڵواسریێی لە سێدارە بۆ گەلت
وترانی ناوێ فەڕت تا قیامەتە
لەت لەت کریێی (ئەسیری) لە ڕێی نیشتمان و گەل
جێگەت بەهەشتە، مزی تۆ سەعادەتە

***

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە، بەناونیشانی (ڕۆڵە کۆشش کە...) و لە پەراوێزدا نووسراوە "لە دەستنووسێکی ئەسیری خۆیەوە وەرگیراوە، لەسەر دەستنووسەکە بەرواری (یەکشەم ٢٤ی ڕەبیعی ئەووەلی ساڵی ١٣٤٠ک نووسراوە.

(١) چاپی (م. ع): میللەت.

(٢) چاپی (م. ع): کۆت و بەندیی لە کونجی بەندیخانە لێکەوی.

(٣) چاپی (م. ع): قەت.

گەڕۆکت بۆ نییە؟

گەڕۆکت بۆ نییە؟ کانی خەڵووز و ئاسن لەژێر پێتە(*)
دەسی بۆ تێوەنادەی؟ ڕۆڵە ئەم کانە لە بۆ کێتە؟
فڕۆکەت بۆ نییە(1) لام وایە ئومێدت نییە بتبێ
ئەوا ئاوریشم و لۆکە، ئەوا نەوت، ئاسنە، وێتە(2)
لەسەر ڕووبار و شیو و ڕۆخی هەڵدێرت نییە پردێ
ئەوا قسڵ و گەچ و دارە، ئەوا بەردە لەسەر ڕێتە(3)
نییە جێگەی هەتیوانت، نییە جێگەی شەل و کەفتەت
بەملیۆن خەرج ئەبێ(4) ماڵت لە خێر و بێری بێ جێتە
قوتابخانانی ساوانت دەبیرستانی لاوانت
ئەوەی هاوردە بەر، کۆڵە، وەیا بێ دینە، یا شێتە
کەلاوە هەڵدڕی دایم، بەئومێدی خەزینە و زێڕ
وڵاتت زێڕە نازانی، لەگەڵ خۆڵایە ئامێتە(5)
کورە چاوت کەوە بۆ کاری خۆت، هەر چی بکەی چاکە

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/١ - ل/٧٥ - ٧٧ کە لە زاری کرمانجی-ی ژمارە(١٠)ی ساڵی دووەم-ڕۆژی١٩٢٧/٧/٣ەوە وەریانگرتووە.

(١) چاپی (م. ع): لەجیاتی بۆ نییە، (هەر نەبوو)ە.

(٢) لە چاپی (م. ع)دا بەمجۆرەیە:

ئەوە ئاوریشم و لۆکە، ئەوە نەوت، ئاسن و پێتە

(٣) ئەم دێڕە شیعرە لە چاپی (م. ع)دا نییە.

(٤) لە چاپی (م. ع)دا: سەرف ئەبێ.

(٥) لە چاپی (م. ع)دا: ئاوێتە.

ئەوەی وا پاشتی خستووە، برا سستیتە، شەرمیتە(٦)
دراو و ئامەدت کانە لە شاخ و دەشت و شیوانە
ئومێدت مێگەل و باغە، خرید و کێڵگەیی دێتە
وتەی چاک(٧) ناگرێ کەڵکی (ئەسیری) بەس مەڵێ حەرفێ
وەهای کەر(٨) کردوون دوژمن، زیاتر کەی دەڵێن شێتە

***

(٦) لە چاپی (م. ع)دا، لەجیاتی: برا سستیتە، شەرمیتە...
لەبەر ڕاستیت و شەرمیتە
(٧) لە چاپی (م. ع)دا: نەسیحەت.
(٨) لە چاپی (م. ع)دا: کرِ.

کفنت لە بەرکەی چاترە

ڕۆڵە بمری لەم ژیانەی ئێستە تیا هەی چاترە(*)
سەیری سەرگەردانیی گەل کەی، خۆت فیداکەی چاترە
وا لەسەر پشت بێهەناو و سست و تەمبەڵ لێیکەوی(١)
دەست و پێ هەڵکەی بجوولێی بۆ هیواکەت(٢) چاترە
نیشتمانت وا وێران بێ، تۆ لە کەیف و نۆشبی(٣)
تووشی دەردی بێ دەوابی ئای و وەی کەی چاترە
گوێت لە دەنگی زرمەیی تۆپ و تفەنگ و بۆمبە بێ
وا لە نەشئەی دەنگی ساز و، نەغمەیی نەی چاترە
دەربەدەربی، سەر کز و داماو بۆ ڕزگاریی گەل
وا لەوەی زیو و زەڕت بێ، لێرە لێخەی(٤) چاترە
سەربەخۆ بی وو، لە پێش چاوتبێ بەدحاڵیی گەلت
بچیە بەندیخانەوە، گیانت لەوێ دەی چاترە
سەرفرۆی بێگانە بی، شایی و وەویت بێ، مەست بی(٥)
وا لە سێپایەت کرێی کفنت لەبەر کەی چاترە
ئەی (ئەسیری)چاک ئەڵێی، کەس گوێ نەدا کەڵکی چیبیە
سا کە وایە ڕۆژێ زووتر، خۆت بخنکێی چاترە

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا بلاوکراوەتەوە - ب/٢ - ل/٣٥ - ٣٦
(١) لە چاپی (م. ع)دا: وا لەسەر پشت بی، هەناو سست و تەمبەڵ لێی کەوی
(٢) لە دەستنووسدا (بۆ هیوا گەی)، ئێمە لەسەر چاپی (م. ع) ڕاستمان کردەوە.
(٣) لە چاپی (م. ع)دا: نیشتمانت وا وێرانە بێ، تۆ لە کەیف و خۆشی بی.
(٤) چاپی (م. ع): بیخەی.
(٥) چاپی (م. ع): وەویت پێ....

مەکتەب و قوتابخانە

ڕۆڵەیی ساوەت[١] لە بۆ مەکتەب بەرە[*]
کوردە ئەو جێگایە ئەمڕۆ جێی فەڕە[٢]
خوێندەواری[٣] پێگەیشتووی مەکتەبە
بۆ هیوایی گەل بەکار و ڕەهبەرە[٤]
ئەو کەسەی مەژگی لەوێ ڕۆشن بووە
ڕوو لە هەرچی (دەوڵەتێ) کا سەروەرە
سەیری نووسراوی علمیانم[٥] کە کرد
چشتێکی وام تیا نەدی بێژم شەڕە[٦]
تووشی هەندێکی دەبی[٧]، گەوج و نەزان
مەژگی تاریکە، ئەوە ئەسڵی کەرە[٨]
هەندێ باوەڕیان نییە گومڕابوون[٩]
باعیسی مامەوەسایی[١٠] بەدفەڕە

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا بڵاوکراوەتەوە - ب/١ - ل/١٠٣ - ١٠٤
(١) لە چاپی (م. ع)یدا: ساوات.
(٢) لە چاپی (م. ع)یدا: کوردە ئەو جێگەیە ئەمڕۆ فەڕە.
(٣) چاپی (م. ع): خوێندەوارانی.
(٤) چاپی (م. ع): بۆ هیوای گەل، ئەو بەکار و ڕەهبەرە.
(٥) چاپی (م. ع): عیلمانم.
(٦) چاپی (م. ع): هیچی وام تیادا نەدی بێژم شەڕە.
(٧) چاپی (م. ع): تووشی هێندێ کەس ئەبی...
(٨) چاپی (م. ع): مەژگی ئاوە ئەسڵی کەرە
(٩) چاپی (م. ع): هێندێ باوەڕیان نییە گومڕا دەبن.
(١٠) چاپی (م. ع): مامۆستایانی.

ئەو کەسەی وریاوو زانا بێ بەفەن
بۆ نەجاتی کەشتیی گەل لەنگەرە
خوێندنی دینیش بزانێ چاک ئەبێ
هەردووکی بۆ دین و دنیا ڕەهبەرە
مەدرەسە زۆر چاکە فەننی تیا هەبێ
پێگەیشتوویی[١١] ئەوێ جێی سەرسەرە
خوێندنی تیایا[١٢] نییە وێران بووە
خۆ خەریک کردن لەوێدا بێ بەرە
کوردە گوفتاری (ئەسیری) بێنە کار[١٣]
ڕۆڵەیی ساوەت[١٤] لە بۆ مەکتەب بەرە

***

(١١) چاپی (م. ع): پێگەیشتوانی.
(١٢) چاپی (م. ع): تیادا.
(١٣) چاپی (م. ع): بێنەجێ.
(١٤) چاپی (م. ع): ساوات

چاخی سەحەرە

مەلێ ئەم ڕێگەیەی گرتوومە ئەترسم خەتەرە
ڕۆڵە ئەو چشتە، کە تووشی ئەبی ئەمجا زەفەرە
ئەو نەمامەی، کە فیدایی وەتەنی چاندوویە
بەهەموو لایێ ڕەگی ڕۆییوە، لقشی لە بەرە
مەلی هەر چەن وەتەنی کوردی شیمالی هەیە، وا
هیجرەتی کردووە، هەندێکی لە جێ دەربەدەرە
هەندێکیشیان دەگرن دەیبەنە قەسابخانە
وەکو مەڕ سەر دەبڕێن، خوێنی ئەمانەش هەدەرە
هەرچی غیرەتکەش و مەردە شوعەراو و ئودەبا
مات و حەیرانە دڵی پڕ غەم و دەرد و کەدەرە
هەرچی قەومی موتەرەققی هەیە ئەمڕۆ لە جیهان
هەر کە هێزی بووە، هەڵسێ بووە بۆی ئەم قەدەرە
گەورە کوژران و، دێ سووتان و، لەجێ دەربەدەری
پاشی ئەمە نیزیکە ئینجا لە بۆ میللەت سەمەرە
چونکە بێگانە بوو، چیی کرد بەتۆ دوژمنەکەت
ئەوەی گرتی هەڵیواسی، ئەوەی ما دەربەدەر
مەکە باوەڕ بەوتەی خۆش و تەڕی بێگانە
شەهد و شەککەر بێ، دەهەندەی بەتۆ ئیللا بەزەڕە
هاوزبانی وەتەنی، دوژمنتش بێ ڕۆڵە
باوەڕی پێ بکە، هەم دەردتە، زەهری شەکەرە
بەسە ئەم بیر و خەیاڵاتە ئەسیری تا کەی
تێپەڕی شەو بەتەواوی، ئەوە چاخی سەحەرە

فێری عیلم بە

کوردە چ فایدەی هەیە ئەم خەنجەرە[*]
ئەم فیشەگە[١] و ئەسلیحە وو وەروەرە
بار[٢] مەکە ئاسن و باروت لە خۆت
باری گران لایەقی گاو و کەرە
بەس بخۆ نانی جۆ، لەپێکە کڵاش
سواری کەر و حەچە بڕۆ و وا وەرە
ڕووت و ڕەزیل بی بەمە خوا ئەمری کرد
بەسیەتی ئەم گەوجییە زوو هەڵگرە
عیلم و مەعاریف ئەوەتا بەش دەکەن
هەڵسە وەرە مووچەیی[٣] خۆت وەرگرە
سواری سیلاحی خۆ دەبن، ئاری پا[٤] سەیری
فڕۆکیان بکە، حیرەت گەرە[٥]
گەر نەفرۆشێ بەتۆماڵ، ئەجنەبی
ڕووت دەمێنی، لە وتەم[٦] گوێ گرە

(*) لە چاپی (م. ع)یشدا بڵاوکراوەتەوە. ب/١ - ل/١٠٥ - ١٠٦
(١) چاپی (م. ع): فیشەک.
(٢) چاپی (م. ع): باری مەکە.
(٣) چاپی (م. ع): حیسسەیی.
(٤) ئەوروپا.
(٥) چاپی (م. ع): سەیری تەیارە بکە عیبرەت گرە.
(٦) چاپی (م. ع): لە قسەم.

میللەتێ نەتوانێ بکا دەرزییێ
کاری پەرێشانییە ئەو بێ فەڕە
فێری عیلم بە لە هەچی جێ ببێ
گەرچی لە چین، گوفتەیی پێغەمبەرە
کاکە فەقێ مەدرەسە، یا مەکتەبێ
زوو پەلەکە، ڕێگە بەهیوا بەرە[(٧)]
چونکە نەوەی کوردی[(٨)]، حەققت پێ دەڵێم
دەرسی علوومی حیکەمییش[(٩)] وەرگرە
فرسەتە ئەم چاخی[(١٠)] جوانییە برا
مەسخەرە وو کەیف و سەفا[(١١)] هەڵگرە
کوردە (ئەسیری) وتەیی[(١٢)] حەق دەڵێ
تەربیەیێ حیکمەتی لێ وەرگرە

(٧) چاپی (م. ع):

کاکە فەقێ تۆ بچۆرە مەکتەبێ
سەعی بکە ڕێگە بەمەقسەد بەرە

(٨) چاپی (م. ع): موسڵمانی.
(٩) چاپی (م. ع) لەجیاتی (حیکەمییش): ئەجانب.
(١٠) چاپی (م. ع): وەقتی.
(١١) چاپی (م. ع): خورافات.
(١٢) چاپی (م. ع): قسەیی.

مەرسییە (لاواندن)[(*)]

مردن ئێستاکە لەکوێی دەیساوەرە
گیان ئەگەر پێویستتە زوو بی بەرە
شێتییە بۆ کەس لەتۆ ترسی هەبێ
تۆ هەر کارت بەجێ بێنی گەرە
نەک گەدا، نەک شاه و، نەک پیر و جوان
زیندەوەر گشتی لە دەس تۆ بێ سەرە
زیندەگانی نرخی لای عاقڵ نییە
ئەم خەو و خولیایە هیچە و بێ فەڕە
ئەو دڵەی گەشبێ بەدیداری جیهان
ئاگری دیداری دەیکاتە گڕە
شێخ محەممەد عەلی دوێنێ باری کرد
بێ هەوەس بوو لەم خەراباتە شڕە
گشت حیسابی مەنزڵی بوو جێ بەجێ
خەیمەگاهی وا لە لێوی کەوسەرە
دەرچوو بۆ تەئریخی (الله غفور)[(**)]
هەر کە بۆی لادا (ئەسیری) دووپەڕە

***

(*) بۆ شێخ محەممەد عەلی کەڕەی تاڵەبانی (خوالێی خۆشبێ).
(**) دەستەواژەی (الله غفور) بەژمارەی ئەبجەدی ساڵی کۆچی شێخی ناوبراوە، کە دەکاتە (١٣٥٢ی. هـ) و (١٩٣٣/١٩٣٤ی. ز) (ت).

نه کوردستان وەکو جارانه نه من

کەژی کوردستان پڕ پڕ لە فەرە
وەتەن بانگت دەکا[١] هەستە دەهەڕا
لە دووری جیایی ڕووی بەفەڕت
لە ژانا بەندی سی وو[٢] جەرگ جەڕا
نە کوردستان وەکو جارانە نە من
گەل و نیشتمان و کردە گشتی گۆڕا
گوڵی باغ و نیگاری خۆشەویستی
لە چیمەندا لەیەک نیشتوونە شەڕا
گوڵی کوڵمی شرینی نەوجوانی
پەڕەی لالە لە عەکسی بەرقی دڕا
لە دەنگی بولبول و قومری و کەو و پۆڕ
مرۆی مەریخ و ژاپە گێژ و کەڕا
مەلا باسی بەهەشتت بۆ دەخوێنی
وەرە من پێت نیشاندەم بێیە سەر ڕا
چیاش گونبەدی مزگەوتی دنیا
لە بانی بانگی کوردی زوو بوو درا[٣]

(*) ئەم شیعرە لە دیوانی چاپی (مستەفا عەسکەری)شدا هەیە. ب/٢ - ل/٣٨ - ٣٩.

(١) لە چاپی (م. ع)دا: بانگ ئەکا.

(٢) لە چاپی (م. ع)دا: سیی و.

(٣) لە چاپی (م. ع)دا: پیتی (ڕێ)ی (بانگ درا) بەڕێی قەڵەو دانراوە، لەبەر سەروا (قافیە) ئێمە هەر بەناسکیمان دانا.

بەبێ ئەندازەیی نەوت و زەڕو زیو
لەخۆرئاوا بەییێکجا[٤] دەنگی زڕا
لە دووریی ڕوویی توو و دەردی نیشتمانی
پەرێشانە (ئەسیری) بێ دەهەڕا

(٤) لە دەستنووسدا (یکخا)....

هۆگری

هۆگری و یەک دەسی بۆ بڵندی بەسە(*)
باعیسی(١) یەکدی گریی خزم و کەسە
گەل هەموو هەرکە بوونە یەکماڵی
دام(٢) و تەزویری دوژمنان عەبەسە
سوودی خۆبی لە خەو هەڵستانە
بۆ دواڕوژ کۆششە(٣) و هەوەسە
گەورە وو گچکە هەرکە بوونە برا
بۆنی هیوای دڵ بەیەک نەفەسە
کاری گەل هەرکە توند و تینی بوو
قیڕەیی بەدگۆ، ویزەیی(٤) مەگەسە
بۆ وێرانکردنی بینای بەدخواه
هۆگریی کورد و یەک دەسی، هەرەسە
هەر گەلێ پیاوی یەکتری ناسی
ئەوە(٥) بۆ دڵخوازی دەست ڕەسە
گەل کە خۆی ژیر و گورج و وریا بێ
پیاوی بەدبین و دڵ چەپەڵ چ کەسە؟

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/١ - ل/٥٣
(١) چاپی (م. ع): ئەسەلی
(٢) چاپی (م. ع): دامی
(٣) چاپی (م. ع): کۆشش و...
(٤) چاپی (م. ع): گیزەیی
(٥) چاپی (م. ع): ئەو

هۆ (ئەسیری) بەسە نوویسینی (بێژ)(٦)
هۆگری و یەک دەسی بۆ بڵندی بەسە

***

(٦) لە دەستنووسی لای (گیو)دا پێشتر نووسراوە (ئەی) دواتر کراوە بە(هۆ...)
- لە چاپی (م. ع)دا (بیر)...

مەعرووف جیاووک

کوردی گوردی ئەگەر[1] دڵت پاکە
پێت بڵێم ڕێگەیی ڕاستی و چاکە
پێت نیشاندەم لە کوردەکان گەورا
سەروەری ڕاست و پاک و بێباکە
ناوی مەعرووفە، ناوبانگی جیاووک
بدە سینە لە ڕووی زەوی تاکە
کارگێڕان و کردە وو زانین
گردە لەو، بێجگە بیری هیوا کە
سوقرات و ئەرەستۆ و ئەفلاتوون[2]
وا دەبوون گەر بوایەن ئێستاکە
نەردی فەڕین و بەخت و هاتت ئەوێ
پێی بگە دەستی بگرە خێراکە
هەلە نووسین و دۆستی و دینی
چاکە تالانە لای، دە هەڕاکە
پیاوی وا ژووری بێ (ئەسیری) گەلت
بەرزە بەختت ئەژی دەبڕواکە

***

(١) لە دەستنووسدا (ئەگە).
(٢) سێ فەیلەسووفی بەناوبانگی یۆنانی کۆنن.

برا و کاکە

میللەتم گەورە وو کۆن و پاکە
نییەتی کردەیێ جگە چاکە
لە تێبینین و بیر و هۆشی سەر
لە جیهاندا لە ڕووی زەوی تاکە
خۆشەویستی لە کەللەی لاوی
یادی یەزدان و میللەت و خاکە
لاوی گەورە و بچووکی دەستە برا
بانگی یەکتر دەکەن برا و کاکە
ڕوو بەرەو ژوورە کاری فڕینی
دەس بەهیوا گەیشتنی هاکە
هیچ نییە حیزە فێڵی بەدخواهی
گورڕەیی وشەو و فیک و فاکە
گیانی شیرینی خۆت بکە پێشکەش
لاوی من چیت هەیە بۆ گەلت داکە
کەسێ چاکەی نەبێ بۆ خزم و گەلی
لەشی خۆراکە بۆ سەگان، لاکە
گەر نەجووڵێی (ئەسیری) بۆ گەلی کورد
ڕۆژێ زووتر لە ناوبچی چاکە

***

مەلیک غازی

بەختت درەوشا وەکو ڕۆژ بوو بەعەیان سەوداکە
بەنەوازش لە بەڵات حاصڵی بوو هیواکە
چوومە خزمەت مەلیکی تەبع بڵند وەک پایەی
گەر لە ئەخلاقی بپرسن، نەبوو بێجگە چاکە
ئەمەی ئەم شارە، کە شادە بەقودوومی تاکە
نەسەبی دیارە وەکو ڕۆژە لە نوتفەیی پاکە
بەستایش بەسوپاسی لایقە دیوان بنووسم
بۆ ئەو ئەعلا نەسەبەی فیکر و ڕەئی ڕووناکە
هەر کە دانیشتە حوکم تاڵعی میللەت گیرسا
ئەلوەداعێ لە پەرێشانی ئەکا گەل هاکە
هەرە دیاریتری ئەولادی کەسێکی وایە
خوا کە فەرموویەتی دەرحەقی ئەوی لەولاکە
خۆشەویستی سەبەبی ڕەحمەتی یەزدانە کەسێ
بوغزیکا، خوا غەزەبی لێدەگرێ بڕواکە
هەر چەنێ کردە وو ئەخلاقی جوانی بێژن
باوەڕی پێ بکە ڕاستە لە جەوابی ئاکە
دەوری کۆن بێنە خەیاڵ، حاڵی چلۆن بوو میللەت
سەیری ئاسایشی ئەمڕۆ بکە زۆر باڵاکە
خۆشەویستیی مەلیکی موشەفیق بێ هەرکە گەلێ
ترسی دەورودەری نابێ هەموو کاری چاکە
هەر کە مەڕ لالەوەڕێکا، لە شوانی گومبێ
بێ شکە ئەو مەڕە بۆ گورگ و چەقەڵ خۆراکە

کە ڕەعییە بووە لەشکر لە حەوالیی سەردار
بەهەموو جۆرێ لە چاودێریی قسووری ناکە
ساڵەوەختێ لەمەوبەر ئاگرەکەی ئاسووری
کە گڕا، چۆنی کوژان ئەم مەلیکی بێ باکە
وردی دوارۆژەوە بە، میللەتی کورد تێفکرە
لەچیا چاکە و کەڵکت بێ، مەوەستە واکە
موخلیسی ڕاستیی مەلیک غازی-یی نەوجاهت بە
لەشکری مونتەزەمی ئەوبە لە ژێر ئالاکە
ئاشکرا بێژە (ئەسیری) لە جەلالا دەبژی
بەمەلیک غازی لەناو گشت مەلیکانا تاکە

***

لەجێ جێ کۆمەڵکە

ئومێدی گەورەیی پێشووت، بزانە بێ کەڵکە[*]
بێگانە هەرچەنێ چابێ براکە، هەر خەڵکە
بۆ خۆت بجووڵێ بەگورجی لە خوێندن و کردەت
کۆشش بکە شەو و ڕۆژ، لاق و دەستەکەت هەڵکە
لاوت بنێرە، حەکیمی لە ئەورووپا فێر بێ[١]
هۆگر بە پیاوی کە، سستییە لەجێ جێ کۆمەڵکە[٢]
خزمت بناسە، تازە کە خزمایەتی سەر نەو
پێویستی گەل چبێ بۆ لۆندەرە تل کە
هۆگر ببن هەموو گەل خوێندەوار و زانا بن[٣]
ئەوجا مەبەستی میللەتی کورد بێتە جێ بەڵکە[٤]
ئەوجا کە دەرکەوێ ئومێدی گەلی بەد خواه
خووی کوردە لە هەرچی هەرایێ بێ سەرپەلکە[٥]
بلێ بنووسە بجووڵێ (ئەسیری) لەم ڕۆژە
هیچ کۆڵ نەدەی پەلەکە موشکیلەت حەل کە[٦]

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە. ب/١ - ل/٦٤

(١) لە چاپی (م. ع)یدا: وڵات بنێرە حەکیمیی لە ئەورووپا فێر ببێ

(٢) لە چاپی (م. ع)یدا: هۆگری پیاوەکە سستییە لەجێ جێ کۆمەڵکە

(٣) لە چاپی (م. ع)یدا: لەجیاتی (ڕانابن)... (دانابن).

(٤) لە چاپی (م. ع)یدا: ئەو خاکە مەخسەدی میللەت بهێتە جێ بەڵکە.

(٥) لە دەستنووسی لای گیودا پێشتر بەم جۆرەیە دواتر دەستکاری کراوە و بووەتە: (خۆ خواهی کوردە لە هەر جێ... تاد) لە چاپی (م. ع)دا: خۆی گەرچییە؟ لە هەر چ بێ هەر ئایینێ سەرپەلکە.

(٦) لە چاپی (م. ع)دا: لەجیاتی (پەلەکە)... (چەلەکە).

وەسیەت

وەسییەت بێ ئەگەر مردم وەرە سەر گۆڕەکەم[١] قالە[*]
بلێ ئاواتەکەت پێکهات هەڵستە بێرەدەر خاڵە
کە بوویتە (سەرجەلەو) (سەرپۆلی) گەورەی لەشکری کوردان[٢]
لەبەر هیچ ئەزیەت و جەورێ، نەکەی ئۆف و نەکەی ناڵە
بەخۆت و لەشکر و پۆلت لەسەر گۆڕم مەشق دادەن[٣]
ئومێدم وایە زندووبم لەبەر شادی بەئەو حاڵە[٤]
وەکو خاڵت بە، ئەی ڕۆڵە، خەریکی کاری میللەت بە
ئەوەی خەرجی ئەکا خاڵت لەڕێی خزمەت سەر و ماڵە[٥]
بڕازێوە بەزانین و بەچاکە و دین و چاوتێری[٦]
لە ئازایی وەهابە، پێت بلێن وەک ڕۆستەمی زاڵە
بەفەڕڕە ئەو کەسەی وا سەنگەری تیر و غەم و دەردە[٧]
لە ڕێگەی میللەتی کوژرا، لەژێر خاکا کفن ئاڵە
عەزیزە ئەو کەسەی کۆشش بکا بۆ هاوزوبانی خۆی
ئەگەرچی ژینی تاڵە، عاجزە بەدبەختە کەم حاڵە

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە. ب/١ - ل/٤٣ - ٤٤

(١) چاپی (م. ع): قەبرەکەم.

(٢) چاپی (م. ع): کە بوویتە زابتی قیتعە و بلۆکی عەسکەری کوردی

(٣) چاپی (م. ع): بەخۆت و عەسکەر و قیتعەت لەسەر قەبرم بکەن تەعلیم

(٤) چاپی (م. ع): لەجیاتی (زیندوو بم) نووسراوە (ئیحیا بم)

(٥) چاپی (م. ع): ئەوەی سەرفی ئەکا خاڵت لە ڕێی قەومت سەروماڵە

(٦) چاپی (م. ع): موجەهەز بە بەعیلم و حوسنی ئەخلاق و سەخا و دین

(٧) چاپی (م. ع): شەریفە ئەو کەسەی مەعرووزی بارانی غەم و دەردە.

شەهیدی میللەتم تەسلیمی خاکم کەن گەلی کوردی
بپۆشن خاکی سەر گۆڕم، بەڕەیحان و گوڵ و لالە
لە ڕێگەی میللەتت هەر چیت بەسەر بێ خۆشە ئەی ڕۆڵە
لە ژووری لاپەڕەی تەئریخ ئەنووسرێ سوورەتت قالە
موکافاتی (ئەسیری) ڕۆژی مەحشەر بادەیی کەوسەر
ئە لەم دنیایی دوونە، بێ بەشە، دایم دەمی تاڵە

***

ماتەمنامە

ئەم بیست و پێنجی ئەیارە کوردە ماتەمە(*)
ڕۆژی موسیبەت و بەڵا و پەرێشانی و غەمە
لەم ڕۆژە شێخی پاڵۆ و نەهری(١) شەهید کران
لەو کاری تورکە(٢) مرۆ ئەمرۆ سەرسەمە
دوو وەقعە جەرگی هەموو موئمینی سووتان
یەک وەقعەیی (حوسێن)ی شەهیدە... دووەم ئەمە
دوقتۆر فوئاد و خالید و یووسف زیاء و شەریف
کوژرانیان هەلاکی(٣) نەوەی گەورەی ئادەمە
ئەو سەروەرانە کە نووسیم لە هەڵبەستی(٤) شوهەدا
کوردستان لە ماتەمیان دووکەڵە و تەمە
خوێنە دڵی کەسی نیشتمانی و گەلی
جەرگی کەبابە لە فرمێسکی، جێگەشی نەمە
یاران وەرن توخودا کۆتەڵێ بکەین
لەو کۆتەڵی شوهەدا خۆکوژین کەمە
یاران وەرن با بچینە پرسەیی کوردی سەروو
ڕەنگین بین ئێمەش ئەلەو شینە بەو خومە
تا ڕۆژی دوا ژیانم (ئەسیری) دەڵێ
هەڵبەستی ماتەمی شوهەدا بێژی شەرمە

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/١ - ل/٧١ - ٧٢
(١) چاپی (م. ع): نەهرو پالو...
(٢) لەدەستنووسدا پێشتر وەکو چاپی(م. ع)نووسراوە: (تورکە...)دواتر کراوەتە (کردە).
(٣) چاپی (م. ع): هیلاکی...
(٤) چاپی (م. ع): کۆمەڵی

شیری بڕندە قەڵەمە

لە غەمت ڕۆڵە ئەوا ناخۆشیی بچکەم وەرەمە
جگەرم خوێنە، دڵم خانەیی دەرد و ئەلەمە
بۆتە خولیا لە سەرم، گەر لە سەرم دەن بەکوتەک
بیری تۆ هەر لەسەرە، چارەیی دەردت لە دەمە
لە چ دەورێکە بزانە بەشەری ڕوویی زەمین
تا بەکەی هەر لەسەرت بێ پەت و نێڵە و کەڵەمە
ئەوە وا ڕەهبەرتە دوژمنی میللەتتە
باوەڕت وایە کە قوتبە، لە حەقیقەت سەنەمە
هەرچی زانایێ کە باوەڕکەرە بەو جۆرە کەسە
ئەوە کابووسی موسڵمانە، بەڕاستی شەوەمە
گەرچی بەدبینەکەت ئیسلامە لە چاوی خواری
ئەوە وتەی چاکە کە دەیڵێ بەتۆ لەفزی عەجەمە
کەسی من پارە پەیاکە ببە خاوەن زەڕ و زیو
ئەوی ئەمڕۆکە بەکارت بێ، بەڕاستی درەمە
چارەیی دەردی تۆ عیلمە، دەبکۆشە شەو و ڕۆژ
لەم زەمانە بەخوا شیری بڕندە قەڵەمە
خۆشەویستی وەتەنی دوێنێ پەیامی هێنا
بۆ سەنایع ئەوە بۆ لەندەن ئەچێ کاکە حەمە
بەمە کەیف خۆش و گەش و شاد و ئومێدم چا بوو
بۆ بلنديى گەلی کوردی، ئەمە ئەووەڵ قەدەمە
پێک دی هیواکەت ئەسیری، دەمێ ئارامت بێ
لە خوا مەبڕە ئومێدت، ئەوە خاوەن کەرەمە

***

سوودی زوان

مانی میللەت بەپارێزی زوانە(*)
شایەدی ئەم وتە، ژینی کوردانە(۱)
زوانە نامووس و پیاوەتیی میللەت
زیندەوەکردنی ناوی کۆنانە
بۆیە ئەمڕۆ لە هەموو کۆمەڵی کورد
باسی زۆر و دەستی (نەمەردانە)(۲)
ئەوە ئەمڕۆ لە تەئریخی تازە
نووسین دەوڵەتی کۆنی (کۆسانە)
گفتوگۆ کردنی خۆشی لاوان
لە سنوور و ولاتی (میدیانە)
لە قوتابخانە خوێندنی ساوان
بەزەیی و داد و عیلمی (ساسانە)(۳)
هێزی سەربازیی ئەردەلان ئەنووسن
شیعریان ڕۆژهەلاتی (بابانە)
تۆپە گەورانی کۆنی قەلات
چاپی دەگرن لە مولکی (سۆرانە)

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە – ب/۱ – ل/٥٤
(۱) چاپی (م. ع): شایەتی ئەم وتانە مانی کوردانە
(۲) چاپی (م. ع): باسی زۆر و دەس بەمەردانە
(۳) چاپی (م. ع): ئەم نیوە دێڕە و نیوە دێڕی دوای ئەم نییە و خاڵی لە جێدا دانراوە.

گەرچی ئەم دەوڵەتانە هیچی نەمان
ناویان تا ئەبەد لە ناوانە
زندووە نامرێ (ئەسیری)میللەتی تۆ[٤]
چون زوانی پاراستووە لە بێگانە

***

(٤) چاپی (م. ع): میللەتەکەت.

یانە

خانەگاهی مونەووەرە، یانە
یانە پێویستی ژینی لاوانە
ئەو سەرۆکەی کە ژووری هەمووانە
کەللەیی پڕ لە هۆش و فەن و زانە
ئەو کەسانەی کەوا لەوێ پایەن
دەس بژێری بڵندی کوردانە
کۆڵەگە و هێزی بەردی بنچینەی
ناوی مەعرووفە مەردی مەیدانە
ناوی فەڕینی یانە دەنگی دا
هەر لە فەرغانەوە تا وەکو غانە
یانە پێویستی ژینی لاوانە
ناژیێ بەچکە مەل بەبێ لانە
ئامەد و فەڕوو کار و فەن زانین
وا لەوێیە، بیدینە، بیزانە
چیت هەیە بیدەرێ ئەگەر کوردی
هەر لە ملیۆنێ تاکو یەک ئانە
بۆ ئەمەی هاتە دی ئەسەل جیاووک
ڕۆشنی دیدە وو هێزی جانانە
نووحی کوردی بژی بەبێ خانوو
زوو پەنادە (ئەسیری) بۆ یانە

***

هۆ جگەر خوێن(*)

فەنن و زانینت ئەسەل بەرزبوونەوە و سەرکەوتنە(**)
گەل کە نادان بوو بەشی دیلی و وێڵی(۱) و مردنە
ڕێگەیی ڕاهی(۲) قوتابخانە و دەبیرستانی گەل
ڕێگەیی ڕزگارییە(۳) و، ڕێگا بەهیوا بردنە
چارەیی زانین و زانستی، کە پێک بێ زوو بەزوو
هۆ جگەر برژاو(٤) کوڵینی گەل لەزەڕ پڕکردنە
زەڕ بەکۆشش دێتە دەس، گورجی و دەسوبردی دەوێ
هەر کەسێ کاری چ بێ، لەو کارە چاتر کردنە
بۆ تەوانا تێ کۆشێ گشت و خرید و کارگەری
گشت لەگەڵ یێکدی تەبابوونە و فەڕی یێک ویستنە
بۆ تەبایی هەربڵێن مامۆستایان دەم بەدەم
کار ئەکا گەوایی ئەمە تەلقینی مردووکردنە(٥)
هۆ ئەسیری گەرچی وەک چیرۆکە هەڵبەستت وەلێ(٦)
بەندی دەستوورە بەکارهێنانی کورد سەرخستنە

(*) ئەم هەڵبەستە بەرانبەر بەهەڵبەستێ نووسیم، کە شاعیری کوردی زازا لە گۆڤاری هاوار بۆمی نووسیبوو، ناوی جگەرخوێنی دانا بوو. (ئەسیری)

(**) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/۲ - ل/٦٥

(۱) چاپی (م. ع): پوولی. (۲) چاپی (م. ع): ڕێگەکەی سەمتی.

(۳) چاپی (م. ع): ئازادییە.

(٤) پێشتر لە دەستنووسدا نووسراوە (برژاو) دواتر کراوەتە (خوێنین).

(٥) ئەم دوو دێڕە شیعرە (واتە چوار نیوە دێڕە) ئەمە و ئەوانەی سەرەوە لە چاپی (م.ع)یدا نییە.

(٦) چاپی (م. ع): دەڵێی.

چونکە بەدبەختی(*)

چونکە بەدبەختی بەشت ئەم دیوو ئەودیو کردنە
پیاوی بەدخوو دەربەدەر ڕۆژێکی سەدجا مردنە
بۆ دواڕۆژت نەجووڵای داکو چشتێکت ببێ
مەکتەب و نامەی شەهادە، ڕۆڵە خۆسەرخستنە
تەمەڵی و کەیف و گەڕان و چایخانان و قومار
خۆ پەرێشانکردن و ڕێگەی تورەقی بەستنە
ئەم پەرێشانییەت کە ئیمڕۆ وا کەشەنگی کردووی
زادەی کاتی جوانیتان نەزانی و نووستنە(۱)
بەسیەتی بیری بکە، ئەوجا لە حاڵت تێ بگە
دەست و بردێتی بجووڵێ، نۆرەی سەرکەوتنە
چاوێ هەڵبێنە ببینە، هەرچی گیانداری هەیە
دەست و بردی ڕۆژییە، دنیا سەراسەرکردنە
کردنە ئنجا لە پاشا خواردنە، سەرکەوتنە
کۆشش و کردە و بزووتن ڕێ بەهیوابردنە

(*) لە دەسنووسێکی لای خۆمانەوە وەرگیراوە. (م.ع)

(-) ئەم شیعرە لە چاپی (م.ع)یەوە وەرگیراوە ب/۱- ل/٥۲

(۱) ئەم دێڕە شیعرە لە کتێبەکەی مامۆستایان شارەزا و جەباریدا نەنووسراوەتەوە. (م.ع).

گەل و نیشتمان

دەور و پشتی خانوو و، جێگەی هەوارم گوڵشەنە[*]
ئاوی جۆگە و گۆل و ڕووبارم شرینە و ڕەوشەنە
گیای بەهاری مێرگی دامێنی چیا وو کێوی من
نەرگس و لالە و ترنجۆک و بنەوشە و ڕەیحەنە
لێوی جۆگەی خوڕەم و ساق و سیمینی[1] دڵبەرم
ژاڵە وو نەسرین و سونبول، یاسەمین و سەوسەنە
هێندە پێکەوتە گیا و پووشی چیای کوردستان
کاوڕ و بزنم وەکو گامێش و گایی سێ بەنە
سەیری هەرچی شیو و شاخی هەردە وو دەشتم بکەی
باغ و بێستان و ڕەزە، شاراو و کێڵگە و خەرمەنە
دەنگی خوڕەی ئاوی ژێر دارم بەسەر بەرد و پەلا
خۆشترە سەدجا لە دەنگی عوود و ساز و[2] دەندەنە
ئەو بەری بەڕووەی لە کوردستانی من پەیدا دەبێ
چاتر و شیرینترە سەدجا لە پستە و کەستەنە
چاوەکەم ئەو جاجکەی وا تیرەمنتی پێ دەڵێن[3]
ئامەدی کوردوستان، خۆشەی جەوی دارەبەنە

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە – ب/١ – ل/٣٧ – ٣٩
(١) لە دەستنووسدا پێشتر (ساق) نووسراوە، دواتر کراوەتە (پاک).
(٢) لە دەستنووسدا نووسراوە (... ساز ئەو دەندەنە).
(٣) چاپی (م. ع): ... لێرە منتی پێ دەڵێن.

گەر تۆ بنواڕی لە کوردستان سەراسەر سێ بەشە
باغ[4] و دارستان و کێڵگە، ژێر ئەمانەش مەعدەنە
هەر زەمینێکم بدینی بێ درەخت و بێ گیا
کانی زێڕ و زیوە، پێویستت هەیە لێی هەڵکەنە
من چ پێویستم نییە تۆو چەندن و هەوڵی مەزید
داری کێوانم، بەڕوو و بادام و گوێز و قەزوەنە
شانەیی هەنگوینی شاخی، گۆشتی کێوی لێ مەعاف
خۆم چلۆن قوربان نەکەم بۆ ئەم حەشار و مەسکەنە
سەنگەر و چاڵی زەوی، شوورە و قەڵاتم بۆ چییە
من کە دارستان و بێشە و شیو و شاخم مەئمەنە
پشتکۆه و ئەڵوەن و شاهۆ و ئەرارات و نەوا
هیچە لای شاخانی من قرپات و ئەلپ و پیرەنە[5]
کەپری تاوستانەیی کوردی لە لێو باغ و چەما
خۆشترە سەد جا لە قەسر و باغی قیوامولسەڵتەنە[6]
زانیار و گورج و ئازایە بڕی پیاوی گەلم
مەردی مەیدانە بڕێکی لێخوڕ و خەنجەر زەنە[7]

---

(٤) لە دەستنووسدا پێشتر نووسراوە (باغی) دواتر کراوەتە (باغ).
(٥) قرپات (چیای کروات): چیای کرپات–ی نێوانی ڕۆمانیا و چیکۆسلۆڤاکیا.
ئەڵپ: ناوی چەند چیایەکی ئەوروپایە، گەورەترینیان لە باکووری ئیتاڵیادایە.
پیرەن: یانیش پیرنیێ، چیایەکی نێوانی فەرەنسا و ئیسپانیایە.
(٦) قیوامولسەڵتەنە: پێشتر لە پێش (سلطنە)وە وشەیەک نووسراوە بۆم نەخوێنرایەوە، دواتر کراوەتە (قوام)... زاراوەیەکە، پلە و پایەیەکی بەرزی کۆنی ئێران دەگەیەنێ.
– لە چاپی (م. ع)دا نووسراوە (قەنبەرسەڵتەنە)
(٧) چاپی (م. ع): مەردی مەیدانە... خەنجەر، ڕەنە

لاوی کوردی من نەوەی میدیا وو کەی ئەخساری ئەتوو
خاوەنی سامان و تەخت و زۆر و تاج و عەنعەنە
دەشت و شاخی گۆی زەوی باپیرەکانت گرتبووی
بستە جێگایێ نییە پایان نەنابێ لەو حەنە[٨]
بۆیە ئێستاکەش ئەوانەی پشتی[٩] خۆیان زانیبێ
زۆر بڵندە بیریان، بێ باک و شۆخ و گەورەنە
ئارەزووی زانینی چشت و کارگەری[١٠] گەر فێر ئەبی
مەرکەزی فێربوونی[١١] علمت رۆڵە ئەمڕۆ لەندەنە
چاخی پێغەمبەر لە زانین[١٢]، چین بوو ئوستادی جیهان
لۆندەرە ئەمڕۆکە شاری سەنعەت و عیلم و فەنە
عیلم و عیرفان و بڵندی[١٣]، کەوتە هەرچی جێگەیێ
ڕوو لەوێکە زوو بەزوو فێری بە هەروەک مەنگەنە
تووشی هەرچی زانیاری کورد ببی لێی تێبگەی[١٤]
حیکمەت و زانینی وەک ئەبوکەوسیی دێوەژەنە

---

(٨) چاپی (م. ع):

دەشت و شاخ گوێ زەوی باپیرەکانت گەر بتەوێ
بەستە، جێگای نییە، پایانە نابێ لە چەنە

(٩) چاپی (م. ع): نەسەبی.

(١٠) چاپی (م. ع): کارگەی.

(١١) چاپی (م. ع): تەحسیل و.

(١٢) چاپی (م. ع): وەختی پێغەمبەر لە عیلما...

(١٣) چاپی (م. ع): سەعادەت.

(١٤) چاپی (م. ع): تووش هەرچی عالمێکی کوردی لێی تێ نەگەی.

تۆخمی ئاری، واریسی نووحی نەبی، کرمانجی من
مەهجەری کرمانە ئەو جێیەش هەوارگەی جەرمەنە[١٥]
ئەی ئەسیری ڕۆژ و شەو مەدحی گەل[١٦] و خاکت بکەی
هەر بەجێ نایێ دەسا ئەمجارە لێدە[١٧] کەم چەنە

***

---

(١٥) چاپی (م. ع): تووخمی ئاری و ئارت، نووحی نەبی کرمانجی من
موهاجیری کرمانە، ئەو جێیە، هاوارگەی جەرمەنە

(١٦) چاپی (م. ع): گلێی.

(١٧) چاپی (م. ع): لێی دە.

کەرکووک ئەلزاسە، کفری لۆرەنە[*]

قەڵاتی کەرکووک لەجێی جەرمەنە[1]
نیشتەنی کۆنی خێڵی کرمەنە
لە پشت و نەوەی کوردی گەورەنە
زوانی ئێستەی فەیلی و لوڕەنە
کەرکووک ئەلزاسە، کفری لۆرەنە[2]
دڵ سووتاویانە، هەرچی کورد هەنە

***

(نەمرد)ی[3] ئەووەل[4] بینای کردووە
بەر لە بابل تیا حوکمی کردووە
لەپێش نووح بۆ گەل دەستووری کردووە
زانای[5] ستارەی کەشف کردووە
کەرکووک ئەلزاسە، کفری لۆرەنە
دڵ سووتاویانە هەرچی کورد هەنە[6]

***

دوو ساڵ کەیکاوس لە ناوی دانیشت
ناو شاری ڕێکخست بەکونج و بەخشت

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە. ب/٢ - ل/٤٦، ٤٧، ٤٨.
(١) جەرمەن: ناوچەی پەیدابوونی ئەڵمان.
(٢) ئەلزاس و لۆرەن (لۆرین): ناوی دوو هەرێمی خۆرهەڵاتی فەڕەنسان.
(٣) واتە: نەمردوود.
(٤) پێشتر لە دەستنووسدا نووسراوە (ئەووەل) دواتر کراوەتە (بەرێ).
(٥) چاپی (م. ع): عیلمی.
(٦) ئەم کۆپلەیە لە چاپی (م. ع)یدا کۆپلەی چوارەمە.

دەوری ئاوا کرد بەباغ و بەکشت
ناوی نا (کەی کورد) ئینجا لێی ڕۆیشت
کەرکووک ئەلزاسە، کفری لۆرەنە
دڵ سووتاویانە هەرچی کورد هەنە[7]

***

سەرلەنوێ تازەی کرد دارای گەورە
شوورەی لێ کێشا دەورە بەدەورە
کوردی (ئەستەخری) هێنایە ئەورە
ئاتەشگەدەکەی ئێستاش وەک کەورە
کەرکووک ئەلزاسە، کفری لۆرەنە
دڵ سووتاویانە هەرچی کورد هەنە[8]

***

دوای جەنگیز، گرتی باوە ئەردەلان
حوکمداریی خۆی تیایا[9] دامەزران
بەناوی خۆی سکەی لێداو لێی چووان
لە خوتبەی جومعە ناوی خووندران
کەرکووک ئەلزاسە، کفری لۆرەنە
دڵ سووتاویانە هەرچی کورد هەنە[10]

***

(٧) لە چاپی (م. ع)یدا: کۆپلەی پێنجەمە.
(٨) چاپی (م. ع) ئەمە کۆپلەی دووەمە.
(٩) چاپی (م. ع): تیا.
(١٠) چاپی (م. ع): ئەمە کۆپلەی شەشەمە.

لێ وەرگیراوی ئەم تەئریخانە
(تەبەری) و ئاساری (هۆریتی) یانە[١١]
ساڵنامەی سێ سەدە و دەیی تورکانە[١٢]
کتێبی[١٣] دکتۆر (فریجی) ئەڵمانە
کەرکووک ئەلزاسە، کفری لۆرەنە
دڵ سووتاویانە هەرچی کورد هەنە[١٤]

***

لەسەر زووانا هەڵبەستی سووکە
ڕۆژهەڵاتیی، لاوی کەرکووکە
بۆ لە چاپدانی (ئەسیری) زووکە
ئەمە زەبووری گەورە و بچووکە
کەرکووک ئەلزاسە، کفری لۆرەنە
دڵ سووتاویانە هەرچی کورد هەنە

***

(١١) چاپی (م. ع): هەروتیانە.
(١٢) چاپی (م. ع): سێ سەدەی تورکانە.
(١٣) لە دەستنووسدا پێشتر نووسراوە (کتێبی)، دواتر کراوەتە (تەئریخی).
(١٤) لە چاپی (م. ع)دا ئەمە کۆپلەی سێیەمە.

ڕۆژهەڵاتی نیشتمان

ئەم نیشتمانە گوڵشەنە شیرین و ڕەنگینە
پێویستە، نرخی نییە و مایەیی ژینە
باغی بەهەشتە بەگوڵزار و ئاوی کەوسەری
مێرگە لە پێچەوانەی ئەمە ئاسمانی شینە
لالە و گوڵ و وەنەوشە و ڕەیحان و سونبولی
وەک زوڵفی خاوی وەوی چین لەسەر چینە
یەزدان بڵندە، لە دووی ئەو پەرستشی
ئەم خاکی نیشتمانە لە بۆ لاوی کورد دینە
بەزیندوویی بۆ ژین، بەمردوویی بۆ گۆڕ
پێویستە بۆ بەهیشکی بۆ ئێمە ئایینە
گشت لاو و ساوەیی قۆچاغی پەسەندی گەل
کوشتە لە دەوری ئەم ڕەزە فەڕینە پەرژینە
هاوتایی نرخی نیشتمانت ئەسیری نییە جیهان
پاساریی ئێمە لە جێیانی دیکە شاهینە

***

میللییەت و وەتەنی

میللییەت و وەتەنی ئەمڕۆ چاوەکەم باوە
پیاوی وڵاتی دڵی بۆ وەتەن وەکو قاوە
ئەمڕۆ ئەدوێ لە داغی وڵاتی لە ماتەمە
نوقمی خەیاڵە ماتە پەرێشان بووە لاوە
ئەوەی کە پیر و گەورەیە، هەندێ جلخوارە[(١)]
هەندێکیش خەریکی بەزم گرتنە و ڕاوە
هەر چیت هەیە لە ڕێی وڵات و گەل و کۆمەڵت
خەرجی بکە، کە بمری بەشت چەن گەزێ جاوە
هەر چەن بخۆی و بنۆشی و بپۆشی بێ کەڵکە
ئەوەی کە کەڵکی بێ پاش مردنت برا ناوە
بێگانە چاکە بکا پیاوەتی لە گەڵت
هیچ لێی ئەمین مەبە ڕۆڵە ئەوە تەڵە و داوە
بۆ تورکی بێ وەفا[(٢)] وەکو پەرژینی موڵکی بووی
ئێستا بچۆ بزانە لەوێنە کەست ماوە
جلخواری[(٣)] یا سیاسەتی بەدبینە بیری تۆ
گەر کوردی مەردی برا بابدەوە واوە
گەر تێبکۆشی بەتوندی لە کاروکردەی گەل
بڵند ئەبی وەک باپیرە گەورەکەت کاوە

(١) پێشتر لە دەستنووسدا نووسراوە (جلخوارە) و دواتر کراوەتە (بەدخواهە).
(٢) پێشتر بەو جۆرە نووسراوە، دواتر کراوەتە: (بۆ کۆنە گەورەت... تاد).
(٣) دواتر کراوەتە (بەدخواهە).

ماڵ و سەرت فیداکە لە ڕێی میللەت و کەست
ڕۆحی ڕەوانی عەزیزت برا بنێ لاوە
پیاوی وڵاتی، گەلی، کۆمەڵی ئەمەیە
گیانی بدا لە ڕێی کەسی وەک بادەیی ئاوە
پاروویی چەور و ئاسوودەیی بۆ تۆ هیچ نییە
گەر بیری وات بێ (ئەسیری) خەیاڵەکەت خاوە

***

نوور ئاوا

لەو دەمەی هەر کە لات کردە ئەم لاوە
زیندەوەر هیچ نەما یەک بەسەر پاوە
لە برسکانی ڕەنگی ڕۆژی ڕوخسارت
ناوی دڵ بوو بەشاری نوور ئاوە
لە گەزەنگی هەتاوی تاوی دیدارت
ئاگری جیایی سینە کوژیاوە
دڵ نیشانەی بەهاری ڕووتی گرت
بۆیە نایێ لە چاوی من ئاوە
ژیری، هۆشەنگی هەر وەک ئەفلاتوون
هۆشی لای هێزی شۆخی تۆ ساوە
سەد هەزار مەردی گوردی وەک فەرهاد
بۆ شرینی ڕۆحت بەگەشکە تاساوە
هێزی دڵگیری ڕەنگ و ڕووی چارەت
چییە زانا لەوێ نەزان داماوە
تۆ لە کوێ وو من لە کوێ تۆ چی و من چی
خۆشەویستی ئەسەل هۆگری پیاوە
چییە یەک دەم لە من بەڕۆژ و شەو
گوم نی وو، دڵ لە دووری سووتاوە
خۆشەویستی نەبێ جیهان کپ و ناخۆشە
سوودی دڵدارییە زیندەوەر ماوە
شۆخی شیرینی من، مەڵێ (ئەسیری) پیرە
پیر بەدیداری مینەویت لاوە

***

ستایشی مامۆستا بەشیر موشیر(*)

شاعیرێکمان لێ پەیا بوو تازە میللەت موژدەیە
بولبولی باغی گوڵە شمقاری(**) کێوو هەردەیە
چاوی پیاوانی گەلت ڕوون کرد، دڵان خۆشە بەتۆ
ئەی بەشیری خۆش خەبەر ئەم موژدەیە خۆش موژدەیە
ماوەت و تاقە بەدەست ئەبڕی، زمانیشت غەزەل(١)
پیریش هەروایە وەستا، مەردی کارو کردەیە
کار کەرو زانا کە تووشی دەردی گەل بن چەند خۆشە
کارکەریشمان خوا شوکوربێ موبتەلای ئەم دەردەیە
ئەی (ئەسیری) دەم بەدەم شاعیر لە میللەت زیاد ئەبێ
حاجی عەبدولقادری کۆیی وەلێ سەرکردەیە

(*) ئەم هەڵبەستە لەڕێی مامۆستا نەریمانەوە بەردەستمان کەوت، ئەویش لە ژمارە (١٠)ی ساڵی (٣)ی ژیان وەریگرتووە کە لە ڕۆژی ١٩٢٨/٢/٢دا بڵاوکراوەتەوە.
(-) لە چاپی (م.ع) وەرگیراوە ب/١- ل/١١٦.
(**) شمقار: مەلێکی ڕاوکەرە لە باز بەهێزتر و جوانتر.
(١) مەبەس لە (ماوەت و تاقە) ئەو دوو جۆرە قوماشەیە کە لەو سەردەمەدا بۆ کەوا بەکارئەهێنرا و زۆربەی پیاوماقوڵان لەبەریان دەکرد، مامۆستا بەشیر موشیر بەرگدروو بووە لە کاتی خۆیدا بۆیە (ئەسیری) ئەڵێ ماوەت و تاقە بەدەست ئەبڕی.

پێخوازی چاخی

گەر ئەدیبی، ئارەزووی سەرکەوتنی کوردت هەیە[*]
تەرکی بێژی[١] عیشقبازی کە، ئەگەر[٢] بیرت هەیە
بێژی تەئریخی بڵێ بۆ ئاگەداریی میللەتت[٣]
پەیڕەوی زانین و کرداری بە، گەر هۆشت هەیە[٤]
ناوی (هۆمەر) چەند هەزار ساڵە لە یۆنان هەر هەیە[٥]
بێژی[٦] تەئریخیی دەگوت، وەک ئەوبە گەر زەوقت هەیە
گوفتی[٧] بەد ئەخلاقی و ناوی[٨] ئەدیبی چۆن ئەبێ
تەرکی گوفتی[٩] چاو و خاڵ و خەتکە، و یجدانت هەیە
تەرکی کوردی و نەزمی تورکی و فارسی چۆن مروەتە؟
خۆت بەمە بێفەڕ[١٠] ئەکەی بنوارە گەر[١١] بیرت هەیە

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/١ - ل/٤٧ - ٤٨
هەروەها - ب/٢ - ل/٨٧ - ٨٨. بەناوونیشانی (ویجدانی عەسری)...
(١) چاپی (م. ع): ئەشعاری
(٢) چاپی (م. ع): کە گەر
(٣) چاپی (م. ع): شیعری تەئریخی بڵێ بۆ ئینتیباهی میللەتت
(٤) چاپی (م. ع): مورشیدی عیلم و مەعاریف بە ئەگەر عەقڵت هەیە
(٥) چاپی (م. ع): باقییە.
(٦) چاپی (م. ع): شیعری
(٧) چاپی (م. ع): شیعری
(٨) چاپی (م. ع): لافی
(٩) چاپی (م. ع): باسی
(١٠) چاپی (م. ع): تەقبیح
(١١) چاپی (م. ع): تێ فێکرە کەر

خاوەنی بڕوای[١٢] پاکی و، ئەهلی ئینسافی ئەگەر
نابێ مەنعی کەی لە خزمت، هەرچی سەرمایەت هەیە[١٣]
خۆت فیدای ڕێی میللەتت کەی، گەرچی گیانت دەرئەچێ[١٤]
شوورەتت باقی دەبێ، تاخاکی سەر گۆڕت هەیە[١٥]
بیست ملیۆن کوردی لەو ڕۆژی چلۆن بێ خاوەنە[١٦]
بۆ حەقیقەتیان بەرە، گەر توانا و زانینت هەیە[١٧]
چەن عەتیقەی پێشی کلدانی لەجێی تۆ کەوتووە
خۆ نەزانی تاکو کەی؟ ئینسانی تۆش مەغزت هەیە
چاوەنۆڕە گیانیان بێ شوبهە بۆ ڕزگاریی تۆ[١٨]
شەه سەلاحەددین و حاجی، چەند کەریم خانت هەیە
خوارە ئەو پیاوە، کە هەر تەدبیری نانی خۆی ئەکا
بۆ ژیانی میللەتت بێ، هەرچی کردارت هەیە
پەت بەمل گەر بچیە سەر کورسی لە ڕێگەی میللەتت
شاهی سەر تەختی، خەزینە و گەنج و سامانت هەیە[١٩]
گەر بشێلی ئەی (ئەسیری) فەوجی کوردی کوڕی تۆ[٢٠]
وا مەزانە گۆڕە جێگەت، باغی عەدنانت هەیە[٢١]

---

(١٢) چاپی (م. ع): ساحیبی ویجدانی
(١٣) چاپی (م. ع): نابێ مەنعی کەی لە قەومت چەندە تۆ حاڵت هەیە
(١٤) چاپی (م. ع): خۆت فیدایی ڕێی میللەتت کە گەرچی جیسمت مەحوە بێ
(١٥) چاپی (م. ع): شوهرەتت باقی ئەبێ تا خاکی سەر قەبرت هەیە
(١٦) چاپی (م. ع): پانزە ملیۆن کورد لەم ڕۆژە عەجەب بێ ساحیبە؟!
(١٧) چاپی (م. ع): .... گەر قودرەت و عیلمت هەیە
(١٨) چاپی (م. ع): مونتەزیرە ڕوحیان بێ شوبهە بۆ ئیفلاحی تۆ
(١٩) ئەم دوو دێڕە شیعرەی سەرەوە (چوار نیوە دێڕ) لە چاپی (م. ع)یدا نییە.
(٢٠) چاپی (م. ع) لەجیاتی (کوڕی تۆ)، (قوربەسەر).
(٢١) چاپی (م. ع): گەرچی مەدفونی لە خاکا قەسری عەدنانت هەیە.

جلخواری و ملخواری(*)

چەند پێم وت کوڕە وازبێنە لەم جلخوارییە؟
ئاخرو ئەنجامی جلخواری وەها ملخوارییە
ئەو نەخۆشەی دائیما دەتگوت زەریفە سیحەتی
ڕۆژی ئەووەڵ پێم گوتی باوەڕکە دەردی کارییە
دەست و پێی خۆت بەستەوە تا بووی پەرێشان و ڕەزیل
فائیدەت چی بوو بڵێ توخوا ئا لەم ئینکارییە
دۆتەکەت وا لێبڕاوە بۆیە هێندە موفریتە
کابراش دەیەوێت و نایدەن، بۆیە وا هاوارییە
دەردی لوقمەی چەورە عالەم گوبە و شێت و هار ئەکا
کەس نییە بۆ دینی بێ ئەم قال و قیلە و زارییە
ئەو کەسەی مەیلی دەکەی گوایە بەناوی دینەوە
وا لەسەر شەپقە لە بەینی میللەتت کوشتارییە
خۆتش ئەیزانی حەقیقەت وایە ئەمما پێوەبووی(١)
لات وەهایە تازە عەیبە تەرکی ئەم بێعارییە
سەیری کوردی میللەتت کە چەند جاهیل مایەوە
سەنعەت و کەسبێ کە هەیبێ شوانییە و جوتیارییە
ئەی "ئەسیری" لێیگەڕێ جل خوارە دەردی خۆی بەسە
ئەم غەم و دەردەی کە هەشیە، ڕاستی سەربارییە

(*) زاری کرمانجی ژمارە (٤) ساڵی یەکەم لاپەڕە (١٦).
لە چاپی (م.ع)یەوە وەرگیراوە ب/ ٢- ل/٦٤
(١) خۆتش: بەشێوەی ئاخاوتنی کەرکووک واتە خۆشت.

کاسەی پڕ لە خوێن

دڵ سەبووریت بۆ نییە، ئارام و وێستانت نییە
ڕێگەیی یارت نییە، هیوایی دڵدارت نییە
هەر وەکو کەو بەندی داوی، یا لەژێر پەنجەی هەڵۆی
مردنت دیوە بەچاوت، ڕێیی ڕزگارت نییە
تووشی شەهبازێ بووی، توانایی نەزدیکیت نییە
بۆ ئەفرازیشت لە سەودایی ڕوخی چارەت نییە
بۆچی توند و تەنگ و تاریک و پەشێو و ئاتەشی
ئەی دڵی پڕ دەردی من، یاری شەدەلارت نییە
بۆ وەکو بۆتەی لە کوورە ئاتەشین و پڕ گڕی
هەڵبەتە تاکی وێرانەی، توڕڕە تاتارت نییە
چونکە پڕ دەردی لە دەردا، بووی بەکاسەی پڕ لە خوێن
دیارە یاری خۆشەویستی، کوڵمی گوڵنارت نییە
هۆ (ئەسیری) چونکە تۆش نوقمی لە دەریایی غەما
دیارە ساقی و موتریب و دەنگی نەی و تارت نییە

***

مەیلی ژاپە

مـــەیلی ژاپەم هەیە ئێـــرانە هەوای چاکی نیـــیـــە
پیـــاوی ئەم جـــێگەیە زانستن و ئیـــدراکی نیـــیـــە
عـەیش و نـۆشێکم ئەوێ بێ کـەدەرو بێ غـوسـسـەبێ
گـۆی زەوی ڕاســـتت ئەوێ بێ قـرە خـۆراکی نیـیـە
بچـــمـــە گـــۆڕەوە زۆر چاترە لەم زندەگـــیـــیـــەم
بەس نـیـیـە مـردوو لە گـۆڕا لە کـەسێ بـاکی نیـیـە
وام ئەوێ هیچ کەسی گەل ملکەچی هیچ پیاوێ نەبێ
لام وەهایە[1] گـەلی وا ئـەمـڕۆ لە هیچ خـاکێ نیـیـە
لە غـەمی گـەل لەشی ڕەنجیـدەیی من کـەڵکی نەمـا
دەفـــڕێ ڕووح[2] لەلانەی هەوەسی لاکی نیـــیـــە
چونکە پێک نایێ وەها زوو بەزوو هیـــوایی دڵم
تێ دەنـۆڕم کـــە لە هیچ لایەوە ڕووناکی نیـــیـــە
ســووم دەبێ کـورکی لەبەر، لاسـتیـکی بێگانە لەپێ
هێندە کـوردی لە بەفـر پەسـتـەک و کـالاکی نیـیـە
چوار سـەد سـاڵ بوو بەبێگانە چ خـەرجـێکت ئەدا
ڕۆژێ ئێـــســـتـــا کـە هەزارت دەکـوژێ باکی نیـیـە

(١) لە دەستنووسدا پێشتر نووسراوە (لام وەهایە) دواتر ئەوە خەتی بەسەردا کێشراوە و نیوە دێڕەکە بووەتە:

گەلی وا (ڕاستت ئەوێ) ئەمڕۆ لە هیچ خاکی نییە

(٢) دواتر کراوەتە: گیان.

ئەو کـەسـەی بیـری هەبێ پڕ دڵـی قـەهر و دەردە
بەشـەق و بار و کـوتەک هەر کـەرە غـەمناکی نیـیـە
کەسێ هێشکچییەتی[3] بۆ گەل و نیشتمانی نەبێ
بەخـودا هێـشکی بۆ خـوشک و ژن و داکی نیـیـە
بەسـە ئەم دەرد و غـەمـە مـەمـرە (ئەسـیـری) دەبژی
هۆشـیـاربۆتەوە گـەل، هیچ مـەڵێ ئیـدراکی نیـیـە

***

(٣) هێشکچییەتی: ئێشکچییەتی.

چوونە مەڵاس

تووشی دەردێکم لە هیچ دەرمانگە دەرمانی نییە[*]
دڵ پەرۆشێکی هەیە، ئارام و وێستانی نییە
گورگە بۆز و، گورگەشین و، گورگە ڕەش چوونە مەڵاس
مێگەلی کوردی لە شیوو هەردەیە، شوانی نییە
نەونەمامی باغی خۆشیی نیشتمانم هاتە بەر[١]
باغەوان و پاسەوان و ئاو و کێلانی نییە
قەیرەیی گەل نووستووە، بێهۆشە وەک وافوورکێش
یا نەخۆ وەک مردووە، جوولان و هەڵسانی نییە
لاوی من بیستوومە وا تازە فریبت خواردووە
هۆ، نەکەی ئیشی وەها، جلشۆڕە، پەیمانی نییە
کابرای جلشۆڕ لە بۆ توو ڕێک ئەخا سەد حیزە فێڵ
تۆکە بینینت نییە، ئەو هۆشی پیاوانی نییە[٢]
وا لە دڵمایە لەسەر تەپڵی سەرت دەم مێکوتێ[٣]
لەو دەمە گیانت دەرێ[٤]، بەو خوایە هاوشانی نییە
خۆم دەڵێم هەڵدەم لە هەڵدێرێکەوە بشکێ ملم
وا نەبێ[٥] کەللەم لە خۆداری تۆ وەرسانی نییە

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/٢ - ل/٣٣ - ٣٤.
(١) چاپی (م. ع): نیشتیمانی من هاتۆتە بەر.
(٢) لە چاپی (م. ع): ئەم دێڕە و دێڕی دوایی دوای ئەم پاش و پێش خراون.
- تۆکە: لە دەستنووسدا (تۆ تە)یە.
(٣) چاپی (م. ع): ... سەرت دەمی مێکوتێک.
(٤) چاپی (م. ع): دەربێ...
(٥) چاپی (م. ع): واتە بێ کەللەم...

بچمە ژووری توونەیی سەر شۆرکی، ببمە زوخاڵ[٦]
بینێژن زانا بڵێ[٧]، هیچ کەڵکی شۆرانی نییە
خۆم دەڵێم هەڵدەم بۆ دەریاییێکی، یازێیەکی قووڵ[٨]
دابخنکێم[٩]، وا نەبێ ئەم ڕەنجە پایانی نییە
با لەسەر جەرگ و دڵی خۆم دەم بەتوندی خەنجەرێ
تازووە گیانم دەرێ، ئەم مانە هیچ مانی نییە[١٠]
بۆیە تێبینی ئەکەم خۆم چۆن لە ناو دەم چاترە
یەک لە (ساوە) و (لاو)و (قەیرە)و(پیری) جوولانی نییە
هەر دەبێ بمری لە داخی[١١] نیشتمان و گەل، ئەتۆ
تووشی دەردێکی (ئەسیری) چار و دەرمانی نییە

(٦) ئەم نیوە دێڕە لە چاپی (م. ع)دا نییە...
(٧) چاپی (م. ع): بمنێژن زانا بڵێن...
(٨) چاپی (م. ع):
بچمە ناو دەریایێ یا زێ یەک ژێری نەبێ
(٩) چاپی (م. ع): وا بخنکێم...
(١٠) پێشتر لە دەستنووسدا (بەهەڵە) نووسراوە (ئەم ڕەنجە پایانی نییە) کە دووبارەی دێڕی پێشووە، دواتر ڕاست کراوەتەوە.
(١١) چاپی (م. ع): دەردی.

ی

داء المیلله

خـــەڵکی خـــۆرئاوا بزانی چی ئەزانن وڕ ئەبی[*]
گەشتی شار و کارخانە و کردەیان کەی، سڕ ئەبی
سەیری وێرانە و کەلاوەی خاکی کوردستان بکەی
تێدەگەی حاڵی گەلت، ئەوجا لە داخا مڕ ئەبی[1]
بۆچی وەک گەل گەل، تۆ نابی هۆگری پیاوی گەلت
وا لەبەر چیتە پەشێو و هەر لەیەک بڕ بڕ ئەبی
تا لەسەر ئەم بیرە بی، وا بێ ڕەوشت و کردەوەت
هەر وەها مات و پەشێو و، ملکەچ و جل شڕ ئەبی
دوژمنی گەورەی خۆتی، بۆ مەردمی دی نۆکەری
ئاخر و ئەنجامی تۆ کوردە، بزانە قڕ ئەبی
لاوی کوردی من، نەمامی نەوڕەسیدەی میللەتی
وەک پێشوونانت بجووڵێی، دیارە تۆشم زڕ ئەبی
ئەی (ئەسیری) تووشی دەردێ بوویتە (دائولمیلله)یە[2]
ناگەڕێ زارت هەتا دەمری، لە گۆڕا کڕ ئەبی

***

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە – ب/٢ – ل/٥٥.

(١) ئەم دێڕە شیعرە و ئەوەی دوای ئەم لە چاپی (م. ع)دا پاش و پێش کراون.

(٢) لە دەستنووسدا: (داء الملە).

هۆنراوە[*]

ڕۆڵە مەربووتی خەلافەت بە، خەلیفەی عەرەبی
لە سولالەی عەلی-یە ڕەبتی ڕەسوولە نەسەبی
بەهەموو مەزهەبێ مەقبووڵە ئیمامی حەقە
لە کەماڵە حەسەبی، هەم نەسەبی، هەم ئەدەبی
ئەوە ئیمڕۆکە ڕەئیسی هەموو ئیسلامی جیهان
هەموو ئیسلامی جیهان هەر بەوە شان و شەرەفی
بەیعەتی لازمە بێ شوبهە حوسەین ئیبنی عەلی
ساکنی ماڵی خودایە، دوژمنی دینە هەدەفی[1]
ئەوە بوهتانە دەڵێن لەشکری ئیسلامی شکان
گوایە لەو لەشکرە سەرکردە بوو فەیسەڵی خەڵەفی
ئەوە تەئدیبی کەسێ بوو کە لە خوا عاسی بوو
کردی ئەو بێ ئەدەبە غارەتی ئەموالی نەبی
چ ئەزاییێکی بەهەم سایەی پێغەمبەر کرد
سەبەبێکی نەبوو ئەو ئیشە، مەگەر بێ ئەدەبی

(*) لە دەسنووسێکی لای خۆمانەوە وەرگیراوە، ئەم هۆنراوە بۆ پاڵپشتی شۆڕشی دژی دەوڵەتی تورکەکان وتراوە. کە لەو کاتەدا دەستیان بەسەر هەموو وڵاتی ئیسلامدا گرتووە، کوردستانیش بەشێک بوو لەو دەوڵەتە. لێرەدا وا دیارە "ئەسیری" لەسەر وتەی کورد کە ئەڵێ: (دوژمنی دوژمنم دۆستمە) ئەم شیعرەی هەڵبەستووە بۆ پشتگیریی شۆڕش (شەریف حسێن) لە مەککە.
لە چاپی (م.ع)یەوە وەرگیراوە ب/ ٢- ل/ ٥٩- ٦٠.

(١) حوسەین ئیبنی عەلی: شاە حسینی شەریفی مەککەیە کە شۆڕشی دژی دەوڵەتی تورکەکان هەڵگیرساند.

چووە ڕەوزەی نەبەوی ئەو قسەیەی کردی جەمال[٢]
بیبیێ هەرچی کەس هەڵدە چێ بەحری غەزەبی[٣]
ئەوە شەیتانە، دەجووڵێ لە عەلیهی شورەفا
لەعنەتی خوای چووە سەر، کەم نەبوو ئادەم شەرەفی
تەلعەت و ئەنوەر و جاوید، جەماڵ جاهید
تەفرەقەی عونسوری ئیسلام ئەمان بوون سەبەبی
ئەی "ئەسیری" باغیزانی شورەفا هەر خەجەلن
گەر بەریبن لە شەفاعەت نییە ڕاستی عەجەبی

---

(٢) جەمال: مەبەس لە سەرکردەی لەشکری تورکەکانە کە چووبووە سەر حجاز.

(٣) بیبییێ: گوێی لێ بێ ببیسێ.

ئای دەم ئادەم

بۆچی ئەمەندە سەرکز و شێواو و عاجز و سستی
داماو و زەرد و خەفەتبار و وسکت و پەستی
دەردێکی کاریی دەروونیت هەیە وەها گرژی
یانە خوماری دووکەڵی وافوور بووی مەستی
ئەی ڕۆڵە ئاهی گرینت گۆوای دەردی دڵە
چارەی بەگۆشەنشینی نییە دەبێ هەستی
ئاری نەوەی گەلی میدیایی شاهی کەی ئەخسار
پێ لەشکری ئەوی بۆ هەموو گۆی زەوی پەستی
چاخی لە ئاسی ئاری بەهێز و جیهان گیر بوو
ئێستا لە ئاری پاوە لەسەر دەستی عالەمە دەستی
هەر بابەتێکی ئەم گەلە دەورێکی ژووری زوو دیوە
بەخشی خوایە بۆیان حوکمڕان و سەربەستی
ئادەم لە داخی کاری دەمی دیگوت؛ ئای دەم دەم
ئەوسا لە باغی عەدنەوە بۆ کێوی هیند خوا خستی
ڕۆڵانی لێیەوە فیربوون پێیان دەگوت ئادەم
بۆی بوو بە ناو پێی خۆشبوو کە خۆشی دەیبیستی
پێشین زوانی مەردومە گوفتی شرین و نازکی تۆ
لە بڵمەوە بوو بۆ گەلان زوانی پێویستی
زۆر ژووری، زۆر بڵندی، یەکە ڕۆڵەیی نووحی
بۆیە لە دەوری جوودی نەڕۆیی گەلت لەوی ویستی
گوفتی شیرین و ڕێکی (ئەسیری) لەبەر بکە ڕۆڵە
تاریکی میللەتە هۆشەنگە بێژ و هەڵبەستی

هۆ مەردی میللەتی[١]

تا کەی لە دەردی وەتەن هەر لە حەسرەتی
خۆراک و خەو نەماوە لە داخ و لە میحنەتی
مووچەت موسیبەت و بەڵاو و غەم و پەت پەتی
هۆمەردی میللەتی

***

ئەم نیشتمانەتە مێرگ و ڕەز و گوڵ و چەمەن
بۆ ڕستگاری حەقتە لە بەرکەی ڕەش و کەفەن
هەر تێبکۆشە گوێ مەدە بەدخواه و باوو بەن
هۆ فەڕی خواهی وەتەن[٢]

***

دایەی وەتەن دەڵێ هۆ خزموکار و کەسم
بەدبینە بۆ وێرانەکردنی من ئافەت و هەرەسم
هاوارە وا بڕاوە بەندی دڵ و نووزە و نەفەسم
هۆ لاوی نەورەسم

***

مانەندی خاکی تۆ نییە ئەمڕۆ لە ڕووی جیهان
دانێ بۆ سەرفرازیی سەر و ماڵ و گیان
ناوت دەمێنێ، لەشت هاکا بوو نیهان
هۆ کوشتیی نیشتمان

***

(١) لە هەموو ئەو جێیانەدا کە لە دەقەکەدا (هۆ) نووسراوە، پێشتر نووسراوە (ئەی) دواتر کراوەتە (هۆ)... (ت).

(٢) پێشتر نووسراوە (ئەی خێر خواهی وەتەن) دواتر کراوەتە (هۆ فەڕی...)... (ت).

عالەم لە ڕووی زەوی ئەمڕۆ لە کۆشش و هەوەسە
وریایی و هەست بزێوی و هەسە
ئەمڕۆژە ڕۆژی کردە وو کاری دەسە
(ئەسیری) وتن بەسە

***

ئادار

نـەورۆزی چی، پیـــرۆزی چی
بادەی مــەیی لـەب دۆزی چی
مـــوتریب بـەترســـەی لێ بدە
بانـگ و چڕەی دڵســـۆزی چی

ئاداری ١٩٣١

***

شوورایی

خـەیاڵی گـەورەییێکی سـەربەخـۆ هەرگـیـز مـەکـە، کـوردی[*]
ڕەعـیـــیــەی گـەورەیی وا بێ، دەسـا ئەمـجـارەکـە مـردی
خەلـیـفـە و پادشـاهی و سـەڵتـەنەت ڕێگـیـری زانین[١] بوون
وتەی خــوا[٢] (أمــرهم شـوری) ئەوا ڕووخــاندی وو بردی
نەوە و زۆر بایی، گـەر پێـویسـتی شـەرع و دینی ئەحـمـەد بێ[٣]
مــوەفــفــەق بۆ نەبوو ڕۆڵەی نەبی، بیــرت بێ گــەر وردی[٤]
سـەرۆکی حـەقـقی مـەشـرووعی دیاری کـەس نیـیـە ئەمـڕۆ[٥]
مەگـەر ئەو زاتە مەقـبوولە، بەگـەورە خەڵک[٦] و خوا کردی
هەمــوو چاخێ مــەکــە کــاری فـەڕ و ئاســوودەگی بۆ خـۆت[٧]
سـەر و مـاڵـت فـیـدای ڕێی مـیللەتت کە، ڕۆڵە گـەر مـەردی
مەکە کەچ گـەردنت بۆ هیچ کەسێ، گەر بێ[٨] و شەهەنشا بێ
ئەگـەر بیـرت بڵند بوو[٩]، بۆ کـەست خەمـخـوار و هەم دەردی
ئیـــدارەی مـــیللەتت ئەوجـــا دەبێ بکرێ بەشـــوورایی
ئەگــەر دینەن نەبێ جـایز، (ئەسـیـری) بۆ عـومـەر کـردی؟

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/١ - ل/٦٧
(١) چاپی (م. ع): عیرفان
(٢) چاپی (م. ع): مەفادی
(٣) چاپی (م. ع): سولالە و موتلەقییەت لازمی دین و حەقیقەت بێ
(٤) چاپی (م. ع): موەففەق بۆ نەبوو ئیبن و نەبی، تێ فکرە گەر وردی
(٥) چاپی (م. ع): ریاسەت حەقی مەشروعی سەریحی کەس نییە ئەمڕۆ
(٦) چاپی (م. ع): خەڵق
(٧) چاپی (م. ع): هەموو وەختێ مەکە تەعقیبی نەفع و کاری شەخسی خۆت
(٨) چاپی (م. ع): فەرزەن
(٩) چاپی (م. ع): ئەگەر علوی بێ ڕوحت،...

کرمانجی و لاری

ئەی ڕۆڵە بزانە لە ڕەگی میللەتی ئاری
دووجۆرە زوانت هەیە، کرمانجی و لاری
پیتی پێ و چیم و ژێ و ڤێ و گاڤە لە دەمتا
گۆوایە ئەمە تێبگە گەر ژیر و بەکاری
چەن پیتێکی سامی هەیە نایێتە زوانت
پیتانی ئەتوش هەر کە وتم نایێتە زاری
هۆشت هەبێ تێبینی ئەکەی تێ ئەگەی ئینجا
سامی نییە ئاری ڕەگەزی کوردی دیاری
تۆرانی ئەگەر چی هەموو پیتانی تۆ ئێژن
نابینی وتەت گەر تۆ وتنیان بژماری
دیارە لە ئەوانیش نی لە هەرچی گەلی ئاری
تێنۆڕی پڕە پیت و وتەی تۆ لە گۆڤاری
نیشتمانی هەرە کۆنەی باوەی هەرە گەورەت
جێی پوختییە ئێستاکە هەرات جێگە هەواری
جێ باری دوایی گەلی کرمانجییە کرمان
لارش بووە دوا کۆچی ئەتو ڕۆڵەیی لاری
وینەی وتەی ئاری (ئەسیری) تێگەیشتوو
پشتێکی وەها و هۆشت هەبێ بۆچی هەژاری

***

نەریمان

نەو نەمامی نیشتمانم ڕۆڵەیی کوردی لوڕی
ئەم زوانی گوفتوگۆیەم ناوی جارانی دەری
من (نەریمان)م کوڕی کوردی دیار و ناسراو
سەر بڵندی و سەروەری هیوامە، ناکەم نۆکەری
خاکی پاکم گوڵشەنە بۆتە نموونەی ڕووی زەوی
بۆ نیشاندانی هەموو گۆی ئاسمانان خۆ فەری
ژیر و چالاک و بزێو و چوستە پیاوانی گەلم
تێگەیشتوو و شۆخ و مەن، پڕ مێشکە کەللەی سەری
ئاوی ڕوونی زیندەگانی و، بایی ژینی نیشتمان
وەک بەهەشتە مێرغوزار و بەست و باغات و بەری
ساوەبووم باوەم لە چاپی مێشکم سێ چشتی دا
خۆشەویستیی نیشتمان و، خزمی کورد و باوەڕی
دەنگی ئەو گوفتەی (ئەسیری) پێی وتم، چەسپی لە دڵ
گەر سەرت دانێی لە ڕێی گەل ڕۆڵە ئەوجا سەروەری

***

کێنە لە ئاسی

خزمانی ئەتو بۆتی بڵێم کێنە لە ئاسی
گوێ بگرە لە چاپخانەیی مژگت بدە باسی
ئێرانی و کورد و بلووش و پەختی وو هیندی
خوارەزمی و سوغدن، دەبێ گورجییش بناسی
نەستووری و ئەرمەنی و لاز و کوڕی چەرکەسی
بیزانە کوڕی کورد، ئەگەر خزم شناسی
لێت جیا وەبوو گەرچی چووە ئەورووپا پەلاسج
جەرمەن بەسەر ئەمدا چووە سەر جێو و حەناسی
ئسکیت دوایی لە دواتر بووگە لاتین
ئاری پا سەرەو ژێری بووە جێگە مەڵاسی
ئارین ئەمەریکایی لە ئەورووپا هەڵستان
ڕۆیین لە دەریاوە بۆ ئەوبەر وەکو ماسی
گوفتی خۆشی تاریخی (ئەسیری) لە بەرت بێ
ڕووزەردییێکی گەورەیە خزمان نەناسی

***

؟؟؟(*)

مەلیکی ڕەحمەتی فەیسەل ئەزانی
زەمان چەند عەسرە پیاوی وای نەهانی
چەنێ گەورە ئەلەم عەسرە پەیا بوون
لەسەر نەزم و ئیدارە و ئاوەدانی
وەلێ ئەم نەزم و تەرتیب و ئیدارە
بەکردە و عەقڵی ئەم بوو حوکمڕانی
شەو و ڕۆژ بۆ عێراق سەعی و پەلەی کرد
بەئیستیقلال و ئازادی گەیانی
عێراق ئیمڕۆ لە ڕیزی دەوڵەتانە
لە عوسبە پیاوی بەرزە قەدر و شانی
مەرامی بوو کە دی ساحیب جەلالە
لە بۆ جەننەت فڕی ڕۆحی ڕەوانی
دەما و دەم، ڕۆژ بەڕۆژ، پایە بەپایە
بەرەو ژوورە عێراق ناوونیشانی
ئەوا ئەمنییەت و ڕێگە و مەعاریف
دیارە، نایەوێ بۆ من بەیانی
ئەگەر چی ڕەحمەتی ڕۆیی لە دنیا
هەتاکو نەفخی سوورە ناوی، مانی
ئەوەی پێویستە ئیمڕۆکە لەیەزدان
یەکە ڕۆڵەی مەلیک غازی ژیانی

(*) (٢٨)ی جمادی الاولی،ساڵی ١٣٥٣، (٧)ی ئەیلوول سێپتێمبەری/ ١٩٣٤؛ لە مزگەوتی نائب لە کەرکووک ساڵی مەلیک فەیسەل درابووە ماتەمی، لەو تەئبینە پێم وترا، چەن پیاوێکی ویستیان هەڵبەستێ بخوێنم منیش ئەم هەڵبەستەم بانگەواز کرد، خوا بەزەیی پییا بێت.

سەردەمێکی ڕابوردوومان

سنە و سابڵاغ و کرمانشاه و کەرکووک و سلێمانی[*]
شنۆ[۱] و لاجان و سەردەشت و بناو و شاه سەیوانی
عەمادییە و دهۆک و عەقرە وو سنجار و هەم زاخۆ
ڕەواندوز و قەڵادزە و ڕانییە و زێبار و بارزانی
سەڵاحییە لەگەڵ ئەربیل و کۆیێ و شەقڵاوە و پردێ
شەهربازاڕ، ئەڵەبجە و چەمچەماڵ و ئەهلی بازیانی
جوانڕۆ و ساقز و بانە، ساراڵ و ئەبرئامانە
لەگەڵ بێجار و ئەفشارە لە ئێلاخ و مەریوانی
کرند و ئەسعەد ئاباد و بروجورد و نەهاوەندە
سەهەند و قەسری شیرینە، لوڕ و سەرپێل و گێلانی
ڕەعیەیەی ئەردەلانی لوڕ زوان و قەومی جەنگاوەر
ئەمانە یەکدیگیر بووبوون لەژێر بەیداخی بابانی
(ئەسیری) بۆ بلّندی و یەکدیگیری و شانی[۲] ئەم قەومە
فیداکە دەوڵەت و گیانت بەناوی ڕاهی ئینسانی[۳]

***

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/۲ - ل/٦۳

(۱) چاپی (م. ع): شنە و...

(۲) چاپی (م. ع): تەرەقی و ئیتتحادی شەئنی...

(۳) چاپی (م. ع): فیداکە سەروەت و ماڵت بەناوی حەققی ئینسانی.

بەدخوا خۆش نەبێ پێت

چبوو ڕۆییت ئەلەم چاخی جوانی
کە بۆتە داغی دڵ بۆ پیری فانی
بەتەنها هەر نەسووتاوە دڵی پیر
جگەر خوێنە هەزارانی عەیانی
لە دنیایی دەنی زۆر تەنگەدڵ بووی
لە بۆیە بۆ بەهەشتت کۆچ ڕانی
ئومێدم وایە بەدخوا خۆش نەبێ پێت
ئەمەیش ڕۆژێکە یا دوو لێرە مانی
نیزامی قودرەتی ئیجاب و سەلبە
هەموو چشتێ پەیابوون و نەمانی
هەموو مەحکومی ئیعدامی ئیلاهین
بەڵایێکە کەوا بوو زندەگانی
کە عەبدولقادری سەید ژنەوتی
لە هاتف ناوی دێ تەکبیری هانی
(ئەسیری) بۆی بلّێ غەفەرەهوڵڵا[*]
لە تەئریخی ئەمەندە ناو نیشانی

***

(*) دەبێ بەڕێنووسی کۆن واتە بە(غفره الله) بنووسرێتەوە بۆ ئەوەی مێژووەکە بەژمارەی ئەبجەد دەربکەین کە دەکاتە (۱۳۵۱) - ئەسیری بەخۆی لەسەر دەستەواژەکەی نووسیوە (۱۳۵۲) ئەمەش ڕێک نابێ مەگەر (الف)ی دوای پیتی (لام)ی گۆکراو و نەنووسراوی وشەی ناوی (الله)ی بۆ زیاد بکرێ (ت).

شێخ حەسیب

دوێ (فریشتە)ی شیعر وەحیی هانی
دەرحەقی شێخ حەسیبی تاڵەبانی
ئەمە بوو ڕۆحی گەورە لەو بچکۆلەیە
هێندە بڵندە هەتا حوکمڕانی
هەر وەکو ئەم بوو بسمارکەکەی ئەڵمان
بەم بڵێن ڕەوایە بسمارکی کوردانی
لەم وڵاتانە، لەم چاخە، لەم تەمەنە
هیچ نییە کەس ببێ بەهاوشانی
هێندە ڕزگارە، ڕزگارییە هیوای
هیچە لای بەندی دەستوور و گۆرانی
سەیری چارەی بکەی دەڵێی شێرە
تازە دەرکەوتووە لە جێی و لانی
سایەیی سێبەری کێوی لێوی چەم
گشت حەساوە لە سایەیی یارانی
فەڕی چاکی و سوودی بێ نرخە
هێندە بێ نرخە بۆتە تاڵانی
ڕۆژهەڵاتی نەبوایە، دیاری بوو
لە جیهان وەک ئەنشتاینی ئەڵمانی
فەیلەسووفانی ئاسیا گشت گوم
هەر چلۆنێ کە گوم بووە (کان)ی
هۆ (ئەسیری) ئەوەی لەوی ئەدوێی
زۆر بەرەو ژوورە پایە وو شانی

جلک و خواردەمەنی(*)

گەل کە پێویستی نەکا خۆی، کە نەپۆشێ وەتەنی
ئەو گەلە نرخی نییە حەققە نەڵێن پێی مەدەنی
چ ئومێدێکی سەعادەت هەیە بۆ ئەو قەومە
کە لە بێگانە بسێنێ جلک و خواردەمەنی
وەتەنی ئەو کەسەیە کاری خریدی خۆ و کرد
هەر کە مردیش بەوەسییەت وەتەنی بێ، کەفەنی
ئەم قصوورانە کەرەستەی کە لە خارج دێنن
لەمە زۆر چاترە ڕەشماڵی بەن و مووی ڕەوەنی
میللەت ئەوساکە مەقامی لە گەلان ژوور ئەکەوێ
لەو مەقامە کردەیی دەستی بێ فەرش و نەوەنی
هەرە ژوور ژوور ئەکەوێ قەومی عێراق گشت کە بکەن
شۆڕشی عیلم و ئەدەب، سنعەت و چینینی فەنی
کەنزە گشت خاکی عێراق، خواری پڕا و پڕ فەیزە
ژووریشی مەعدەنە، گشت گەوهەرە بەرد و دەوەنی
چونکە کوردم ئەمەوێ مەیلی حکومەت بۆ کورد
کە نەوازش نەکرێ، بەندە ئەکا چۆن و چەنی
بڵێ نەوجاهی مەلیک غازیی غازی دەبژی
چاک ئەبێ بۆ گەلی تۆ کاکی ئەسیری زەمەنی(**)

(*) ئەم شیعرە لە (٢١)ی مارت لە بەغدا لە ڕۆیاڵ سینما لە حەفلەی تەشجیعیی مەنتووجاتی وەتەنی خوێندمەوە و تەئسیری زۆری کرد... ڕۆژنامەکانی بەغدا گەلێ ستایشی ئێمەیان کرد.

(**) بەهەندێک جیاوازی بەدواداچوونەوە لە دیوانە چاپکراوەکەی (م. ع)یشدا ئەم شیعرە بڵاوکراوەتەوە. بڕوانە: ب-ل/٤٩-٥٠.

ساڵح زەکی بەگ

ئەتەوێ لاوی کورد ببینی
(داوەڵی) قۆنفۆچیۆسەکەی چینی
ناوی ساڵح زەکی بەگی وریا
شاری بابانە جێگەو و شوێنی
سەیری تەختی نیگار و کەللەیی کەی
تێدەگەی پایەیی[1] مێشک و چوینی
لە فەنن و ڕەهبەری پەرەقلیسە
کردەوەی وەک سەلاّح دیوینی
کردەییێکی نییە بڵێن پووچە
کارێ ناکا مەگەر بەتێبینی
سوودی دۆستایەتیی وەکو ئەکسیر
هاتە، بەختە، بەکەڵکە ناسینی
چاکەیی جۆرە پیاوانی وا بێژە
گەل (ئەسیری) بەمانەیە تینی

***

(١) لە دەستنووسدا پێشتر وەها نووسراوە و دواتر کراوەتە (کێشی).

پیر میکایل

١

کەسی (دیدەختە) بە ئاوات جێگەی ئەگۆڕێ لە زەوی
بەفەڕی جێگەیەتی باشی و هەڵکەوتی ئەوی
بێنە چەک (زەنجی) چییە تۆش کە سپی و شۆخی لەوی
بگەڕێ داکو هەوارگەی بەفەرت بۆ دەسدا
دابمەزرێ لەوێ دا هەڵبکەوێ پیاوی گەلت
گەر ئاواتت هەیە بۆ بەرز و بڵندبوونی گەلت
تێگەیشتوو بوو سلێمانییە ڕێی بار و ڕەوی

٢

فە لە ئاسمانەوە دێت وا دەڕژێتە گۆیژە
بەدیوی شارەزوورا دانەوێڵە و ئاوێژە
بەدیوی شارە بازاڕ باغی بڵندیو لێژە
بۆ سلێمانی فەنە و هۆشی سەرەو زانستی
شادی و دڵگەشی و خۆشی و میهمان نەوازی
شۆخی و مەردی و بێباکی و سەر ئەفرازی
وا لە داخی فەڕی گۆیژە کەژی ئەلبورز گێژە

٣

تێبگە پیاوگەلی چەند گەورە وو زانا وو ئەدیب
ئەلەوێ پێگەییوە حاکم و سەرکردەیی تیپ
شێخ و سەرداری تەریقەت، هەرە وەستایی عەجیب
دەبدەبەی (شاهی بەبە) و قودسییەتی (مەولانا)

عیلم و فەزڵی و، قووەیی شیعرییەیی شێخ مەعروف
هەردوو عیلمی لە کەمالا بووە شێخ (کاک ئەحمەد)
خاریقولعادەی ئەڵێن حەیرەت ئەدا کاری غەریب

٤

شاعیرانی بژمێرم هەموو نابن کۆتە
(نالی) هاوشانە لەگەڵ شاعیری (ئەڵمان جۆتە)
بەگڕن (کوردی) و (سالم) وەکو گیرپە بۆتە
شیعری (مەحوی) تەڕ و شیرین و بەسۆز و چاکە
بەهەزاران لە هەزار جێگە دیاری و پەیدا
شاعیرێ خەڵکی (سلێمانی)بووە و ئێستە هەیە
ئەمە (شیرازی)ی گەلی کوردە لەگەڵ ئەو جووتە

٥

لە هەموو جێگە پیاوێ سەری بەرزە و دیارە
لە هەموو کۆمەڵێدا (لاوێ) کڵاوی لارە
لە هەموو مەسئەلە (زانایێ) ئەوی هۆشیارە
لە هەموو دەوڵەتی شەرق پیاوی ئەوی بۆتە (وەزیر)
لە هەموو لەشکەرێ (سەرکردە و سالار) و (ئەمیر)
کردەیی کاری چەکی ماتنی وەستا (حوسکە)
دەری خست کردەی ئەوێ دەستە گوڵی (بازاڕە)

٦

ئامەدی دەشت و چیای دەوێ لە ئەندازە بەدەر
هەیە شارێکی تری وەک ئەمەبێ وا پڕ فەڕ
هەیە خۆشتر بێ وەلێ ئامەدی زۆر زۆر کەمتر
لە هەموو کاتێ ئەوێ هەر وەکو جەژنەی شاران

لە هەموو فەسڵێ لەوێ جونبوش و بەزم و سەیران
ئەسەڵ ئەم خەرجییە بەو جۆرە لەوێ هەر هاتە
دەس بڵاوی نەبێ نیشتەی دەبنە (ڕۆکەفلەر)

٧

بیست و نۆ ساڵێ، لەمەو پێش لەشەوێ کاتی سەحەر
تێپەڕم کرد لە سەیوان، هەدەفم بوو عیلم و هونەر
چوومە زیریوە لەلای (پیر میکایل) بۆ فەڕ
بەدڵ ئامادەیی فەیزی کە ئەلەو (پیرە) ببی
کە (فریشتە)ی (وەحیی) شیعرم بۆ هات
لەم دەمە چۆنم ئەزانی ئەلەوێ وام لێهات
بە(سلێمانی) (ئەسیری) لەوەوە منت بەر

***

عیلمە میللەت ژوور ئەخا

گەر شەوەی جەهل و تەکەبوور بتگوشێ سەرناکەوی[*]
خۆت بڕازێنی بەوریابوون و زانین، ناکەوی[١]
بۆ بڵندی کۆششی پێویستە ئارام و سەبات[٢]
ڕاحەتی گیانت[٣] بوێ، لاوی وەتەن، هەڵناکەوی
فێری فەن و کارگەری و، زانین و دینت ڕاگری[٤]
هێندە زۆر گەورە دەبی، دەستت بەدەست کەس ناکەوی[٥]
جێگە دیوانت[٦] دەبێتە قیبلەگاهی خاس و عام
هەر وەکو قوتبی جیهان[٧]، بۆ دیدەنی، بەرناکەوی
پەک خەری[٨] سەرکەوتنت هەر موشکیلێکت هاتە پێش[٩]
خۆتی تێخە هیچ[١٠] مەترسە، وا نەبێ دەرناکەوی

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/١ - ل/١٠٧ - ١٠٨
(١) چاپی (م. ع): گەر موجەههەز بی بەعیلم و مەعریفەت قەت ناکەوی
(٢) چاپی (م. ع): بۆ سەعادەت جیدد و جەهدی پێ دەوێ، سەبر و سەبات
(٣) چاپی (م. ع): ڕوحت.
(٤) چاپی (م. ع): فێری عیلم و فەنن و سەنعەت بی، تەکامووڵەکەی لە دین
(٥) چاپی (م. ع): هێندە زۆر گەورە دەبی گیانە بەدەس کەس ناکەوی
(٦) چاپی (م. ع): مەسکەن و جێگەت...
(٧) چاپی (م. ع): زەمان
(٨) چاپی (م. ع): مانیعی...
(٩) چاپی (م. ع): هاتە بەر
(١٠) چاپی (م. ع): قەت

عیلمە میللەت ژوور ئەخا[١١]، جەهلە وەتەن بەرباد ئەکا
تووشی ئەربابی جەهل بی، هەق وەیە لێی لاکەوی
گیانت[١٢] ئاڵوودەی عیلم بێ، جوانە هۆش و بیری تۆ[١٣]
ئەی[١٤] (ئەسیری) تووشی عیللەت بی، لەبەر غەم داکەوی

***

(١١) چاپی (م. ع): بەرز ئەکا
(١٢) چاپی (م. ع): ڕوحت
(١٣) چاپی (م. ع): عەقڵ و فیکری
(١٤) چاپی (م. ع): گەر

چیت کەمە ئەی لاوی کوردی

نەخشەجێییێکی[1] زەوی بێنە دە بنوارە لەوی[*]
تێ بگە گەل گەل چلۆن گردن لە چەن بستی زەوی
دانیمارقە و ئەسوەج و هۆلاندە وو ئسویچرە[2]
خاکی بەلچیکش لەگەڵدا بێ دوو چەندانەی ئەوی
کێلگەی هۆلاند و مارق و بەلچیکا وەک تۆ نییە
مەردمی زۆرن لە تەنگانەن لە جێییێکی نەوی[3]
ئەسوەج و نۆروەج وەکو تۆ بزن و مەڕ، جووتی نییە
خاکی[4] دارستانە وەک تۆ، کاری پێکدێنێ بەوی
شاخ و داخی ڕووت و سەردە جێگەیی ئسویچرە
کاری ساعەت کردنە (چێشتچی) گەڕۆکانی زەوی
چیت کەمە ئەی لاوی کوردی، بۆ چی داماوی بڵێ
هەرچی مەردم هەیبێ، سەد هێندەت هەیە چاتر لەوی
گەر نەجووڵێی ڕۆڵە، ڕووزەردی لە دیوانی خوا
بۆیە لێی شێوا (ئەسیری) کردەوەی ڕۆژ و شەوی

***

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/١ - ل/٥١

(١) چاپی (م. ع): نەخشەجاییێکی

(٢) دانیمارک و سوێد و هۆڵەندا و سویسرا.

(٣) لە دەستنووسدا (چەن بستێ زەوی)... کە دووبارەی ئەوەی نیوە دێڕی دووەمی دێڕە شیعری یەکەمی شیعرەکەیە... ئێمە لەبەر چاپی (م. ع)یەوە ڕاستمان کردەوە بەڵام لەبەر کێشی شیعر (جێیەکی)مان کردە جێییێکی.

(٤) چاپی (م. ع): موڵکی.

ناوی پێغەمبەر برایم

ناوی پێغەمبەر برایم گەر وەبەر هۆشی بدەی
کوردییە خۆش دیارە، کورد بووە لێی تێ ئەگەی
ناوی بابی ئاگرە، عارەب بەوی ئازەر دەڵێن
سارەیە خێزانی ناوی وێنەیی کوردی سبەی
ناوی ئامۆزاشی لووتە، پێغەمەر بوو وەک ئەوی
کەوتە خێڵی سامییان ناویان وەکو وان بوو نەوەی
چاخی تەنگانە پیاوی فورسی کۆن وایان دەگوت
خوایی ئیبراهیم ئەلەم تەنگاوە ڕزگارم بکەی
پێغەمەریان بوو، ئیمانیان پێی هەبوو، لەو قەومە بوو
پیاوی گەل بێ شەرع ئەڵێ پێغەمبەر و گەورە و سەرەی
باوەڕت بێ خێڵی عەدنانی، کە کوردن خزمی تۆن
حیکمەتی عامی پەیامبەربوونی ئەحمەد تێ ئەگەی
فورسی کۆنە عارەبی، ئیسماعیلی پشت و ڕەگی
بوو بە موستەعریب، کە تێکەڵ بوو لەگەڵ جورهوم جەلەی
چونکە تاریخی زلی فەندادی کوردانیان نەهێشت
بۆیە پیاوی گەل نەزانە دەوری کۆن و دەبدەبەی
ڕۆڵە وەستاتە (ئەسیری) دین و تەئریخت لەوی
فێرببی باوەڕبکە ڕێگا بەهیوای خۆت ئەگەی

***

هۆ ساقی

هۆ ساقیی شیرین ڕوخی کوردی دەوەرە دەی
زوو بمدەرێ سووتاوە جگەر، بادەیێ پڕ مەی
پایانی نییە دەردی گرانم وەکو دەریا
دەریاییێکە سامانی نییە و، هیچ نییەتی پەی
دەردی گەلە، دەردت نییە چارەی، وتی دوکتۆر
هێدی کا مەگەر مەستیی مەی و، زەمزەمەیی نەی
ڕووت باغی بەهارە گوڵ و گوڵزاری بەهەشتە
ئاوێتەیە لالە و گوڵ و نەسرین و سێب و بەی
هێزی ڕەگ و ڕیشەم پەک ئەخا تاوی گڕی ڕووت
زوبریت هەڵئەقرچێنێ دەم و دڵ، ئەمە تۆ چەی
هەر چەندە بڵندی، لەگەڵم ڕێک نییە پایەت
هەر بۆ بەزەیی ئاورێکم لێدە هەچی هەی
چەن جارە کە گوفتی بەنیگارت دڵم ئاوا
فەرمووت و نەبوو، چاوەدێری دڵبی هەتا کەی
یا مەی بدە زوو یا، بنوێنە ڕوخ و دیدار
دیدارت ئەکا هەردوو جیهان وا لە دڵم تەی
یامەی بدە، یاخەنجەرێکم لێدە لەسەر دڵ
دەرچێ بەدەمی خەنجەرەوە گیانم و ئۆخەی
هێندەم بدەرێ دا بپەشۆکێم و برژێنم
سەر مێزەرەکەم داپۆشی کورتی مەلا مەی
کوشتبێ لە دەورت گەڕێ بێچارە (ئەسیری)
بۆ دەردی ئەلەم کارە پتر هیچ نییە چارەی

***

حەل نەبوو بۆم موشکیلەی

دەرسی دیداری جەمالت حەل نەبوو بۆم موشکیلەی
باغی گوڵزاری ڕوخت بێدەنگ و ماتە بولبولی
سەد هەزاران فەیلەسووف، داماوی بیری جازیبەت
لەو شوعاعەی خۆری ڕووت هۆشی حەکیمان خولخولی
ئەم دڵی پڕ خوێنە وەک بۆتەی لە کوورە پڕ گڕە
ئەم فوارەی گەرمی چاوانە لە جەرگەم کولکولی
ئەم هەموو دەرد و پەرێشانی ئەلەم ڕۆژە ڕەشە
گشت لە دەوری نیگارت سەر شێوانە و واوەلی
تاکو کەی ئەم سەبرە، تا کەی داغی دڵ، تا کەی ئەوات
تاکو کەی گرپەی دەروون و سینە، تا کەی غولغولی
دیدەکەم هۆ گیانەکەم سوێنت بەدیدارت دەدەم
بەسیە جەوری بێ ڕەوا، بەس ڕەنجی بێ جێ و بێ دڵی
پورتەوی حوسنت لە ئەندازە نییە تەشبیهە کرێ
ڕاستی کوفرە ئەگەر جارێ بڵێم تۆ وەک گوڵی
کەس کە بێهۆشن لەبەر جیلوەت ئەسیری چۆن نەڵێ
دەرسی دیداری جەمالت حەل نەبوو بۆم موشکلەی

***

ڕۆڵە مەنۆشە جامی مەی

پێت دەڵێم ڕۆڵە مەنۆشە جامی مەی
بەو مەیە هێزی لەشت بەرباد ئەکەی
سست ئەبێ، هەرچەن ڕەگ و ڕیشەت هەیە
دەرد ئەچێنی، خۆت لە دەست و پێ ئەخەی
مەی خۆرێ تووشی وەرەم بێ، دوو لەسەد
نابێ ڕزگاری لەو دەردە زلەی
بێتو گەر مەیخۆر نەبێ خاوەن وەرەم
نامرێ ئەو دەردەدارە سەد دووەی
گوفتی دوکتۆری، بەڵێنی ئەوروپا
وایە گەر باوەڕ بەدکتۆریان ئەکەی
ناوی نەخۆشگەی سەناتریۆم ئەبەن
یاخوا بەو جێگەیە ڕێگا نەبەی
مەستی ڕۆژ و شەو، ژنی ئەڵمانیا
شێت بووە شەست کەس لە منداڵ و نەوەی
پەک خەری عەقڵە، کوشندەی دەوڵەتە
هیچ نییە ئەو شادییە و، کەیف و شنەی
ئامریکایی خرستیانن هەموو
تەرکیان کرد تێگەیین چۆنە لەکەی
ئەمڕۆ ئەوروپایی وا کۆمەڵ ئەکەن
بۆ ئەوەی ڕزگار بکەن گەلیان لە مەی
سێنزە عەسر و نیوە دینت مەنعی کرد
تۆ خەریکی تازە فێربوونی ئەمەی

ڕەهبەری کوردە (ئەسیری) وا دەڵێ
خولقی چاکەت بێ، بەهیوای خۆت ئەگەی

***

هەی وەی

وا بجووڵێ وابزانن کوردە هەی
دەرکەوە دوژمن لە ترسا بێژێ وەی
تاکو کەی ئەم سستییە و خەم ساردییە
بەسیەتی خەوتن بەگورجی هەڵسە دەی
وەک هەڵۆ دەفڕن بەگورجی ڕێ ئەکەن
خەڵکی خۆرئاوا (بەسەرتا چاوکە سەی)
ساڵەڕێ کاروان ئەکەی خۆتش بەپێ
دەردەدار و واوەیلی بەدحاڵی ڕەی
شەو لە تاوی کاری ڕۆژت بێخودی
میللەتانی دی لە عەیش و نۆشی مەی
بەزمگاه و موتریب و جێی سینەما
ڤنگەیی ساز و چریکەی دەنگی نەی
ماندوو و مردوو، کە بانگی شێوی دا
هەر چ جێیێ بی وەکو جل لێی ئەخەی
بەم پەرێشانی و ڕەزیلی و ئەزیەتە
لاوی من ڕێگا بە هیوا چۆن ئەبەی
خۆت وەهای، دڵگیرە نیشتمانی گەلت
خێڵ و دێهات و وڵات و شارەکەی
باغتی کردۆتە مانەندی بەهەشت
ڕەنگی سێو و بۆڵی مێو و بۆنی بەی
ڕەنگی گێلاس و هەڵووژە و زەردەلوو
دڵ کەشە، چاو ڕوون ئەکا گوڵنارەکەی

شیرنی هەنجیر و خۆشیی تووی تەڕی
شەوچەرە و بادام و گوێز و چوالەکەی
لەززەتی هەرمێی گولاوی و قۆخەکەی
گێوژ و عەنناب و شاتووە مۆرەکەی
ئاڵوباڵوو و هێشووە کشمیش و هەنار
چەورە قەزوان و، جوانە تابڵەی
خەربزە و هارووی و ترێزوو و گوندۆرە
کاڵەکی ڕۆخی چەمی، شوتیی زلەی
سۆسەن و ڕەیحان و سونبل، نەرگسی
بۆیی شەببۆی و، بریقەی لالەکەی
شەست پەڕو ڕەعناو و نەسرین و گوڵی
لالەعەبباس و بنەفشە و گاوەرەی
چەن جوان و شیرنە ڕەنگی شلێر
یاسەمەن دەرمانی دەردە بیخۆ دەی
بۆی ترنجۆکی ڕەزی، مسکیی چەمی
قوتەڕەیحانی وو نەعنا کێویلەی[1]
مێرگی دامێنی چیایی سەرسپی
جێی ئەهەنگە بۆ شوانان و گەلەی
حیلە حیلی ئەسپ و، پڕمەی ماینان
چاخی ئاو خواردن لە بەستانا ڕەوەی
ئاوی شیرینی خۆشە، مانەندی نۆش
چاکە بۆ ساغی گەڕاوانی مەلەی

(١) لە دەستنووسدا: قوتە ڕەیحانە و نەعنا کێویلەی.

وا لەسەر کانی، لە بن داری چنار
دڵ ئەبێ گەش بەو بلوورەی لێی ئەدەی
دەنگی قومری و، یاهووان و یا کەریم
جۆش ئەداتە گوێدەری حەق، هوو و حەی
قاسپە قاسپی کەو کناچەی پۆڕ و مۆڕ
حوزن ئەدا بولبول لەسەر گوڵ وەلوەلەی
ئەو سەرۆکەت بێتە دیوان هەیبەتی
هەر وەکو شەستتیرە قۆڕەی نەرگەلەی
چەتفەوو مشکی و شەدە و هەوریت لەسەر
لاوی من شۆخی، دەڵێی پاشای بەبەی
زۆر جوان و تەن دروست و زیرەکی
بێیە سەر کار و بەرەت نەختێ هەڵەی
ئەم خووەت هەر چیت بەسەر بێ هەر لەمە
دەس بەسەر بێکا ئەدەی هاوار ئەکەی
گەر هەرایێ بێ لە بەینی عەشرەتت
پڕ لە چەک حازر ئەبن تا چووکەلەی
دەرئەچن چین چین لە دێ وەک شێری نەڕ
ڕۆڵەیی ئاری نەوەی ئەخسارەکەی
ئەمبەر و ئەوبەر کە دەگرن، شەڕ ئەکەن
شەقەقەیی قۆنداغ خڕ و، گیزەی گوللەی
کەف کەفەی خوێنە بەسەر بەرد و پلا
کار ئەکا خەنجەر لە لەش، تامستەکەی
حەشرە ئەو ڕۆژە کە هەرچی تووشی دێی
قوڕ دەپێوێ بۆ کەسی کوژراوەکەی

کوردە بۆ توونووی بەخوێنی خزمی خۆت
تووشی بێگانەت ببی مل کەچ ئەکەی
هەر وەکوو ئەسفەندیاری بۆ کەست
بۆ کەسی دی نۆکەر و، مەیتەر لەلەی
لەم پەرێشانی فرازیت گەر دەوێ
هۆگری یەکبوونە، ڕاستیی چارەکەی
ڕۆڵەیی ساوەت بنێرە لای مەلا
پێی بناسێنە خوێ و جێگەو بەرەی
خۆڵی ژێر پێت کانی زێڕ و نەقرەیە
بەچکە لوڕ لاتی و دەرۆزەی بۆ ئەکەی
بۆ قوتابخانانی خۆرئاوا بچوو
بەڵکە ئەم کانانە بۆ خۆت دەرئەخەی
بێجگە گاوانی و شوانی و جووت و گا
دابنیشی لێرە ئینجا چی ئەکەی
سەرکەوە وا دوژمنت بێ سەرفرۆ
با لە دڵتا هیچ نەمێنێ غائیلەی
جەوری تورکان چۆن لە بیرت دەرئەچێ[٢]
هەتک و تالآن کردن و سێدارەکەی
ئەو شەهیدانەی دیاربەکر و شیمال[٣]
لاوی من تۆڵەی ئەوانە کەی ئەکەی

(٢) ئەو نیوە دێڕە پێشتر وا نووسراوە، دواتر گۆڕاوە و بەمجۆرە نووسراوە:
جەوری بەدبینان لە بیرت دەرنەچێ
(٣) پێشتر ئەو نیوە دێڕە بەمجۆرە نووسراوە، دواتر کراوەتە:
ئەو شەهیدانەی بەناحەق کوشتران

ماڵ و منداڵیان هەموو بوون دەربەدەر
سەر بڕا نەختێ کە کەڵکی بێ ئەوەی
کوردێ گەر مەرد بێ ئەمانەی هەر کە بیست
سووی ئەبێ، دەگری دڵی، دەدڕێ یەخەی
کوردە تۆ ڕەحمت نەبێ بۆ میللەتت
هەر کە مردی زەحمەتە ئیمان ئەبەی
لێدە بۆ میللەت قەڵەم گردە زوان
لەم پلە بەڵکو گەلت زوو سەر ئەخەی
گەر بدەی بۆ دین و گەل ماڵ و سەرت
لاوی من فیردەوس ئەسێنی مز ئەدەی
گوێ بدەن، یا گوێ نەدەن، هەر تۆ بڵێ
فائیدەی ئەمڕۆ نەبێ، ئەیبێ سبەی
وەعز و ئیرشادە (ئەسیری) پێت دەڵێ
وابجووڵە، دا بزانن کوردە هەی

***

وەرە مردن

وەرە مردن، وەرە عزرائیل ئەمێستا کە لە کۆی
ئەمەتا وەرگرە ڕۆحم، ئەیەوێ دەرچێ بەخۆی
پیاوی وەک غەوسی دووەم، سەید عەبدولقادر
شێخ سەعید و چەن سەدی دی گەورە ئەلەم ڕێگەیە ڕۆی
بەئومێدی سەر و ماڵ و ڕەحەتی و ژینم نیم
دەبێ لەم مەسلەکەما دەس لە سەر و ماڵ بشۆی
مردنم چۆن نەوێ من کاری گەلم ڕاهی نییە
گەلی دی هەرچی هەیە گەییوەتە هیوا بۆ خۆی
ڕۆڵە بۆ خۆم نییە دەستم لە هەموو کارێ بڕا
لە هەموو کاروبەرەم تێبگە هیوام هەر تۆی
ئارەزووی دیتنی یارانم هەیە ئێستا لە کۆن
بێنە ئەی بایی شەماڵ تۆ بی خوا نەختێ بۆی
لەرە با تێکەڵە (کەی کوردم) و ڕەنجیدە ئەبم
بەپەرێشانیی سمکۆ، کە لە سەلماس وو خۆی
لاوی من، پیاوی جیهان ئەمڕۆ لە عەیش و نۆشە
ئەوە خۆراکی ئەتۆش نانی جەوە و کاسەیێ دۆی
زۆری پێ ناچێ (ئەسیری) دەمری بەم غەمەوە
دەمێ دێ کۆمەڵی گەل ماتەم ئەکەن ئینجا بۆی

***

لێی تێبگە ئەو جاکە حەلوابێ

دەڵێ بەدبینە میللییەت لە دین جایز نییە و نابێ
لە پارێزی بەن، لێی تێ بگەن ئەوجا کە حەلوابێ
وتی من مەردی جەنگم هەر کەسێ باوەڕ بەوی دەکرێ
پیاوی مەرد ئەبێ دیاری ئەلەو ڕۆژە کە دەعوابێ
لەدینە وایە هەر کەس دینی زیاتر بێ ئەوە گەورە
لە ئیسلاما لە کوردی من هەیە دیندارتری با بێ!
بەدین بێ هۆگری، عالەم دەبێ هۆگر بەکوردی بێ
هەموو پیاو و ژنی گەل گەل، ئەگەر نۆکەر ئەگەر شابێ
دروستە سەرفرۆی بێ دینی بم، هۆگر بەناوی دین
بەخۆی هاوار ئەکا دینم نییە، دوژمنمە ساوابێ
فریبی ئەم درۆ و دام و، تەڵەی تۆرانییان نابێ
مەگەر مێشک گرانێ بێ، لە هۆشا وەک کەر و گا بێ
ئەوانەی وا ئەوانیان پێ دەوێ، بۆ دین نییە هەرگیز
هیوایان کیسە پڕ بێ، دەس لە ڕۆنا، لوقمە گەورا بێ
لە نیشتمانت (ئەسیری) تیا هەبێ ئەم جۆرە پیاوانە
وڵاتت دۆزەخە خۆشی، ئەگەر وەک شام و سەنعا بێ

***

نەورۆز(*)

ئەی گەلی کورد چەژنی ئەم نەورۆزەیە و پیرۆز بێ[(١)]
دوژمنی ئێوە: کەنەفت و کەوتوو و بێ ڕۆژ بێ
وا ستارەی بەختی کورد ڕووی کردە بورجی سەعدەوە
هاتەوە فەسڵی بەهاری ئەو بەئیفای وەعدەوە
مژدەیی نەورۆزی هێناوە بەگرمەی ڕەعدەوە
وا هەموو سەوزایی سەر دەردەخەن، لە باوەشی مەهدەوە
هاتنی ئەم ڕۆژە هەنگی خستە کار و جەهدەوە
ڕۆحی گوڵ دەگرێ و دەچێ دەیکاتە شانەی شەهدەوە
ئەی گەلی کورد چەژنی ئەم نەورۆزەیەو پیرۆز بێ
دوژمنی ئێوە: کەنەفت و کەوتوو و بێ ڕۆژ بێ

***

چەژنی نەورۆزە، گەلی کورد کەیف و سەیرانان ئەکەن
بۆ سیاحەت ڕوو لەکێو و شیو و سەحرایان ئەکەن
دەسکی مێلاق و گەزیزە و نێرگز و لالا ئەکەن
داوەتی سێ گرمەکێ تەشخیسی پێش دادیان ئەکەن

(*) لە لاپەڕە (١١)ی ژمارە (٣)ی زاری کرمانجییەوە وەرگیراوە،ساڵی دووەم.
- لە چاپی (م.ع)یەوە وەرگیراوە ب/٢- ل/ ٢٧- ٢٩.

(١) کاک غەفووری میرزا کەریم لە لاپەڕەی (٩٥)ی (کۆمەڵی زانستی لە سلێمانی) چاپی (دار الجاحظ) ساڵی ١٩٨٥دا نووسیویە (جەژنی ئەم نەورۆزەت پیرۆز بێ). هەروەها چەند دێڕێک لەم شیعرانەی پەڕاندووە و جیاوازی هەیە لە نێو دەقەکەی ئەو چاپی کردووە و ئەم دەقەی لێرەدا لە بەردەستدایە. ئێمە دەقەکەی زاری کرمانجیمان بەپەسەند زانی.

سەد شوکر هەر ساڵێ کورد تەجدیدی ئاساریان ئەکەن
چەژنە پیرۆزەی یەک و هەم یادی گوڵشەنیان ئەکەن
ئەی گەلی کورد چەژنی ئەم نەورۆزەیە و پیرۆز بێ
دوژمنی ئێوە: کەنەفت و کەوتوو و بێ ڕۆژ بێ

***

یەک هەزار و هەشت سەد و پەنجاو هەم یەک ساڵ ئەکا
میللەتی کورد چەژنی نەورۆزیش وەکو چەژنان ئەکا
لەوەدەمی چونکی هامورابی خودا غالیبی ئەکا
موددەتی پەنجاوپێنج ساڵ حوکمڕانی دەکا
کوردەکان ئاوارە و بێ تەخت و تاراج دەکا
خاکی کوردستان بەزوڵم و جۆرەوە وێران ئەکا
ئەی گەلی کورد چەژنی ئەم نەورۆزەیە و پیرۆز بێ
دوژمنی ئێوە: کەنەفت و کەوتوو و بێ ڕۆژ بێ

***

کاوە وەک ویستی وڵاتی خۆی لە دوژمن کا تەهی[2]
دەست بەجێ لای برد هامورابی لەسەر تەختی شەهی[3]
ئەو ڕۆژیش فرەیدوون هاتە سەرتەختی مەهی[4]
نەشری کرد جاڕی حوکمڕانی و ئەسالیبی شەهی
چون لە دەست دوژمنا لەم ڕۆژەدا کورد بوو ڕەهی
لێدرا لەم ڕۆژەدا مۆزیقەیی شاهەنشەهی

(٢) وڵات کا تەهی: وڵات چۆڵ بکا.
(٣) تەختی شەهی: تەختی پاشایەتی.
(٤) فرەیدوون: یەکێک بووە لە پادشایانی کورد.

ئەی گەلی کورد چەژنی ئەم نەورۆزەیە و پیرۆز بێ
دوژمنی ئێوە: کەنەفت و کەوتوو و بێ ڕۆژ بێ

***

ڕۆژی نەورۆزی عەجەب، چەژنێکی شەوکەتە
چەند موهیم و گەورە و پیرۆز و خاوەن هەیبەتە
ڕۆژی وا پڕ مینەت، شایانی قەدر و عیززەتە
چونکی کورد، لەم ڕۆژەدا نائیل بووە بەم فرسەتە
واجبە تا ڕۆژی حەشر بزری نەکەین ئەم غیرەتە
بەڵکو دیسان دەربچین، ڕۆژێکی تر لەم زیللەتە
ئەی گەلی کورد چەژنی ئەم نەورۆزەیە و پیرۆز بێ
دوژمنی ئێوە: کەنەفت و کەوتوو و بێ ڕۆژ بێ

***

قەومی ئاری شوکردوو چەژنی تایبەتیان هەیە
چەژنی نەورۆزێ کە چوو، چەژنی میهرەجانیان هەیە
چەژنی نەورۆزیان لە بۆ تیزکاری گوڵشەنیان هەیە
میهرەجانیشیان لە شوێن ئاساری پێشدادیان هەیە
میللەتی "گیو" هەرچەنێ دیسانەکەش بەختیان هەیە[5]
چون لە ئاساری قەدیمی چەژنی نەورۆزیان هەیە
ئەی گەلی کورد چەژنی ئەم نەورۆزەیە و پیرۆز بێ
دوژمنی ئێوە: کەنەفت و کەوتوو و بێ ڕۆژ بێ

(٥) گیو: پاڵەوانێکی کورد بووە لە سەردەمی ڕۆستەمدا.

ئا... ئا دەبێ

یاران دەڵێن هیوا دەبێ، پێیان دەڵێم؛ ئا ئا دەبێ
جەژنێکی گەورە وا لە دوو، ڕوومان گەش و دڵ شاد ئەبێ
هێز و چەک و پوولت نییە، سەرباز و سەرکردەت نییە
پشت و پەناهێکت نییە، کێیە بەتۆ دڵداد ئەبێ
هەر با چەک و پوولم نەبێ، میللەت لە خەو هەڵسێ بەسە
پشت و پەناه و دەسگرم، پارێزگارم خوا ئەبێ
خوونی گەلت وا بۆتە سێل، گەورانێ ماون بوونە وێڵ
گەروا بڵێن پێیان دەڵێم بۆ گەیینەهیوا وا ئەبێ
ئەم بیرە هەرکە کەوتە سەر، نامێنێ ترسی ماڵ و سەر
پیاوی کز و بێ دەسەڵات، لەو چاخە وەک فەرهاد ئەبێ
ڕۆژێک ئەبێ تەم لا ئەچێ، خۆریش لە کوردان دەرئەچێ
ئەو ڕۆژە هەر وەک مەحشەرە، چاک و خراپ لێک جیا ئەبێ
پێکهێنەری فەرمانی گەل، سەربەرز و پایەی ژوور ئەبێ
بەدبینی بێگانە پەرست، دوورەدەر و بەرباد ئەبێ
بەدبینە قەیرە و پیری گەل ئەوجا پەشیمانی ئەبەن
ئەو چاخی جەژنە گەورەیە، ڕۆژی گەش و نەوزاد ئەبێ
کاکی (ئەسیری) چی بەتۆ، ئەوجا لەژێر خاکی ئەتۆ
ڕاستی ئەوەندەت بۆ هەیە، ناوت بەچاکە یاد ئەبێ

***

گەر بجووڵێی ویستنت حاسڵ دەبێ

جەوهەرێکی گەر تیابێ کەللە چۆن ساکین دەبێ[*]
مەرد ئەگەر موشتاقی چشتێ بێ چلۆن ساکین[١] دەبێ
ڕۆڵە گەر بیری[٢] پیاوبوونت هەیە زوو هەستە پێ
کار ئەگەر پاشی بخەی[٣] بێ شوبهەیە باتیڵ دەبێ
چەن هەزار ساڵە پەرێشان و ڕەزیلە میللەتت
لەم زەمانە گەر بجووڵێی ویستنت[٤] حاسڵ دەبێ
چاخێکی وایە ئەگەر کۆشش نەکەی زوو مەحو ئەبی
مەڕ لە مێگەڵ جێ بمێنێ، هەڵبەتە زایەع دەبێ
گۆی زەوی چەوت، ئاسمانیش چەوتە هەندێ وا دەڵێن
ئەو کەسەی پشتی نەویکا، ئارەزووی زاهیر دەبێ
پەت بەمل هەڵواسرێ زۆر چاترە ئەو ڕاستییە
لەو کەسەی خەم بێ بەنامەردی لە ئیش فایق دەبێ[٥]
گەر لە ڕێگەی هاوزوانت[٦] لەت لەتت کەن بتکوژن
ئەی (ئەسیری) ناوی چاکەت تا ئەبەد زاهیر دەبێ

***

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/١ - ل/٧٨
(١) چاپی (م. ع): غافڵ
(٢) چاپی (م. ع): فیکری
(٣) چاپی (م. ع): ئیش ئەگەر تەئخیری کەی...
(٤) چاپی (م. ع): مەقسەدت...
(٥) ئەو سێ دێڕە شیعرەی سەرەوە لە چاپی (م. ع)دا نییە.
(٦) چاپی (م. ع): دین و قەومت...

گەزۆ هاوین ئەبارێ

ئەلەم ژوورە (گەزۆ) هاوین ئەبارێ[*][1]
ئەلەم خوارە بەشەو (قەتران) ئەبارێ
لە بەرزایی و چیایی خاکی کوردان
سەراسەر کانییە و ئاوە بەجارێ
لە نزمایی و نشێوی خاکی تاتان
دەسووتێی و دەخنکێی بچییە لاڕێ
لە هەردە و دەشت و شاخ و شیوی ئێمە
هەموو فەسڵێ دەبینی نەوبەهارێ
لە دەشتی وشک و گەرمی بێ درەختیان
نییە باغێ، نەبێستانێ، نەدارێ
سەراسەر موڵکی کوردستانە ئاوا
لە بەینی چەند دێیێکی[2] کۆنە شارێ
هەبێ لەو خوارە شار و باغ و بێستان
بەبەرماوە و دەساوی کورد ئەپاڕێ
نییە بستێ زەوی لەو ژوورە بێ کەڵک
زەوی لەم خوارە زیخە و، خۆڵ ئەبارێ
شنەی بایی بەیانی سەرکەلی ژوور
کزەی مردوو ئەکا زیندوو بەجارێ

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە - ب/١ - ل/ ٦٠ - ٦١ بەناوونیشانی (تێ نواڕی).

(١) چاپی (م. ع): ئا لەم ژوورە گەزۆی ئاسمان ئەبارێ.

(٢) چاپی (م. ع): دێ یێ

گڕەی سامی کوشندەی گەرمی لای خوار
لە جێدا دەس بەجێ گیانی ئەتارێ[3]
کەچی لات و هەژارن، خەڵکی لای ژوور
هەموویان دەوڵەمەندن خەڵکی خوارێ
هەموو کۆمەڵ ئەکەن، هۆگر ئەبن (تات)
هەچی کوردە لەیەک لالووت و لاڕێ[4]
ئەوان خۆیان دیاری کرد لە عالەم
گەلی کوردیش لە دووی عالەم ئەکاڕێ
سەرم ماسیوە لەم کارە برا گەل
ئەدیبێکم دەوێ، هۆشەنگێ، یارێ
جوابێکم بدا چیبێ ئەسەل وا
ئەمان وان و، ئەوان وا تێنواڕێ
(ئەسیری) تێک چووە لەم کارە هۆشی
نەما بیری بدا داکو قەرارێ

***

(٣) چاپی (م. ع): لە چی دا، دەس بەجێ، ڕوحی ئەتارێ.

(٤) چاپی (م. ع): هەرچی.

خشۆک

چەن هەزارێکی ئەتۆ، ساڵی لە سەرما دەمرێ
سەد ئەوەندەش جگەری، ڕێڕەوی گەرما دەبڕێ
باسی خنکانی کەسانت لە ڕووبار و دەریا
لە هەموو کۆمەڵ و جێگا، لە گۆوارا دەلەرێ
خۆ ژمارەی نییە منداڵ و ژنی پیاوی گەلت
بێ ئەجەل وا لە هەموو لایێ بەگۆڕا دەنرێ
کە نەهاتێکی کلو و تەرزە وو سن دێتە سەرت
هەر وەکو پەلکی گەڵا زیندەوەرت هەڵدەوەرێ
ڕێگە وو پرد و گەڕۆک و، بەهەموو لایێ خشۆک
بکرێ چارەیی ئەم زیللەتە، ئەوسا دەکرێ
لە وڵاتت چ کرا، نۆکەری تورکان بووی ئەتۆ
لە هەموو ڕێگەیی خۆیان، خشۆکیان دەفڕێ
مردەیی زیندەیە گەل، لێک تەوەجەجوە هەڵسێ
گەر نەجووڵێتەوە گەل بۆ خۆی، (ئەسیری) دەمرێ

***

پاشای بابانی بڵێ

چاوەکەم بۆ لاوی گەل[1] تەئریخی بابانی بڵێ[*]
ساز و بەربوت لێ مەدە، ئای ئای و گۆرانی بڵێ
باسی چیرۆکی[2] وڵاتی ئامریکا بۆ ئەکەی
باسی پێشوونان و گەورەی کوردی سۆرانی بڵێ[3]
باسی زۆر و دەبدەبە و شاهانی کلدانی مەکە
دەبدەبە و زۆریی بڵندی شاهی ئێرانی بڵێ
چەند حوکمدارت لە بەتلیس و لە بۆتانا بووە
گەر بەوە عیلمت نییە پاشایی بابانی بڵێ
باسی گۆلی جەنەوە و باغاتی لوبنانیش نەکەی[4]
ئاوی[5] کوردستان و باغ و قەسری بۆکانی بڵێ
هات و بەدبینێ وتی تەئریخی پێشووی تۆ نییە[6]
جاهیلی، عیلمت نییە[7]، سا حەچە حەیوانی بڵێ
مەکرە سندووقێ بڕێسێ میسری و تورکی و حیجاز
لێدە سندووقێ بەیات و لاوک و حەیرانی بڵێ

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە. ب/١ - ل/٥٠
(١) چاپی (م. ع): میللەتت
(٢) چاپی (م. ع): ئەحواڵی
(٣) چاپی (م. ع): باسی مازی و حاڵ و ئیستیقبالی سۆرانی بڵێ
(٤) چاپی (م. ع): مەکە
(٥) چاپی (م. ع): ناوی
(٦) چاپی (م. ع): هاتوو جل خوازێ وتی تەئریخی مازی تۆ نییە
(٧) چاپی (م. ع): جاهیلە، عیلمی نییە،...

باسی قەند و شەککەری بەلچیک و پاریس بۆ ئەکەی
باسی دۆشاوی سپی و هەنجیری شێخانی بلێ[٨]
کاری جەرمەن هەرچەنێ چابێ بەتۆ چی چاوەکەم
شالّی زاخۆ و پەستەکی بانە و مەریوانی بلێ
باسی عەزمی لەشکری ژاپۆن و تورکی بۆچ ئەکەی
باسی دێوانە و خەلیفەی شێخی بارزانی بلێ[٩]
پێت دەڵێن شێخی ئەسیری دەم لە میللییەت مەدە
پیاوێ خزمی خۆی نەوێ، بێ کەڵکە[١٠] ئیمانی بلێ

**

(٨) ئەم دێڕە شیعرە لە چاپی (م. ع)دا نییە.
(٩) ئەم دێڕە شیعرە لە چاپی (م. ع)دا نییە.
(١٠) چاپی (م. ع): مەفقوودە.

ئاوی حەیوان

بێرە کوردستان عەزیزم، گەر تۆ سەیرانت دەوێ[*]
بتبەمە قەندیل، ئەگەر گوڵزاری کوێستانت دەوێ
سەیری ئەو خێڵاتەکە، نشتووتە دامێنی چیا[١]
بابچینە ماڵە گەورە، قەوم و خزمانت دەوێ[٢]
دەتبەمە سەر پیرەمەگروون و کاژاو و شەرا
بێ ڕەسەد سەیری مەهو بورجیس و کەیوانت دەوێ[٣]
بتبەمە پای تاقی لای سەر پێل و سەرمێل و کرند
پێت نیشاندەم چەن[٤] هەزار ئاساری ساسانت دەوێ
ئاوی ڕوونی ڕەوشەنی چەشمانی دامێنی چیا[٥]
لێی بنۆشە دەم بەدەم گەر ئاوی حەیوانت دەوێ
هەڵسە گەشتی لالە وو گوڵزاری کوردستان بکە
گەر لە بۆ دەردی کوشندەت داو و دەرمانت دەوێ[٦]
لاوی کوردی من لە بەرکە، شاڵی زاخۆ و ئامەدی[٧]
گەر ئەتۆ چاتر لە کاری شاڵی کرمانت دەوێ[٨]

(*) ئەم شیعرە لە چاپی (م. ع)یشدا هەیە – ب/١ – ل/٢٩ – ٣٠
(١) چاپی (م. ع): سەیری ئەو خێڵانە کە نیشتوونە داوێنی چیا.
(٢) چاپی (م. ع): با بچین بۆ ماڵی کوردێ گەر تۆ خوێشانت دەوێ.
(٣) چاپی (م. ع): لەجیاتی (بورجیس) نووسراوە (پەروین).
(٤) چاپی (م. ع): سەد.
(٥) چاپی (م. ع): ئاوی ساف و ڕۆشنی داوێنی چەشمانی چیا.
(٦) لە چاپی (م. ع)دا، ئەم دێڕە شیعرە و دێڕە شیعری دوای ئەمە پاش و پێش کراوە
(٧) چاپی (م. ع): ئامێدی.
(٨) چاپی (م. ع): گەر تۆ سەد چاتر لە ڕەنگی شاڵی کرمانت دەوێ.

گیان و ماڵت بەخشی ڕێگەی میللەتت کە چاوەکەم[٩]
گەر لە خوا ئازادی وو بەخشین و ئیحسانت دەوێ[١٠]
ئەی ئەسیری هێندە عەشقی میللەتی کوردت هەیە
بمریشی لام وایە گۆڕی[١١] گردی سەیوانت دەوێ

***

(٩) چاپی (م. ع): ڕوح و ماڵت سەرفی ڕێگەی میللەتت کە ڕوحەکەم
(١٠) چاپی (م. ع): گەر لە خوا لوتفی عەمیم و جود و ئیحسانت دەوێ
(١١) چاپی (م. ع): بشمری لام وایە قەبری...

کۆیی

ئەمە چشتێکە دیارە کە لە ئاسمان (کۆیێ)[*]
هەیە (کەس) گوم بێ بەو ڕێگە دەباتە مەنزڵ
لە زەوی و مەملەکەتی کوردی عێراقیش (کۆیێ)
ئەم ئەبەخشێ بەگومێ ڕێگەیی دین باوەڕی دڵ
گوفتی زانایی بەدەستووری حەقی یەزدانی
تێ ڕوانینی بەوردیی[١] لە ڕێی سوبحانی

هەر چەنێ لاوی هەیە گشتی لەگەڵ یەکدی تەبا
لە فەن ئوستاد و لە کردە و هونەریش هەم کارا
دەس بەچیکا کەسی گەورانی بەئەنجامی ئەبا
کردەیی گشتی لەسەر پرس و بەڵێن و ئاڕا
لەمەوە گشتی لە دڵ خۆشی و[٢] چاورۆشن و شاد
نییە لەو جێگەیە دڵتەنگی لە خۆراک و زاد

کردە و کاری (مەژگ ڕوونی) ئەوەندەی پێویست
نەپترتر لە مەبەست و، نەکو کەمتر لە بەجێ
هەڵە نابێ لە کەسێ چێرەیی بەدخواهیی بیست
لە هەموو سەختی و[٣] تەنگاوە ئەکا ڕێگە بەدی

(*) لە چاپی (م. ع)یشدا ئەم شیعرە هەیە - ب/٢ - ل/٦١ - ٦٢
(١) لە دەستنووسدا (بیویردوی)...
لە چاپی (م. ع): بەوردی...
(٢) چاپی (م. ع): لە دڵی خۆش و...
(٣) چاپی (م. ع): تەنگانەوە...

ئەمــە ئیکســیــری زەڕی ژینی گــەلی کــوردانە
ئەســەلی ڕێکو دروســتکردنی ئەم نیــشــتــمــانە

ئـاوەدانـیـی دوا ڕۆژ و زیـلـەیـی ئـەم شـــــــارە
ئەتەنێ و گــەورە ئەبێ تا وەکــو ســەر زێ وو چۆم
بەخـــریـد و چەندن و کـــرد و کـــۆڵـینی پارە
زێی دەبێـتـە (تایمس) و شـارەکـەشی (لۆندریۆم)
چونکە جێگەی ناوێکی مەملەکەتی کوردی عێراق
چبـوو نەیکردووە لە جـێـیـێکی وەها کـیـسـرا تاق

خۆشەویسـتیت چییە بەم جۆرە (ئەسیری) کۆیێ
ئەســەلی چیــبێ گــرفــتــارە دڵت بەو جـێــیـە
بەڵـێ ئەو جـێگـەیە لانەی فـەنن و عـیلمـە بۆیێ
بەندییـە دڵ چونکو (زانسـتـیی) کـۆنی لێـیـە
خـانەدانانی بەفـەڕی (فـەنن) و (زانسـتی) بووە
چەند هەزار عـالیم و مـاهیـر ئەلەوێ پێگەییـوە

***

الوعود(*)

مضى السنون فما وفوا بوعود أوصوني بها
والوعـد لاقـيــمــة له عند أولي النهى[١]
عهد الحكومة القوية حبر على القرطاس لا
غيره والعـهـد لمن عنده أسـبـاب القوى[٢]
كـثـرت ندامـة امـريء حـسن ظنه بالورى
من ســاء ظنا بهم في حظه بلغ المنى[٣]
ظننت امرا ءا صادقا من دان لى صافحني
غلوت في الصدق الى أن صارت آمالي سدى[٤]
لا تأمني يا نفسى عن خيانة من صاحبته
ولئن تعالى شهرة، وصيته بلغ السهى[٥]

(*) ئەم شیعرە لە ڕۆژی ١٩٣٥/٢/٢دا هۆنراوەتەوە واتەشی بە کوردی:
(-) لە چاپی (م.ع)یەوە وەرگیراوە ب/١- ل/١٣٥- ١٣٦
(١) ساڵەهای ساڵ تێپەڕی، ئەو بەڵێنانەیان نەبردە سەر کە گفتیان دابوو، بەڵێنیش لای خاوەن دەسەڵات نرخی نییە.
(٢) بەڵێنی حکوومەتی بەهێز تەنها مەرەکەبە لەسەر کاغەز بەڵێنیش هەر بەدەست خاوەن دەسەڵاتەوەیە.
(٣) پەشیمانە ئەو کەسەی باوەڕ بە بەڵێنیان ئەکا.
ئەو کەسەی باوەڕیان پێ نەکا ئەگاتە ئامانج.
(٤) وام ئەزانی ئەو کەسەی دەستم بۆ درێژ ئەکا بەڕاستییەتی، خۆش باوەڕ بووم هەتا هەموو ئامانجەکانم بەفیڕۆ ڕۆیشتن.
(٥) دڵە لە خیانەتی هەواڵانت دڵنیا مەبە ئەگەرچی ناوبانگیان بگاتە ئاسمان.

لن تجدي في المدن الراقيـة زميـلا صـادقـا
ولئـن تريدي وصله سـر في البـوادي والقـرى(٦)
فحرموك من فيض العراق يا (أثيري) اذكرني
مضى السنون فما وفوا بوعود أصوني بها(٧)

---

(٦) له گەورە شاراندا برادەرێکی ڕاستت دەست ناکەوێ ئەگەر ئەتەوێ پێی بگەیت ڕووبکەرە لادێ و چۆڵەوانی.

(٧) ئەی «ئەسیری» لە پیت و بەرەکەتی عێراق بێبەشیان کردووی ساڵەهای ساڵ تێپەڕی، ئەو بەڵێنانەیان نەبردە سەر کە گفتیان دابوو.

شیعری تورکی(*)

يوقـدر جـهـانده سـينهمـه عـالمده اشنا
سـر جـست و جـوى حـقـه بويوک درمـبـتـلا(١)
طوپلرله بومـبـالرله يكيلمـز كـلام حق
گـورمـز قلوب عـاليـه كـذب و ريا روا(٢)

(*) لە لاپەڕە (٨٨) و (٨٩)ی کـتـێـبـەکـەی مـامـۆسـتـایان شـارەزا و جـەباریدا بڵاوکراوەتەوە و مانای بۆ لێک دراوەتەوە لەبەرئەوەی بەدەسنووس لای ئێمە نییە ئەوا لێرەدا دەقی شیعرەکە و ماناو تێبینییەکانی مامۆستا جەباری بڵاو دەکەینەوە.

(*) هەروەکو لەمەوپێش ڕوونمان کردەوە کە (ئەسیری) زۆربەی شیعرەکانی بەکوردی داناوە و، لەم کـۆمـەڵـە شـیـعـرانەی کـە بەدەسـتـمـان کـەوتـووە تەنـیـا ئەم شـیـعـرە تورکییەمان بەرچاو کەوتووە، هەرچەندە لە ڕووی هونەری و دەستووری ڕێزمانەوە کـەمێ ناتـەواوە و، یەک دوو دێڕە شـیـعـری ناخـوێندرێـتـەوە و مـانایەکی ڕوون و ئاشکرا نادەن بەڵام لەبەرئەوەی کە شیعرەکە بەتێکڕایی لە ناوەڕۆکدا گەلێ بەرزە و مـەبەست و نیـازێکی کـوردپەروەرانەی لێ بەدی دەکرێت و لە زرووفـێکی تایبـەتی ناسکدا لەوانەیە لە ساڵانی پێش جەنگی یەکەمی جیهاندا هۆنرابێتەوە، کە بەسەر میللەتەکەماندا تێپەڕیوە. وامان بەباش زانی کە مانای شیعرەکە بەپێی دێڕەکانی بنووسین و مەبەست و ڕازی نیشتمانپەروەرێتیی شاعیر بخەینە ڕوو.
(ج. جەباری)

(-) ئەم شیعرە لە چاپی (م.ع)یەوە وەرگیراوە ب/١- ل/ ١٣٧- ١٤٠.

(١) کەس نییە لەم جیهانەدا کە بزانێ لە سینەمادا چی هەیە؟!... لە پێناوی حەق و مافدا تووشی دەرد و بەڵایەکی زۆر گەورە بووم.
(مـامـۆسـتـا جەباری وای لێکداوەتەوە... ئێـمـە دەڵێین واتاکـەی بەمـجـۆرەیە: لە جیهاندا کەسێک نییە ئاشنای ناو- سینە- سنگم- بێت و لە ڕازم تێبگا- ت).

(٢) گفت و وشەی حەق نە بەتۆپ و نە بەبۆمبا لەناو ناچن، خاوەن هیممەت درۆ و ڕیا بەشتێکی ڕەوا نابینێت.

هر ملت الده ایتمه‌ده کندی حقوقنی
یوقمی شو اسکی ملته بر حق اعتلا[٣]
بی غایه بی أمل سکا ایتمز فدای جان
گورمه زواللی ملته قهر و جفا روا[٤]
گوردک مقدراتی(-) سیاست گه‌هی دول
بعد مجردنده دها کوچوک سها[٥]
ملکی، حیاتی، ثروتی بر ظلم بی امان
ده‌ست تغلبنده دها بولمادی دها[٦]
بر عصر اصطفا دینه‌جک عصر حاضره
عالملری ازوب سیله‌جک عصر اصطفا[٧]

---

(٣) هه‌موو میلله‌تێک مافه‌کانی خۆی دێنێته ده‌س. ئایا ئه‌م میلله‌ته کۆنه‌ی کورد مافی سه‌رکه‌وتن و پێشکه‌وتنی نییه.
(٤) له پێناوی تۆدا بێ هیوا و بێ مه‌به‌ست گیان نابه‌خشێ! ئه‌ی بۆچی به‌م میلله‌ته بێ نه‌وایه قار و جه‌فا ڕه‌وا ده‌بینن؟!.
مامۆستا جه‌باری وای لێکداوه‌ته‌وه... ئێمه ده‌ڵێین:
واتای نیوه دێری دووه‌م به‌مجۆره‌یه: په‌ژاره‌و جه‌فا... خه‌فه‌ت- به میلله‌تی به‌سته‌زمان به‌ڕه‌وا مه‌بینه- ت)
(٥) چاره‌نووسی کورد له ئاسۆی سیاسه‌تکاری وڵاتان، تروسکه‌یه‌کی بچووکه له دووره‌وه ئه‌دره‌وشێته‌وه.
(-) له چاپی (م.ع)دا نووسراوه مقدارتی- که هه‌ڵه‌یه.
(٦) ماڵ و ژیان و سامانی به‌ر زوڵمی بێ ئامان که‌وتووه، له ژێر ده‌سته نه‌بوو ڕێگای سه‌رفرازی.
(٧) به‌م چه‌رخه ئه‌ڵێن چه‌رخی یه‌کسانی، به‌ڵام وڵاتانی وێران و خاپوور ئه‌م به‌یت و بالورانه ڕائه‌ماڵن و به‌درۆیان ئه‌خه‌نه‌وه.

نور هدایتکله اویاندیر شو ملتی
جهل تعصبي یقا اي دین مصطفا[٨]
اه أی زواللی ملتم ای کوردی بی خبر
أی غمگسار محنت قهر و شر و جفا[٩]
ییرت، ان ردای(-) سکنتی بار محنتی
ای کورد ایت شهامت و عزمکله ارتقا[١٠]
الله رضاسنه پێغه‌مبه‌ر عشقنه،
آرتیق، براق نفاق و شقاقی یتر(-) دها[١١]
هر ملتک طانندی بو گون حق غاصبی
سیلکین کوردک حقوقنی ایت سن ده ادعا[١٢]
طوغرول. صاریل سلاحه(*) عند اللزوم
ایتمک گرک سلاح إیله(**) تأیید مدعا[١٣]

---

(٨) ئه‌ی ئاینی موسته‌فا به‌هیممه‌ت و توانای خۆت ئه‌م میلله‌ته له خه‌و ڕاپه‌رێنه که هه‌میشه خۆت نه‌زانین و ڕێگای ناله‌بارت ته‌فروتونا کردووه.
(٩) ئه‌ی میلله‌تی بێ نه‌وام ئه‌ی کوردی بێ ئاگای نووستوو، ئه‌ی غه‌مخواری کۆستی شه‌ڕ و په‌ستی و جه‌فا.
(١٠) بێ دڕه، فڕێی بده به‌رگی سستی و خه‌واڵوویی و باری میحنه‌ت، ئه‌ی کورد به‌عه‌زم و شه‌هامه‌ته‌وه به‌ره‌و سه‌رکه‌وتن پێشکه‌وه.
(-) له چاپی (م.ع)دا نووسراوه (رادی) که هه‌ڵه‌ی چاپه.
(١١) له ڕێی خوا و خۆشه‌ویستی پێغه‌مبه‌ردا ئیتر به‌سیه‌تی، ده‌س هه‌ڵبگرن له خۆخۆری و دووبه‌ره‌کی و ڕقه‌به‌ریی ناوخۆ.
(-) له چاپی (م.ع)دا نووسراوه (تیر) که هه‌ڵه‌یه.
(١٢) ئه‌مڕۆ میلله‌تان زۆردارانی مافی خۆیان ناساند به‌جیهان، ده هه‌ڵسه تۆش داوای مافی گه‌لی کورد بکه.
(*) له چاپی (م.ع)دا نووسراوه (أسلافه) که هه‌ڵه‌ی چاپه.
(**) له چاپی (م.ع)دا نووسراوه (سلا ایله) که هه‌ڵه‌ی چاپه.
(١٣) بجوولێ، له کاتی پێویست چه‌ک هه‌ڵبگره داخوازییه‌کانت ئه‌بێ به‌هێزی چاک داوا بکه‌ی.

کورد بگلری بویوکلری[*] بالخاصه ضابطان
هپ برلشـــوب اتلمـــالی دورمق دها خطا[١٤]
کورد أرلرنده شمدی ده بیر قاچ صلاح الدین
البـــته چیـقـار شـو ملتـه بر اکـمل دها[١٥]
کـــورد أرتسی مـــؤید حـــاکم أمـــرانن
عـــزمنده روح أعظم ایوب پیـــشـــوا[١٦]

(*) له چاپی (م.ع) نووسراوه (بویومکری) که هەڵەی چاپە.

(١٤) بەگەکان، گەورەکانی کورد، بەتایبەتی ئەفسەران، ئەبێ یەک بگرن و بەرەو پێشەوە بڕۆن، ئیتر وەستان و دەست لە ئەژنۆ گرتن تاوانە!!.

(١٥) لە نێوان کوردەکانی ئەمڕۆدا چەند (سەلاحەددین)ێکی باشتر لەم میللەتە هەڵ دەکەوێت.

(١٦) هەر لەسەر هەمان بیروباوەڕی گیانی پێشەوا (سەلاحەددین)ی ئەیوبی، نەوەکانی کوردی داهاتووش لایەنگیری و پشتگیری میر و سەرکردەکانی خۆیان ئەکەن....

کۆتایی (خاتیمە)

لە پاش سوپاسی خوای گەورە و یەزدانی پاک، شوکری بێ پایانم لەسەرە، کە بەیاریدەی ئەوەوە ئەم کۆمەڵە بێژەم پێکهێنا و کردمە دیوانێ. ئەم دیوانەش چونکە بەلاوان و مێشک ڕوونانی گەلی کورد وریایی ئەدات و پێیانخۆشە بۆ پاشەڕۆژ و دوای مردنم بەشێکی گەورەیە، خۆم زۆر بەبەختیار ئەزانم لێم دیاری بووە، کە خوا توانای پێکهێنانی ئەم هیوایەی پێم بەخشیوە بەهەشتیم.

دیارە گیاندار هەر ئەمرێ، ئەو کەسەی لە پاش خۆی چشتێ جێ بێڵێ، کەسەبەبی کۆرەوە نەبوونی ناوی بێ بەمردوو ناناسرێ و هەر زیندووە و ژیانێکی بێ پایانی هەیە، وەلێ ئەم ژیانە دوو جۆرە، ژیانێکی بەهەشتی و ژیانێکی دۆزەخییە، ئەگەر ئەو جێ هێشتووەی لەسەر زەرەری گەلی بێ، دیارە چاکی بۆ نابێژرێت لە خراپە زیاتر، چ خراپەیێکی دەرحەق ببێژن ئەو گیانەی ئەیبینێت و پێی تەنگاو ئەبێ هەموو دەمێ لە عەزاب ئەبێ هەتا ڕۆژی (دوا هەڵست – مەحشەر) ئەوسا ئەو گیانە بەجێی خۆی ئەسپێررێ، یان ئەگەر ئەو جێ هێشتووەی لەسەر خێر و چاکەی گەلی بێ چاکی دەرحەق ئەبێژرێ و ناوی بەخێر یاد ئەکرێ، ئەوسا ئەو گیانە، ئەو گفتە چاکانە بەواسیتەی سائیلی داگیری جیهانەوە دەبیێ؛ بەڵکو گەلێ جار خۆی لەو کۆمەڵانە ئامادە ئەبێ، هەر چەن باسی چاکەی خۆی ببیێ پێی خۆش ئەبێ و گەش ئەبێ و کەیفدار ئەبێ، دیارە ئەو گیانە بەهەشتییە لە ڕۆژی دوا هەڵست بەبەهەشت ئەسپێررێ، ئەگەر لە لای گەلان و کەسانی بەدخواهانەوە بەدی دەرحەق ببێژرێ تەنگاو نابێت و گەش ئەبێ، وەکو لە دنیا ئەبینین ئەو کەسانەی، کە بۆ حەق ئەکۆشن لە ڕێی ئەو هیوا حەقە هەر چییێکیان بەسەر بێ هەر پێیان خۆشە، هەتا دەشکوژرێن هەر پێیان

خۆشە، لە چاخی خنکانا لە ویستنی حەق و بەشی میللەتیان سکوت ناکەن، کەسێ تەرجەمەی شوهەدای میللەتی کوردی (شیمال) بدینێ تێدەگا، منیش بۆ ئەوەی لەشی خۆم لە دۆزەخ ئازاد بکەم، خۆم بکەمە بەهەشتی، ئەم کۆمەڵە بێژەم پێکهێنا، ئینجا نۆرەی پێکهێنانی ڕووچوو (قامووس)ی کوردییە، یاریدەم لە خوا دەوێ.

ئەسیری

پێڕستی دیوانی ئەسیری

وتەیەکی پێویست 5
پێشەکی د. کوردستان موکریانی 9
ئەسیری. قالەی خوشکەزای 29
وریایی . (زووپیر) 31

أ

١- زانیاریی ئاشکار و چشتی پەنهانی خودا 33
٢- گەر بزانی تەرجەمەی حاڵی موحەممەد مستەفا 34
٣- دەردی دڵم وەک ئەربەبا ، زیرەم کە دێتە گوێت بەبا 38
٤- پیرۆز بێ جەژنی تۆ ئەی کوردی گوردی باوەفا 40
٥- گوڵی نازە لە گوڵزاری بەهارا 41
٦- پێنج دەستە گەل هۆشیار ئەکا ، پاتەخت و موڵک و شار ئەکا 42
٧- حیکمەتێکە عەشقی مەردوم ڕۆحی عاشق ژوور ئەکا 44
٨- لە ڕێگەی نەعشی پاکی شێخ موحەممەد سەییدی والا 45
٩- یا ڕەب چە موسیبەتێکە لە کوردانی ئێمە قەوما 46

ب

١٠- هاوارە پێغەمبەر بکە دەرمانی دەردی یا تەبیب 48

ت

١١- نەوڕەسیدەی باغی میللەت چاوەکەم گیانم فیدات 49
١٢- کاکە موشتاقی کەسێکم لەوە فەڕو بەرەکات 51
١٣- ئەی مودیری جازیبەی گۆیان و زەڕڕەی کائینات 53
١٤- بەگورجی بجووڵە لە کاری کەست 56

١٥- بۆچی ڕۆڵە تاڵ ئەکەی بەمژینی (تنباکۆ) دەمت 58
١٦- ئەی دڵی ناشادی من، تا کەی بێ، ئەندوە و غەمت 59
١٧- نەبوو ئەی پیاوی چاک چاخی نەمانت 62
١٨- کوردە وا فەتوا دراوە بۆ جەوازی کوشتنت 64
١٩- زۆر لە ژوور هۆشی خەڵکە زانینت 66
٢٠- ئەوروپا پشتی شکا میللەتی ئاسیا سەرکەوت 67
٢١- وتم بەگوڵشەنی وەتەن بەکێیە ئاوی ڕەنگ و ڕووت؟ 68
٢٢- کوردە تەکمیلە خیلقەتەکەت 69

د

٢٣- گوێ لە من کە بۆت بڵێم ئەی کوردی مەرد 71
٢٤- هۆ (مرۆ) واتێ مەگە بوویتە بڵند 89

ر

٢٥- ئەتەوێ مەعریفەت لە لاپەڕەی گۆڤار 94
٢٦- ئەی وەزیری بەعیلم و فەن هوشیار 95
٢٧- چبوو لێمان لە کاتێ کەوتیە دوور 96
٢٨- دڵ گڕی ئاگری ئێستا وەک تەنوور 97
٢٩- فەلسەفەی دینت وەکو شێخی غەزالی خستە دەر 99
٣٠- دین و شەرعی لە حەیاتا بوو بەخووی کەوتنە سەر 100
٣١- ڕوانیمە حەق پەرستی سیپارەکەی بەشیر 103

س

٣٢- بانگەوازێ بکە لە (ملتیادیس) 104

ش

٣٣- غیرەتی میللەت کەی ئەبێ بێتە جۆش 106

ل

٣٤- بوون بەسەرگەورە بەعیلمە نەک بەباڵاوو جەمال 107
٣٥- ڕوخساری قەشەنگت گوڵ و ڕەیحانەوو سومبول 109
٣٦- نووری چاوم کاکە فایەق ڕوحەکەم هیوایی گەل 111

م

٣٧- بەخاکی وڵاتم، گەلم، میللەتم 113
٣٨- دایم لە فیکر و زیکری خەیاڵاتی میللەتم 114
٣٩- دایم لە بیری وردی تێبینینی میللەتم 115
٤٠- مەژنەوە باسی (کەیومەرث) و کەیان و یەزدیجوردم 116
٤١- زۆری پێ ناچێ دێتە دی بیرم 98
٤٢- چاخێ ئەمنیش حاکمی مەجمووعی جیهان بووم 117
٤٣- پێوە بووم ئەمما چلۆنیش پێوە بووم 119
٤٤- لە گولزاری جوانان نەورەسێ بووم 120
٤٥- خوا دەیزانێ ڕۆڵە دەردەداری حاڵ و باڵی تۆم 121
٤٦- ئەی دۆتەیی شۆخی وەتەن، دڵخواهی ڕەنگ و ڕوویی تووم 122
٤٧- سەبر و ئارامم نەماوە، تەنگ و تاریکە دڵم 124
٤٨- چبکەم لە جیهان و خۆم نەزانم 125
٤٩- خوانی میوانی دیتبا حاتەم 127
٥٠- پێشوو و ئێستەم پەرێشانی بوو، ئاهو دەرد و غەم 129

ن

٥١- گەر هەرایێ بێ لە ناو کوردستان 130
٥٢- بەسیەتی مردم نەما ئارامی دڵ، تۆزێ وچان 132
٥٣- بەخێرچی خۆشەویستی کۆمەڵ و هیوای گەلی کوردان 133
٥٤- ئەی نەوڕەسی غونچەی ڕەز و باغی گەلی کوردان 134
٥٥- ڕۆژ و شەو ویستنم لە خوای یەزدان 135
٥٦- شەش برا هەن، شێرزاد و کوردەوەند و کوردەوان 137

٥٧- نیشتمانێکم هەیە دڵبەر و سەرپشکی جیهان 138
٥٨- کەسبی عیلم و مەعریفەت کە، سەرکەوە وەک میسرییان 139
٥٩- ژنانی کوردی ئێمە زۆر بەکارن 141
٦٠- کابرا مەڕوانە ماڵ و خانەیی ویرانی من 142
٦١- پڕ دڵم دەردە برا دەردێکی چۆن 145
٦٢- لەشم لە خاکتە، گیانم میوانتە وەتەن 147
٦٣- شەش مەردی نیشتمانی لە شەش گۆشەیی وەتەن 148
٦٤- ئێمەش ئەولادی ئادەمین بەشەرین (یەکەم دێڕی تەرجیع بەند)
ئەم غەم و دەرد و حەسرەتە تاکەی؟ (یەکەم دێڕ) 149
٦٥- ئەی نەوەی کورد، ڕۆڵەی شیرین 152
٦٦- ڕەش دەپۆشین، شیوەنە کوردین لە مانگی ماتەمین 154
٦٧- ئێمە کوردین سەروەرین ئارین لە دەستەی پەهلەوین 155

و

٦٨- دڵ لە دووریت تواوە بوو بەزووخاو 156
٦٩- ڕۆڵە کۆشش کە بجوولێ ڕۆژ و شەو 158

وو

٧٠- یەزدان لە ئەزەلدا هەبوو وەک خەزنەیێ گومبوو 159
٧١- خوا هەبوو لە کۆنا هەر هەبوو 160
٧٢- هەرکە بۆ ناو قەومی کورد هاتی بەمیوانی ئەتوو 162
٧٣- چوومە کوردستان لە چاخێ گەرمی و و سەرما نەبوو 163
٧٤- هەرچەنێ هیوام هەبوو یەک یەک لە دەستم گشتی چوو 169
٧٥- عەبدولڕەحمان بەگی تاپۆ دڵەکەم، گەرچی چوو 170

ۆ

٧٦- ڕۆڵە بڕوانە لە کردەی دوژمنی غەدداری تۆ 171
٧٧- بۆچی ڕەواجی نییە کوردە کاری تۆ 173
٧٨- کوردە دەزانی لە کوێ جێگرە خزمانی تۆ 174

٧٩- تێت دەنۆڕم نەخشەجێ یی ئەوروپا زانایی تۆ 176
٨٠- بەکوردی بوو زوانی ئادەمی باپیرە گەورەی تۆ 177

هـ

٨١- گوفتێکی وا دەڵێم کە بەکاری دین و دنیاتە 179
٨٢- خۆشەویستیی نیشتمانت باعیسی ئیمانتە 181
٨٣- حیکمەتی خوایە هەنێ کەس تووشی دەردی میللەتە 183
٨٤- ماڵت بدە لە ڕێگەی میللەتت هەتا هەتە 185
٨٥- گەڕۆکت بۆ نییە کانی خەڵووز و ئاسن لە ژێر پێتە 186
٨٦- ڕۆڵە بمری لەم ژیانەی ئێستە تیا هەی چاترە 188
٨٧- ڕۆڵەیی ساوەت لە بۆ مەکتەب بەرە 189
٨٨- مەڵێ ئەم ڕێگەیەی گرتوومە ئەترسم خەتەرە 191
٨٩- کوردە چ فایدەی هەیە ئەم خەنجەرە 192
٩٠- مردن ئێستاکە لە کوێی دەیسا وەرە 194
٩١- کەژی کوردستان پڕ پڕ لە فەڕە 195
٩٢- هۆگری و یەک دەسی بۆ بڵندی بەسە 197
٩٣- کوردی گوردی ئەگەر دڵت پاکە 199
٩٤- میللەتم گەورە وو کۆن و پاکە 200
٩٥- بەختت درەوشا وەکو ڕۆژ بوو بەعەیان سەوداکە 201
٩٦- ئومێدی گەورەیی پێشووت، بزانە بێ کەڵکە 203
٩٧- وەسییەت بێ ئەگەر مردم وەرە سەر گۆڕەکەم قالە 204
٩٨- ئەم بیست و پێنجی ئەیارە کوردە ماتەمە 206
٩٩- لە غەمت ڕۆڵە ئەوا ناخۆشیی بچکەم وەرەمە 207
١٠٠- مانی میللەت بەپارێزی زوانە 208
١٠١- خانەگاهی مونەووەرە، یانە 210
١٠٢- فەنن و زانینت ئەسەل بەرزبوونەوە و سەرکەوتنە 211
١٠٣- چونکە بەدبەختی بەشت ئەم دیوو ئەودیو کردنە 212
١٠٤- دەور و پشتی خانوو و، جێگەی هاوارم گوڵشەنە 213

١٠٥- قەلاتی کەرکووک لەجێی جەرمەنە 217
١٠٦- ئەم نیشتمانە گوڵشەنە شیرین و ڕەنگینە 220
١٠٧- میللییەت و وەتەنی ئەمڕۆ چاوەکەم باوە 221
١٠٨- لەو دەمەی هەر کە لات کردە ئەم لاوە 223
١٠٩- شاعیرێکمان لێ پەیا بوو تازە میللەت موژدەیە 224
١١٠- گەر ئەدیبی، ئارەزووی سەرکەوتنی کوردت هەیە 225
١١١- چەند پێم وت کوڕە وازبێنە لەم جلخوارییە؟ 227
١١٢- دڵ سەبووریت بۆ نییە، ئارام و وێستانت نییە 228
١١٣- مەیلی ژاپەم هەیە ئێرانە هەوای چاکی نییە 229
١١٤- تووشی دەردێکم لە هیچ دەرمانگە دەرمانی نییە 231

ی

١١٥- خەڵکی خۆرئاوا بزانی چی ئەزانن وڕ ئەبی 233
١١٦- ڕۆڵە مەربووتی خەلافەت بە، خەلیفەی عەرەبی 234
١١٧- بۆچی ئەمەندە سەرکز و شێواو و عاجز و سستی 236
١١٨- تا کەی لە دەردی وەتەن هەر لە حەسرەتی 237
١١٩- نەورۆزی چی، پیرۆزی چی 239
١٢٠- خەیاڵی گەورەیێکی سەربەخۆ هەرگیز مەکە، کوردی 240
١٢١- ئەی ڕۆڵە بزانە لە ڕەگی میللەتی ئاری 241
١٢٢- نەونەمامی نیشتمانم ڕۆڵەیی کوردی لوڕی 242
١٢٣- خزمانی ئەتۆ بۆتی بلێم کێنە لە ئاسی 243
١٢٤- مەلیکی ڕەحمەتی فەیسەل ئەزانی 244
١٢٥- سنە و سابلاغ و کرمانشاه و کەرکووک و سلێمانی 245
١٢٦- چبوو ڕۆییت ئەلەم چاخی جوانی 246
١٢٧- دوێ (فریشتە)ی شیعر وەحیی هانی 247
١٢٨- گەل کە پێویستی نەکا خۆی، کە نەپۆشێ وەتەنی 248
١٢٩- ئەتەوێ لاوی کورد ببینی 249
١٣٠- کەسی (دیدەختە) بەئاوات جێگەی ئەگۆڕێ لە زەوی 250

١٣١- گەر شەوەی جەهل و تەکەببوور بتگوشێ سەرناکەوی 253
١٣٢- نەخشەجێییێکی زەوی بێنە دە بنواڕە لەوی 255
١٣٣- ناوی پێغەمبەر برایم گەر وەبەر هۆشی بدەی 256
١٣٤- هۆ ساقیی شیرین ڕوخی کوردی دەوەرە دەی 257
١٣٥- دەرسی دیداری جەمالت حەل نەبوو بۆم موشکیلەی 258
١٣٦- پێت دەڵێم ڕۆڵە مەنۆشە جامی مەی 259
١٣٧- وا بجووڵێ وابزانن کوردە هەی 261
١٣٨- وەرە مردن، وەرە عزرائیل ئەمێستاکە لە کۆی 266

ێ

١٣٩- دەڵێ بەدبینە میللییەت لە دین جایز نییە و نابێ 261
١٤٠- ئەی گەلی کورد چەژنی ئەم نەورۆزەیە و پیرۆز بێ 262
١٤١- یاران دەڵێن هیوا دەبێ، پێیان دەڵێم: ئا ئا دەبێ 271
١٤٢- جەوهەرێکی گەر تیابێ کەللە چۆن ساکین دەبێ 272
١٤٣- ئەلەم ژووره (گەزۆ) هاوین ئەبارێ 273
١٤٤- چەن هەزارێکی ئەتۆ، ساڵی لە سەرما دەمرێ 275
١٤٥- چاوەکەم بۆ لاوی گەل تەئریخی بابانی بلێ 276
١٤٦- بێرە کوردستان عەزیزم، گەر تۆ سەیرانت دەوێ 278
١٤٧- ئەمە چشتێکە دیارە کە لە ئاسمان (کۆیێ) 280
١٤٨- عربي - مضى السنون فما وفوا بوعود أوصوني بها 280
١٤٩- تورکی- یوقدر جهاندە سینەمە عالمدە اشنا 282